




# بەیانی باش ژینا

## ژینانامە



نووسینی: برایم فەڕشی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ژن، ژیان، ئازادی: بەشی ١٠

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەیانی باش ژینا



(١)

ببوورە درانگ گەیشتم، وەک ملیۆن کوردی تر بەکار و ژیانی ڕۆژانەی خۆمەوە خەریک بووم، تۆ من و زۆرێک لە خەڵکی ئەم جیهانەت ڕاچڵەکاند و وەخەبەر هێنا و خەڵکی کوردستانت هێنایە سەر پێ.

دەمێک ساڵ بوو پرچی پەرێشانی کەنیشکە گوڵەکانی وڵاتی خۆم نەبینیبوو، دەمێک بوو سەمای دەسماڵم لە ئاسمان چاو پێنەکەوتبوو، دەمێک بوو کیژ و لاوی چاو کراوەی ئازادم لە سەر شەقام نەدیبوو، وەبیر خوشکانی کەعبی، شیرین و سەدان و هەزارانی تر کەوتمەوە. وەبیر زارای خۆت ئاسایی کە وەک کیژ و لاوی ئەمڕۆژانە لە سەر پێ بو.

ئەوان دوێنێ و ئەمڕۆ و تۆ ئەمڕۆ و سبەینێت لەیەک گرێ دا بۆ ئەوەی لە نیشتمانی ئازاددا، کیژانی وڵاتی ئێمە بە سەربەستی بژین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم سەدەیە، سەدەی ئێوەیە و لە ژێر سایەی بوونی ئێوەدا جیهان ڕەنگ و بۆی ژیان دەگرێ.

زوو وەرەوە نیشتمان چاوەڕێتە، هەموو دەیانەوێ چیرۆکی ئەم سەفەرە لە زمانی خۆتەوە ببیستن!

٢٠ - ٩ - ٢٠٢٢

---

(٢)



بڕیار بوو چەند ڕۆژ سەفەری باکوور و پێتەختی تەتەرەکان بکەی و بگەڕێیەوە و خۆت ئامادە کەی بۆ ڕۆژی لە دایکبوونت و چوون بۆ زانستگا، ئێستا ناوت لەو پەڕی دەریاکانەوە دەبیسترێ، ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەوڤیزیۆن و سەرجەم تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی ئەم گوندە، هەواڵەکانیان بە ناوی تۆ دەست پێدەکەن و درێژە دەدەن.

ئەو ورەیەی باوک و دایک و بنەماڵەکەت نیشانیان دا، ورەی خستۆتە بەر دایک و باوک و خوشک و برا لەم سەرزەوینە داگیر کراوە. ئەو ورەیەی تۆ نیشانت دا ئێستا ورەی خستۆتە بەر کچان و ژنان و لاوان و ئیتر ڕاناکەن، خۆیان داناپۆشن و خۆیان حەشار نادەن، ئەوان ڕادەوەستن و ئەوانە ڕاودەنێنن کە تۆ و بە ملیۆن کەنیشکی ئەو سەرزەوینەیان ئازار دەدا.

لە دەرەوەی ئەو سەرزەوینە داخراوە هاوتەمەنەکانی وەک خۆت و تەمەن خوار و ژوورتر هەست بە ژن بوون، ئازادبوون



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تێیاندا بەرزتر بۆتەوە و لە وڵاتانی دەوروبەر جموجۆڵ لە ئارادایە بە دژی دەستەڵاتی دینی دژ بە ژن و دژ بە ئازادی مرۆڤ.

لەم ڕۆژانەدا لە ناو ئەو سەرزەوینە داگیرکراوە، نووسەر، شاعیر، ئاکتۆر، شانۆگێڕ و وەرزشوان کە تا دوێنێ ( آستە برو، آستە بیا) دەهاتن و دەچوون، هێدی هێدی خەریکن هەڵدەگەڕێنەوە.

ژینا ئەو سەفەرەی تۆ دەستتپێکرد، پڕ لە چیرۆک و بەسەرهاتە، هەموو حەز دەکەن لە زمانی خۆتەوە بیبیستن.

هەر کات خۆت ویستت بگەڕێوە، سەفەری هیچکەس پڕبار نەبوو بێ، هی تۆ پڕبار بو!

بە هیوای دیدار

٢٢ - ٩ - ٢٠٢٢

---

(٣)



حەوت ڕۆژ لە سەفەری تۆ تێپەڕی، لەو ماوەدا کیژان و کوڕانی تەمەن ١٠ بۆ ٦٥ساڵ، بوونە هاوسەفەر! ئەوەی ئەو ڕۆژانە دەبیندرێ، تەنیا دەربڕینی هەستێکی پەنگخواردوی چەند دە ساڵە نییە، بۆ کورد هاواری چەند سەدە و هەزارەیە، هاواری یەک نەتەوە، کە بە هۆی دەربڕینی بێزاری تۆ بەرانبەر بە داگیرکەر، دیسان هەستاوەتە سەر پێ!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تۆ وێنەی ئەو ژنانەی کە لە سەدەی هەژدەوە هەتا ئەم سەردەمە، بەردەوامن بۆ وەرگرتنی ئازادی، کە مافی بنەڕەتی خۆیانە. زۆرن ئەوانەی مافی خۆیان ناناسن و هەموو ژیانیان لە خەیاڵی خۆیاندا دەژین، بە بێ ئەوەی ئازادبوو‌بێتن.
تۆ دەرسی بیرکردنەوەت بەم کەسانە بەخشی، بۆ ئەوەی پرسیار لە خۆیان بکەن، چۆن کەنیشکێکی بیست و دوو ساڵەی کورد، توانی ببێتە هۆی لەرزاندنی حکوومەتێکی دیکتاتۆر و خوودە و بیر فاشیست؟

بۆ وەرگرتنی وڵامی ئەم پرسیارە خەڵک تاک تاک و هەزار هەزار هاتنە سەر شەقام و هێندێکیان بوون بە پەیکەری ژیان و ژن و ئازادی! ئەوەی ئەمڕۆژانە دەبیندرێ دووبارە کردنەوەی فۆرم و ناوەرۆکی ڕۆژانی ڕێبەندانی ١٩٧٩ نییە، ڕۆژانێکی تازەیە دژ بە سیاسەت و ئیدئۆلۆژی ئەم سەردەمە.

هاوتەمەنەکانی تۆ دەرسێکی گەورەیان بەو کەسانە بەخشی کە دەیان ساڵە بە گەمەی سیاسی سەری خەڵک گەرم دەکەن. ئەم کەنیشک و کوڕانەی ئەم ڕۆژانە هاواری "ژن، ژیان، ئازادی"یان گەیاندۆتە دووردەستەکان، مناڵانی سەدەی بیست و یەکن، ئەوانەی کۆنەکانیان تێپەڕاندووە، ئەمە دیاردەیەکی نوێی جیهانە کە تایبەت بە منداڵان و لاوانی ئەم سەردەمەیە.

ژینا،

تۆ بووی بە سەر قافڵەی ئەم جیلە نوێیە، نەک بە تەنیا لە نیشتمانی خۆت و خۆم و ئێمە، لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە. سیمای شیرینی تۆ بۆتە سیمایەکی جیهانی!

پیرۆزت بێت ئەم سیما گەش و مرۆڤانەیە.

تۆ من وەبیر لەیلا بەدرخان دەخەیەوە کە لە سەدەی کارەساتدا، سەکۆکانی سەدەی بیستی ئورووپای بە سەما نەخشاند، تۆ شەقامەکانت کرد بە شوێنی سەمای "ژن، ژیان، ئازادی ."تۆ بووی بە ڕچەشکێنی ڕێگایەکی سەخت و قاقر!

پیرۆزە لە خۆت و ژیناکانی زێدی ڕۆژ و ڕەز و ئاگر و باقی جیهان

بە هیوای دیدار لە سەر سەکۆی ئازادی نیشتمان

٢٣ - ٩ - ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

(٤)




شەممەی پێشوو ١٧ - ٩ - ٢٠٢٢ بوو بە ڕۆژێکی مێژوویی. سەقز کۆنە شاری دێرینی وڵات، کە ڕۆژانی بێژماریی مێژوویی بە خۆیەوە بینییەوە و مەکۆی سەرهەڵدان بووە، من دەخاتەوە ڕۆژانی دوور. لە سەر تەپۆڵکەکەی ئەو بەری دوخانیات، تفەنگ بە دەست چاومان بڕیوەتە سەر پردەکە، کە نەکا تانکەکانی حکوومەت بێنە ناو شار، منی شانۆگێڕی ناشارەزا لە هەر کارێکی نیزامی، لە تەک دەیان پێشمەرگەی باشوور و ڕۆژهەڵات سەنگەرمان گرتووە.

٤٣ ساڵ دوای ئەمڕۆژانە، سەنگەری نوێی تۆ و بنەماڵەکەت و خەڵکی سەقز، کوردستان و ناچەکەی بەرەو سەرهەڵدان کێشا. ئەمڕۆ شەممە ٢٤ - ٩ - ٢٠٢٢ هەواڵی ئازاد بوونی ژیکەڵە شاری شنۆ بڵاو بۆوە. هەمووی ئەوانە دەڕژێتە حیسابی خانمێکی بەژن باڵای کوردستان بە ناوی ژینا.

زۆربەی سەرهەڵدانەکانی سەر گۆی زەویی، بە دەستی کەسانی وەک تۆ لێرە و لەوەێ دەستی پێکردووە، ئەمەیان بە ناوی تۆ و شاری سەقزەوە تۆمار دەکرێ، کە لە هەموو لایەنێکەوە، نوێ و تازەیە، تازەبوونەوەکەشی بە تازەبوونی ئێوە کەنیشکەکانی نیشتمانی ڕۆژ و ڕەز و ئاگرەوە گرێ دراوە.

ئێوە ڕابەرانی ئەم سەرهەڵدانە نوێیەی کوردستان و ناوچەکەن، ئێوە ڕێکخەری ئەم سەرهەڵدانە و ڕاپەڕینەکانی دواتر و سەرکەوتنی کۆتایین. بە هەموو ژیناکان کە ئەمڕۆ ناوی کچ و کوڕانی وڵاتە، بێژە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان لە هەموو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەشەکانی ئەم سەرهەڵدانەدا بگرنەوە، چاوەڕوانی دەستی ئاسمان و دەستی دەرەوە و دەستی لەرزۆکی ئەم وئەو نەبن. ئەم سەرهەڵدانە، ڕاپەرینی لاوانە و دەبێ جیلەکانی پێشتر بە شانازییەوە لە پشت سەری ئێوە ڕاوەستن. ئێوە کە ڕاوەستان و دەرسێکی مێژوویتان بە هەموو لایەک بەخشی.

ژینا،

لە سەقز کاتی پێشکەش کردنی شانۆنامەی "مانگرتن" چوومە سەر سەکۆ و داوای لێبووردنم لە بینەران کرد، کە ئەگەر کەم و کوڕی لە قسەکردنەکەمان بە زمانی کوردی هەبووە، بمانبوورن. کەسێکی بەساڵاچوو هەستایە سەر پێ و گوتی:" نە ئەزیزانم، ئێوە ئێمەتان زیندوو کردەوە، من دەیان ساڵە معەلمی ئەو شارەم و ناتوانم بە زمانی خۆم قسە بکەم، ئێوە زمانی شیرینی کوردیتان گەڕاندەوە بۆ ئێمە".

ژینا،

ئێوە ژیناکان، خەڵکتان زیندوو کردەوە، ئێوە ژنان و لاوان و منداڵان ڕابەرانی ئەم ڕاپەرینە مەزنەنن.
پیرۆزتان بێ و پیرۆز بن

شەممە ٢٤ - ٩ - ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(٥)



دوێنێ شەممە ٢٤ - ٩ - ٢٠٢٢ لە شاری کۆڵن و شوێنی تری ئاڵمان و ئوروووپا خۆپیشاندان کرا، لەم شارە کە پەنجا هەزار کوردی لێیە، لە سێ شوێن خۆپیشاندان هەبوو. بەشێک لە کورد بە جیا لە شوێنیک، بەشێکی تریان لە شوێنێکی تر، گرووپەکانی ئیرانی بە جیا لە شوێنێکی دوور لەوان. هەموو پێیانوابوو پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ناوخۆ دەکەن و سەرنجی خەڵکی ئاڵمان ڕادەکێشن و حکوومەتی ئاڵمان و حزب و دامودەزگای ڕاگەیاندن ئاگادار دەکەن، کە لە کوردستان و ئێران چ باسە.

بە بیستنی سروود و گۆرانی تایبەت و درووشم بە زمانی کوردی و فارسی، کەسێک بە هاوڕێکەی گوت:" وەدەزانم لە گۆڕپانی شارەکەی خۆمان ڕاوەستاوم".

لە ناو خۆپیشاندەران بە دەگمەن کەسی نەکورد دەبیندرا.

لە هەر سێ شوێن ئالای گرووپی دەبیندرا. تاک و تەرا پلاکارد بە زمانی ئاڵمانی و ئینگلیسی بەرچاو دەکەوت، بەڵام ژمارەی کامێرا و تەلەفوون دەستی کە وێنە و فیلمیان هەڵدەگرتەوە، بێژمار بوون.

کەسێکی ئاڵمانی لە پۆلیسێکی پرسی، لێرە چ باسە؟ پۆلیس وڵامی داوە" ئێرانییەکان خۆپیشاندان دەکەن".



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژینا

لە سەر شەقام و کوچە و کۆڵان و هەر شوێنی وڵات باس لە یەکبوون و یەکدەنگی و یەک هەڵوێستی دەکرێ، لە دەرەوەی سنوور شەڕە کۆنەکان درێژەی هەیە!

لە سەر خاکی نیشتمان، "ژن، ژیان، بەرخۆدان" هەیە. تێگەیشتن، ئەرک و بەرپرسیاربوون هەیە .
ئێوە لە سەدەی بیست و یەکدا دەژین و ئێمە لە سەدەی پێشوو،

سەدەی نوێ، ژیانی نوێ لە ئێوە پیرۆز بێ، یەکیەتی و پشت بەخۆبەستننتان لێ پیرۆز بێ.
بە هیوای دیدار لە مەیدانی هەڵۆ!

هەندەران ٢٥ - ٩ - ٢٠٢٢

---

(٦)




ئەمرۆ سێشەممە ٢٧ - ٩ - ٢٠٢٢ هەشتا ساڵ لە پەیامی" تۆماس مان" بۆ خەڵکی ئاڵمان و دەستەڵاتدارانی فاشیسم و چاردە ڕۆژ لە پەیامی تۆ بۆ دەستەڵاتدارانی دیکتاتۆری ئێران و خەڵکی جیهان تێدەپەڕێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تۆماس مان نووسەر و ڕۆماننوس و خاوەنی خەڵاتی نوبێل، لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ، چوو بۆ ستۆدیۆی ئێن بی سی NBC لە لوس ئانجلس، لەوێ پەیامەکەی لە سەر سەفحە(قەوان) تۆمار کرد، بە تەیارەی تایبەت بردیان بۆ نیۆیۆرک، لەوێڕا لە ڕێگای تەلەفون، ناردیان بۆ بی بی سی لە لەندەن و قسەکانی لە بەشی ئاڵمانی بڵاو کرایەوە.

تۆماس مان بە توندی هێرشی کردە سەر هیتلێر و فاشیستەکان و خەڵکی بۆ بەربەرەکانی هان دا. ئەو هەتا تێکشکانی فاشیسم ساڵی ١٩٤٥ لەم کارەدا بەردەوام مایەوە .کەم نەبوون ئەو نووسەرانەی سەرزەنشتیان دەکرد و دەیانگوت، "ئابڕو"ی ئاڵمان دەبات. ئەو "ئابڕوی" فاشیستەکانی دەبرد!

دەستکردنەوەی تۆ لە کاتی دەستبەسەربوون و بەربەرەکانیت لە تەک نوێنەرانی دیکتاتوری ئیسلامی ئێران، زۆر لە کارەکەی تۆماس مان دەچێ. تۆ ڕوخساری ڕاستەقینەی حکومەتی دینی و دامودەزگا و مۆرەکانیت خستە ڕوو، تۆ ڕووی دزێوی ئەوانت ئاشکرا کرد و بەوانەوە ڕووی ڕاستەقینەی کۆمەڵێک نووسەر و شاعیر و هونەرمەند و سیاسی و نوخبەی کوردت لە هەموو پارچەکان دەرخست، لە هەمان کات نووسەر و ڕۆشەنبیر و هونەرمەند و وەرزشوان و بیرمەند و نوخبەی نەتەوەی خۆت لە هەموو پارچەکان هێنایە سەر خەت.

ژینا،

ببوورە ئێمە کەسانی وەک تۆماس مان و برتۆلت برێشت و ... مان نییە، بەڵام وڵاتی ئێمە پڕیە لە ژینا!

زۆر لە بەناو نوخبەکانی وڵاتی ئێمە کە لە هەموو شوێن دەنگیان دەهات، ئێستا خەریکی حیساباتن، لە ژووره داخراوەکان لێکی دەدەنەوە، دەنگ هەڵبڕن یان ڕاوەستن؟ واز لە فستیواڵ و جەشنوارە و کۆنسێرت، بەرنامەی ئێرە و ئەوێ و دامودەزگای حکومەت بهێنن، یان هەتا دوا ئێستگە بمێنن؟

لە گەڵ خەڵک بکەون یان لە گەڵ حکومەت بمێننەوە؟ واز لە پۆست و مەقام بهێنن یان لە پۆست و مەقامدا بمێننەوە؟ ئەوە هەمان حاڵەتە کە نوێنەرانی مەجلسی ئێرانی محەممەد ڕەزاشا و نووسەر و هونەرمەند و پرۆفسۆرەکانی زانستگا و کەسانی ناو سیستەم ساڵی ١٩٧٩ هەیانبوو!

ئەوانەی لە گەڵ هیتلێر هەتا دوا هەناسە مانەوە و لە "دووڕییان" ڕێگای خەڵکیان هەڵنەبژارد، ناویان ڕزا و تۆماس مان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەڕایەوە نیشتمان.

تۆش ڕێگات بۆ ئازادی کردەوە. دەبێ لە پاڵ هەر پەیکەرێکی ئازادی پەیکەرێکی ژیناش هەبێ !
دەبێ لە سەر هەر "دووڕێ"یانێک پەیکەرێکی تۆ هەبێ!

سێشەممە ٢٧ - ٩ - ٢٠٢٢

---

(٧)




زیاتر لە هەشتسەد ملیۆن ژن و کەنیشک لە یەک ملیارد و شەشسەد ملیۆن کەس کە گرێدراوی ئایینێکی دەستکردی مرۆڤی چاردە سەدە لەمەوبەر بە ناوی ئیسلامن، ئازادی و چارەنووسیان کەوتۆتە ژێر دەستی هەمان مرۆڤی پیاو کە ئایینەکەی ساز کردووە.

لەشی مرۆڤ لە دوو ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا، هەتا سێزدە هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، پۆشتە نەبوو، ئێستاش مرۆڤە سەرەتاییەکان لە ناو سرووشتدا، سرووشتی دەژین و پۆششیان سرووشتییە و هیچ کەس بە دیتنی تاڵە قژ و بەژنی ڕووت، هێرش ناباتە سەر کەس. لە ناو ئەو مرۆڤانەدا تێگەیشتنێکی بالاتر و مرۆڤانەتر لە تێگەیشتنی مەلا و هۆجە و ئاخوند هەیە!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دین کە دەستکردی پیاو بوو، داپۆشینی بەژنی ژنیان کرد بە ئامانج و گرێیاندا بە ویستی خودای نەبوو و لەم ڕێگایەوە بناخەی بە کۆیلەکردنی ژنیان بە دەستی پیاو لە هەموو لایەنێکەوە داڕشت.

هەرچەند فورسایی فەرهەنگ لە زۆر شوێنی جیهان لەوانە لە ناو کورد زاڵ بوو بە سەر ئاییندا و ئایین نەیتوانی ڕەنگاوڕەنگی جلوبەرگی ژنان و هەروەها ئازادی ئەوان لە ناو کۆمەڵگا و کار و ژیان بەربەست بکات، بەڵام حکومەتی ئیسلامی شیعەی سەفەوی لە ئێران، توانی جلوبەرگی ڕەنگمردووی خۆی لە ڕێگای زۆر و هەڵخڵەتاندن و کڕینی کەسانەوە(ژن و پیاو) داسەپێنێ و بیکاتە ئامرازێک بۆ چەوسانەوەی ژن.

ئەوەی چۆن مرۆڤی کورد(ژن و پیاو) فەرهەنگی چەند هەزار ساڵەی خۆی لە حاند ویستی قرژی ئەوانەدا دۆڕاند، بابەتێکە بۆ لێکۆڵینەوە.

ئەوەی ژینا، ڕازی تێکشکانی تەلیسمی دین دەدۆزێتەوە و ئازادی ژن کە گرێدراوی ئازادی مرۆڤە بەگشتی، دەکاتە بانگەوازی خۆی و ملیۆنان مرۆڤ، لە کردنەوەی ڕازی بە باکردنی تەلیسمی "دێو"ەکان دەچێ.

ژینا

تۆ بووی بە هێمای "دێو"بەزین و هێمای ئازادی

٢٨ - ٩ - ٢٠٢٢

** وێنە: ژنانی ئورووپا سەدەی ناوەڕاست.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

(٨)




دوێنێ لە کاتی نامەنووسین بۆ تۆ، هەواڵی بۆمبارانی فێرگە و شوێنی ژیانی پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان لە لایەن فڕۆکەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێرانەوە بڵاوکرایەوە، هێزی نووسین و بیرکردنەوەم وەستا.

بیرکردنەوە لەوەی چۆن دیکتاتۆرەکان لە دواساتەکانی ژیان هار دەبن، چۆن پێ لە ژێر هەموو بایخەکانی کە مرۆڤی پێدەناسرێتەوە، دەنێنن. ئەوان ژنی دوو گیانیان کوشتووە، فێرگەی منداڵ و شوێنی ژیانیان، بۆمباران کردووە.

لەوە دەچێ ژیناکان لە کوچە و کۆڵان و شەقامی شار، تەنگیان پێ هەڵچنیبن و دەرماندە و ماندوو بۆ نیشاندانی وڕەی نەبوویان، ڕوویان لە باشووری وڵات کردبێ، بۆ ئەوەی ژاری خۆیان لەوێ بڕێژن.

سەیر نییە چەند ڕۆژی تر هێندە هار بن هەم بکەونە گیانی یەکتر و هەم بە تانک و تۆپ و تەیارە بکەونە ناو شارەکان و هەر ئەو مێژووە دووبارە کەنەوە کە سەلەفی پێش ئەوان محەممەد ڕەزاشا و قەجەرەکان تاقیان کردەوە و سەریان تێدا چوو، هەر وەک چۆن چاوشسکۆ، سەدام و قەزافی هەمان ڕێگایان بڕی.

ئەوەی وەک پرسیار دەمێنێتەوە، ئەوەیە کە چۆن بەشێک لە کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵات گرێدراوی ئەو سیستەمە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ماونەتەوە؟ ئەوان لە خۆیان پرسیار ناکەن، کە چەندە مرۆڤ و مرۆڤ ماونەتەوە؟ ئایا دەتوانن شەوانە ڕاحەت سەر بنێننە سەر سەنیر؟ ئایا دەتوانن منداڵەکانیان لە ئامێز بگرن و خۆشەویستی بنوێنن؟!

ڕاپەڕینی خەڵک بە بەردەوامی لە ژێر ئاڵای ژینادا سەردەکەوێ و مێژوو جارێکی دی دەرسێکی تازە دەداتە دیکتاتۆر و کەسەکانی.

ئەوەی بۆ کورد گرنگە یەکگرتوویی نەتەوەیی، سیاسی، بوون بەرنامە، ستراتیژی، دیپلۆماسی و بە ڕێکخراوەییکردنی خەباتە.

دەبێ پێشڕەوی ئەم سەرهەڵدانە ژنان و لاوان بن و جیهانێکی نوێ بۆ کورد و کوردستان بونیات بنێنن و تووشی لەرزۆکی سیاسی جیلی بەر لە خۆیان نەبن، کە ئێستاش لەرزۆکانە دەجولێنەوە!

ژینا

درانگ یا زوو ئێوە سەردەکەون.

٢٩ - ٩ - ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

(٩)




ئەمڕۆژانە دەریدەخەن کورد لە خۆڕێکخستن، یەک دەنگ و یەک بەرنامە و یەک هەڵوێست و یەک ئامانج و ستراتیژی بوون، کەم تەرخەم بووە و هەڵەی گەورەی کردووە و خەباتەکەی پچڕپچڕ و گرێدراوی پێشات و ڕووداوەکان هێشتۆتەوە.

نە تەنیا هێزەکانی سیاسی ناو خۆ و دەرەوە، تاک تاکی مرۆڤی کورد و لە پێشیانەوە نوخبە و لێزان و شارەزا و پسپۆڕ لە هەر پلەو پایەیەکدا، کەم تەرخەم بوون. ئەمرۆژانە دەبوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان ڕێکخراوی سەرانسەریی مەدەنی، هونەری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، زانستی، پیشەیی، بابەتیانە، ژنان، لاوان، منداڵان و پارێزگاریی لە ژینگەمان هەبایە.

ئێمەی کورد هەرچی هەمانە کۆڕوکۆمەڵی شار و شاروچکەکانە، بە بێ ئەوەی هاوکاریی بەردەوام و هەمیشەییان لە گەڵ یەکتردا بووبێ. ئەوانەش کە کاتی خۆی لە پارلەمانی ئێران بە ناوی نوێنەر دەنگ بوون و ئەوانی تر کە چەشنێک ڕێکخراوی سیاسییان پێکهێنا، لە سنووری دیاکریکراوی ئیداری حکومەت دەرنەچوون و هێزی سەرجەم خەڵک بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافانەی کە لە ناو قانوونی حکومەتەکەشدا هاتووە، بە شێوەی بەردەوام بەکار نەهێندرا.

حکومەتی ئیسلامی خەڵکی کوردی وەک تاک تاک، گوند و گوند و شار وشار دەویست و لەم ڕێگایەشدا سەرکەوتوو بو. ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕووداوانەی کە جاربەجار لە بەشێک لە کوردستان بوون بە هۆی مانگرتن و خۆپیشاندان لە بازنەی شار و ناوچە دەرباز نەبوون، هەر وەک چۆن سەرجەم کاروتێکۆشانی هونەریی، فەرهەنگی، ژینگە و هتد لە بازنەی شار و ناوچە نەترازان.

حکومەتی ئیسلامی زۆر بە باشی لەم تایبەتمەندییەی کورد کە شار و گوند و ناوچەگەرا و ناوچە خۆشەویست و زمان و دابونەریت و دین و ئایین و مەزهەبپەرەستن، بە باشی کەڵکی وەرگرتووە و ئێمەی کوردیش لە شار و گوند و ناوچە لەم بازنەیەدا سووڕاوینەتەوە.

گرووپەکانی سیاسی کورد هەر ئێستاش ناوچەگەرا ماونەتەوە، چ لە بازنەی باشوور، باکوور، ڕۆژهەلات، ڕۆژئاوادا، چ لە بازنەی هەرکام لە چوار بەشی کوردستان. هەموو ئەوانەش گرێدەدرێتەوە بە چوار وڵاتی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان کە چوار زیندانی گەورەیان لە ژێر چەتری ئەواندا بۆ کورد ساز کردووە.

ژینا،

دەرفەتێکی هێنایە پێش، کە مرۆڤی کورد و لایەنەکانی سیاسی وەخەبەر بێن، بەڵام هێشتا هەنگاوی گرنگ لە هەموو ئەو بەستێنانەدا چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە نابیندرێ.

ئێستا باشترین دەرفەت بۆ سەرجەم کۆڕ و کۆمەڵ و تاکەکان هاتۆتە پێش کە بەرەو پێکهێنانی دامودەزگای کوردستانی لە ئاستی ڕۆژهەلات لە هەموو بەستێنێکدا بچن. تەنیا نەتەوەیەکی ڕێکخراو و هێزی یەکگرتوو، دەتوانێ ماشێنی حکومەت لە کار بخات، ئەوە تاقیکردنەوەی هەموو نەتەوەکانی سەرکەوتوو بووە.

ئێمە بەردەوام لە هیواکاندا خۆمان دەبینینەوە، ئێستا کاتی ئەوەیە بەرنامە، ڕێکخراو، سیستەم جێگای فانتێزی و خەیاڵ بگرێتەوە.

هەینی ٣٠ - ٩ - ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(١٠)




کوشتنی ٥٨ کەس بە وتەی (ڕادیۆ ئاڵمان Deutsche welle) لە کاتی نوێژی هەینی لە زاهدان، قەتڵوعامی قاڕنا و قەڵاتان و حوسێن مامە و تورکمەن سەحرا لە ساڵی ١٩٧٩ وەبیر دەهێنێتەوە.

حکومەتی ئیسلامی، خۆی بە حکومەتی هەموو جیهان و جێگرەوەی "شەرق و غەرب" دەزانی، ئەوان ٤٣ ساڵە لە ڕیزی پێشەوەی جنایەتکارانی حکومڕانی جیهاندان. ئەوان سەرتۆپی حوکمڕانانی گەندەڵی ئەم جیهانەن، کە بە ناوی ئیسلام و ئێران دەکوژن و وێران دەکەن.

سەردەستەی جنایەتکاران لە ڕێکخراوی دەوڵەتە یەکگرتووەکان، باس لە ئینسان و ئازادی و دیموکراسی بە سەبکی حکومەتی ئیسلامی دەکات و ڕابەرانی جیهان گوێی بۆڕادەگرن و وێنەی لە گەڵ دەگرن و مێدیای جەهان قسەکانی ڕادەگوێزێ، لەو کاتەدا کە ئەوان لە شەقام خەڵک تیرباران دەکەن.

تاجرانی دین لە تەک باقی تاجرەکانی جیهان لە ڕێکخراوێکدا کە ناوی نەتەوەکانی بەخۆیەوە هەڵواسیوە، بە باشی یەکتریان دژی نەتەوەکان گرتۆتەوە.

پەیرەوانی "حکومەتی ئەڵا" بە وتەی خۆیان، پێیانوایوو لە ڕێگای تاجری دینەوە دەنێردرێنە شوێنێک بە ناوی جەننەت و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەوێ لە باوەشی حۆری ڕووت و جۆگەلەی شەڕابدا خۆیان دەبیننەوە .ئەوە هەمان بازرگانییە کە قەشەکانی عیسایی لە سەدەی ناوەڕاست دەیانکرد. ئەوان لە کۆڵان و شەقام "جەننەت – بەهەشت"یان بە خەڵک دەفرۆشت و قەبزی وەرگرتنی پارەیان دەدانێ.

موسافرانی جەننەت لە ئێران بە کوشتنی کافران کلیلی دەرگای جەننەتیان وەردەگرت. حکوومەتی ئیسلامی ئێران لە پێشدا لە شارەکانی پاوە و کرماشان و سنە و سەقز، دەستیان بە کوشتنی بە وتەی خۆیان" کافر و مورتەدان" کرد، ئەمڕۆ منداڵ و نەوەی ئەو بکوژانە هاواری مەرگ بۆ حکومەتی ئیسلامی بەرز دەکەنەوە.

تاجرانی دین، ئێستا لە گەڵ منداڵ و نەوەکانی ئەو کەسانە ڕووبەڕوون کە بڕیار بوو ببن بە خاوەنی ماڵ و کار و نەوت و ئاوی بەلاش. بەر لەوەی ئەوان بە سەر ئەو وڵاتەدا زاڵ بن، یەک دۆلاری ئەمریکایی ٣٥ قران بوو، ئێستا باڵای چل هەزار تمەنە. ئێستا ملیۆن تمەنی حکومەتی ئیسلامیش بایخی نییە، چ بگا بە قران کە دووانی یەک نانی دەکرد.

تاجرانی دین سروشت، ژینگە، ئابووری، سەنعەت، ژێرخان و سەرخانی وڵاتیان وێران کرد و سەرمایەی ئەو سەرزەوینەیان هەڵلوشی و خەڵکیان گەیاندە ئەو شوێنەی لە گۆڕەکاندا شەو بگەیینە ڕۆژ.

بۆ ئەوەی ئیسلام و ڕێوشوێنی ئیسلام لە جیهان داسەپێنن، ڕێگای سەدری ئیسلامیان گرتە بەر، شەڕ و کوشتن. لە ماوەی ٤٣ ساڵدا لە هیچ شوێنێکی جیهان نەبوونە مایە ئاشتی و هێمنی! لە هیچ شوێنێکی جیهان، نەبوونە مایەی ژیان، چوونە هەر شوێنێک مەرگیان لە گەڵ خۆیان برد. لە هیچ شوێنێکی جیهان نەبوونە مایەی ئازادی. هەر بۆیە نەک لە وڵاتەکەی خۆیان لە جیهان هاوار دەکرێ " ژن، ژیان، ئازادی."

لوبنان بە پاریسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناودەبردرا، کابول، بەغدا، دمێشق شاری توریستی بوون و ڕەنگدانەوەی فەرهەنگە کۆنەکانی هەزارەکانی پێشوو .لە سایەی سەری حکومەتی ئیسلامی ئێرانەوە، بوونەتە شوێنی شەڕ و نائارامی.

ژنی موسڵمان بە پێی باوەڕی خۆیان بەر لە هاتنی حکومەتی مەلا، حورمەتیان هەبوو، ئەمڕۆ مەلا لە حەرەمی ئیمام ڕەزای مەشهەد، قوم، نەجەف و کەربەلا بە پێی بەڵگەکانی خۆیان، بە پێی مەزهەبەکەیان نامرۆڤانە بە "ئیجارە"یان دەدەن.

حکومەتی ئیسلامی ئێران، هەڵەیەکی مێژوویی جیهان بوو، گواستنەوەی حکومەتی سەدەکانی ناوەڕاست بوو بۆ سەدەی بیست



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و بیست و یەک. کیژۆڵەیەکی شیرین و تێگەیشتووی کورد ئەم سیستەمەی ناسیبوو، هەر بۆیە نەچووە ژێر ئەمر و نەهی ئەوانەوە و بوو بە هۆی ڕاپەڕینێکی ئینسانی کە سنوورەکانی بەزاندووە.

دەبا پەیرەوانی کوردی ئەم ڕژیمە هەتا لێیان درانگ نەبووە، منداڵەکانیان و خۆیان لەو جەغزە ڕزگار کەن.

ژینا،

تۆ بوویە هۆی دەستپێکی هەرەسی بیر و تێگەیشتنێک کە هی ئەو سەردەمە نەبو. ژیناکان بە پانتای جیهان وەک تۆ دەدروشێننەوە. ئێستا دەنگی کیژان لە بەلوچستانەوە دێتە گوێ!

١ - ١٠ - ٢٠٢٢

---

**(١١)**




ڕۆژی شەممە لە ١٥٠ شاری جیهان، دژی حکومەتی ئیسلامی ئێران خۆپیشاندان کرا. بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەی (کۆڵنەر ڕوندشاو Kölner Rundschau) هەزار کەس لە شاری کۆڵن بەشداری خۆپیشاندن بوون. لە ناو خۆپیشاندەران ئاڵای



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان، حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شاپەرەستەکان، حزبی کۆمۆنیستی حیکمەت و کۆمەڵێک ئـاڵای دیکە بەرچـاو دەکەوت.

بە پێی ئامار ٥٥ هەزار، کورد(٤٥هەزار (و ئێرانی(١٠هەزار (لەم شارە دەژین. واتە لە هەر ٥٥ کەس، یەک نەفەر ئامادەی خۆپیشـاندان بـو. زۆر جـار کـورد لەو شـارە خۆپیشـاندانی پەنجا هەتـا حەفتـا هەزار کەسـی وەڕێ خسـتووە . تەنیـا بۆ سەمفۆنیای هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ دوازدە هەزار کەس لە هۆڵی پێشانگاکانی کۆڵن کۆبوونەوە. کورد لە ئورووپـا هێـزە و ئەگەر بخوازێ، دەتوانێ بە بێ تورک و ئێرانی و عەرەب خۆپیشاندانی چەند سەدهەزار کەسی وەڕێبخات. هەر ئەمڕۆ ڕۆژی یەکی ئۆکتۆبەر لە شوێنێکی تری ئەم شارە کوردی باکوور هەزاران کەسیان بۆ خۆپیشاندانی هاوشێوە کۆکردەوە.

خۆپیشاندانی ڕۆژی شەممە یەکی ئۆکتۆبەر, نیشاندەری یەکیەتی کورد و ئێرانییەکان نەبوو، ئاشکرا کردنی دابڕان و دووری و جیاوازی قووڵی هەمە لایەنەی چەند هەزار ساڵەی نێوان کورد و فارس بو. فارسەکان بە ئاشکرا دژی ئـاڵای کوردستان و ئاڵای حزبەکانی کورد و ئەوانی تـر وەسـتان .ئەوان دژایەتـی خۆیـان بەرانبەر بە گوتن بە زمـانی کـوردی و زمانەکـانی تـر نەشاردەوە. ئەوان لە کاتی گوتن بە زمانەکانی تر دەستیان دەکرد بە گوتنەوەی دروشمی خۆیان بە دەنگی بەرز. ئەوەشیان نەدەشاردەوە لە ڕێگای بڵیندگۆوە داوا بکەن، تەنیا بە فارسی و ئاڵمانی قسە بکرێ.

لە کـاتی چڕینـی سروود بە زمـانی کـوردی و لـوڕی دروشمی خۆیـان گـوتەوە. چەنـد کەسێک لەوان بە نـاو خۆپیشـاندەراندا دەسـووڕانەوە و دەوری فەلانـژی شاپەرەسـتەکانیان دەگێـڕا و هاواریـان دەکـرد "یەک ئـاڵا، یەک زمـان، یەک میـللەت، یەک وڵات". ئەمە هەمـان دروشـمی ڕەسمی "محەمـەد عەلـی فرووغـی" سـەرۆک وەزیرانـی ڕەزاشـا بـو. ئەم دروشـمانە و سـەرجەم دروشمەکان پەیامی ئەمڕۆ و سبەی ڕۆژێی ئەوان بوو، بۆ کورد و نەتەوەکانی نە فارس و هێزەکانی سیاسی.

خۆپیشـاندان لە دەرەوەی وڵات ئەو کـاتە گرنـگ و بە سـوودە کە بتـوانێ خەڵکـی ئەو وڵاتـانە، مێـدیا و حکـوومەت و حزبەکانیـان بێنێـتە سەر خەت و بەشدار بن لە خۆپیشـاندان و ببنە پشـتیوان و ببـنە فشاری سیاسی لە سەر حکومەتی تاران.

هەرچەنـد کۆمەڵێـک ئاڵمـانی بەشـدار بـوون، بەڵام ئەوان نە تەنیـا بە زمـانەکەی خۆیـان زانیـاری پێویسـتان وەر نەگـرت، بەڵکـو هێنـدێکیان زووتـر شوێنەکەیان چۆڵ کرد. لە کـاتی کۆتـایی خۆپیشـاندانەکە کەسێکی فـارس بە ژنەکەی گـوت" لە ژیانمدا خۆپیشاندانی ئاوا ترسناکم نەبینیبوو"



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە وڵاتی ژینا،

خۆپیشاندان، مانگرتن و ڕاپەڕین، دوورە لە دەست تیۆردانی حزب و دەستە و گرووپی ئێرانی. دروشمی " یەک ئاڵا، یەک نەتەوە، یەک وڵات" بە مانای تێگەیشتنی فرووغی - شاهی- ئیسلامی - ئێرانی لە کوردستان بەرز ناکرێتەوە. دروشمی "از کردستان تا تهران جانم فدای ایران" دروشمی خەڵکی کورد و نەتەوەکانی تری ژێر دەستە نییە.

کوردستان ئەگەر بۆ فارسەکان(چشم و چراغ) بایە ، وەک باقی شوێنەکان ئاوەدان دەکراوە، لاوان ڕەوانەی بەندیخانە و سەر دار نەدەکران، خاوەن خوێندنی باڵا نەدەبوونە کۆڵبەر و هەر ڕۆژ دەستڕێژیان لێنەدەکرا، کەنیشکی کورد بە درێژایی ٤٣ ساڵ تیرباران نەدەکرا و لە سەر دەرکەوتنی تاڵە قژ زەجرکوژ نەدەکرا!

کورد لە جیاتی ئەوەی سەر لەنوێ حکومەتێکی تری وەک پەهلەوی و ئیسلامی لە ژێر ناویکی دیکەدا بژێنێتەوە و هەڵەی باشوور دووبارە کاتەوە، دەبێ ناوماڵی خۆی ڕێکبخات و ماڵی خۆی ئاوەدان بکاتەوە، بە جێگای ئەوەی کاتی لە گەڵ ئەوانە بە فیڕۆ بڕوات کە تەنیا سنە و دەوروبەری بە کوردستان دەزانن، بەرنامەی هاوبەش و ڕێکخستنی گشتی بکاتە ئامانج و مەبەست. لە جیاتی ئەوەی بە بەهانەی ناسیاسی بچێتە ژێر چەتری ئەوان، هەموو لایەنەکانی کورد لە ژێر یەک چەتردا کۆکاتەوە. لە ژیناوە فێر ببین، کە هەموو کوردی لە ژێر یەک ناودا کۆ کردەوە.

خۆپیشاندانی ڕۆژی شەممەی کۆڵن دەکرا، هەزاران کەسی تێدا بەشدار بکرێ، هاوکاری لە تەک هێزەکانی کوردی باکوور و باشوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، دەیتوانی خۆپیشاندانی شاری کۆڵن بکاتە خۆپیشاندانێکی مێژوویی و سەرجەم مێدیا و حکومەت و حزبەکان و خەڵکی ئاڵمان و کەسانی ناوبەدەرەوەی بواری فەرهەنگی، هونەری ، نووسەر و نوخبەکانی ئەم وڵاتە بێنێتە سەر خەت و پشت میکرۆفۆن.

کورد لە دەرەوە خۆپیشاندان بۆ ئەوە ناکات خۆی دروشم بۆ خۆی بڵێتەوە، خۆی قسە بۆ خۆی بکات و خۆی گۆرانی و سروود بۆ خۆی بڵێت، خۆپیشاندان لە دەرەوەی وڵات بۆ زانیاری بەخشین، پشتگیرییکردنی خەڵک و وڵاتان و سیاسەتی ناونەتەوەیی، لە خەباتی ڕەوای کوردە. ئەم ئامانجە دەبێ ببێتە مەبەستی سەرەکی، نەک ڕازایکردنی ئەوانەی تێگەیشتنی هەزاران ساڵەیان بە خۆپیشاندان ناگۆڕدرێ.

ڕاپەڕینی شارەکانی کوردستان درێژەی هەمان (نا) ی گەورەیە کە بەهاری ١٩٧٩ بە حکومەتی ئیسلامی درا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کورد ئەمجارە نابێ فریوی سیاسەت و سیاسییەکانی فارس و ئێرانیچییەتی بخوات. هێزی سیاسی کورد، نابێ فریوی دروشمی" کردستان چشم و چراغ ایران" بخوات، کە تازەکردنەوەی "کوردهای غیور پاسدار مرزهای ایران"ە!

هاوکاری بە کەسایەتی سەربەخۆ، ویستی ڕوون و ئاشکراوە دەبێتە هاوکاری. ئەم دروشمانە "از کردستان تا تهران جانم فدای ایران" دروشمی کورد و ئەو نەتەوانە نییە کە زیادتر لە سەد ساڵە بە بێ ماف سەریان لە ڕێگای ئێراندا تێدا چووە. هاوکاری بە قەبووڵی مافی یەکسان دەکرێ، کورد و نەتەوەکانی تر قەومی ژێر نەتەوەی فارس نیین.

ژینا،

جێگات لە خۆپیشاندانی شاری مێدیا و فەرهەنگ و شاری قەراخ چۆمی ڕاین چۆڵ بوو، ئەو چۆمەی کە ٦٥ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ ، فرمێسکی سوێری "هەژار"ێکی تێدا ڕژا!

٢ و ٣ - ١٠ - ٢٠٢٢

* فرمێسکی هەژارێک، شیعری هەژار



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**(١٢)**




**لە ساڵی سفری سەدەی نوێ لە کوردستان لە دایک بووی، هەر وەک چۆن سێزدە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە ساڵی سفر، هەر لە زێدی تۆ شارستانیەت لە دایک بو.**

**فەرهەنگ، شێوەی ژیان، سروشت، جلوبەرگی ڕەنگاو ڕەنگ، تێکەڵاویی ژن و پیاو لە هەڵپەرکێ، کاری هاوبەشی ژن و پیاو لە مەزرا و شوێنی تر، زمانی پڕ لە نەخش و نیگار و هەست و دەربڕینی هەست، پێشینەی ژیانی کورد دەخاتە ڕوو، کە بۆتە هۆی دەرکەوتنی ژنی کورد!**

**دین و ئایین و مەزهەب لە کوردستان باڵایان نەگەیشتۆتە باڵای فەرهەنگ! بەیتەکانی مەم و زین, خەج وسیامەند, ناسروماڵ ماڵ, شێخ فەرخ وخاتون ئەستی, لاس و خەزاڵ. ژن و پیاو هاوبەش نیشان دەدەن، زۆر جار کەسی سەرەکی ناو بەیت و حەیران و ئەدەبیاتی چەند هەزار ساڵەی زارەکی، ژن بووە. ئەوەی ژن شان بەشانی پیاو لە بەرگری لە خاک و نیشتمان بەشدار بووە، کۆنترە لە مێژووی هەموو ئایینەکان، هەرچەند ئایین لێرە ولەوێ ژیان و سەربەستی ژنی کوردی تێکداوە.**

**دروشمی "ژن ژیان ئازادی" بە هەڵکەوت نییە و گرێدراوی زمانێکی کۆنی مرۆڤی سەرزەوییە .ژن و ژیان و ژیانەوە و ژینگە تەنیا لە زمانی کوردیدا ئاوا لە یەک نزیک و گرێدراون.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کورد بۆ ئەوەی زۆرتر خۆی و مێژوو و کۆمەڵگاکەی بناسێ، گەرەکە سەفەرێکی چەند هەزار ساڵە بەرەو ڕابووردوو بکات، بۆ ئەوەی بنەمای تێگەیشتنی خۆی لە ژیان و مرۆڤ و جیهان بدۆزێتەوە. دەبێ پرسیارەکانی ڕابووردوو لە خۆی بکاتەوە. بۆچی کورد شارستانیەتەکەی وەک ئەوانی تر لە ناو نەچوو؟ بۆچی ئایینە کۆنەکانی کورد لە حاند ئیسلام کە بە زەبر وزەنگ و کوشتن بڵاو کرایەوە لە ناو نەچوون؟ بۆچی هێماکانی کوردی نەگۆڕدران بە هێمای ئیسلامی و موسایی وعیسایی؟ بۆچی تەنیا کورد ساڵی ١٩٧٩ دەنگی بە حکوومەتی ئیسلامی نەدا؟ بۆچی ژینا بوو بە هێمای لەرزاندنی دزێوترین و قڕژترین حکومەتی هەموو سەدەکان لە ئێران؟

بۆچی لە ماوەی ٦ سەدەی ڕابووردوو، عوسمانلی و سەفەوی و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عەرەب و فارس و تورک نەیانتوانی، کورد بنەبڕ بکەن و تورک و فارس و عەرەبیان لێ ساز بکەن؟ بۆچی بە عارەب و فارس و تورک کراو، خۆیان لێ بووە بە پرسیار؟

ژینا، تەنیا کیژێکی بیست و دوو ساڵەی سەدەی بیست و یەک نییە، ڕەنگدانەوەی هەزارەکانە! کورد و ئەرمەن، جوو، ئاسۆریی نەتەوەکانی مێزۆپۆتامیا(ناوچۆمان) بەرەنگاریی لە سروشت فێر بوون. ژینا کیژی ناو سروشتی کوردستانە!

ژینا هەرچەند تاقانەش بێ، لە سەلاڵەی ژنانی کوردە، ئەوانەی لە جلوبەرگی ژنانە و پیاوانە دەچوونە شەڕی عەجەمان، ئەوانەی چوونە شەڕی "داعش"، ئەوانەی جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی خۆیان بە عەبای ڕەشی ڕەش نەگۆڕییەوە، ئەوانەی دەستیان لە ڕەشبەڵەک بەرنەدا، ئەوانەی دەستیان لە زمانی کوردی بەرنەدا. ژینا لە سەلاڵەی مارگریتا، شیرین و زارا و هەزارانی تره. مێژووی پڕ لە ئازار و کارەساتی کورد، دەبوو بگاتە ژینا بۆ ئەوەی جارێکی تر ورە بکەوێتە وە گیانی کورد، جارێکی تر دەنگی بگاتە جیهان.

کورد دوور لە هەر چەشنە خۆهەڵمساندن، خۆ بە سەرتر لە مرۆڤ و نەتەوەی تر زانیین، خۆ لە شوونیسم دا دیتنەوە، گەرەکە خۆی بناسێ و خۆی بناسێنێ .ژینا، شیرین، زارا، فەرزاد و سەدان و هەزاران کەنیشک و کوڕی کوردستان، ناسنامەی کوردبوون و هەن.

ژینا زیاتر لە کەنیشکێکە، ئەو چرای هەڵکراوە بۆ ئەوەی کورد، لە ژێر تیشکی دا خۆی ببینێتەوە. کورد دەتوانێ بگۆڕێ و ببێتە هۆی گۆڕان لە ناو سنووری خۆی و لە دەرەوەی سنوور. ئەو دەتوانێ نەک لە ماڵی خۆی لە هەر شوێن دەنگی هەبێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کورد دەتوانێ خۆی کوردستانی و جیهانی ببینێ. هێزی سیاسی کورد دەتوانێ خۆی کوردستانی و جیهانی ببینێ و واز لە گەمەی هەژارانەی بازنە و جەغزی ناو خۆی بهێنێ. نوخبەی کورد، هونەرمەند و کارساز و کارزانی کورد، فەرهەنگساز و نووسەری کورد ، دەتوانن کوردستانی و جیهانی بن، ژن و لاو و منداڵی کورد دەتوانن کوردستانی و جیهانی بن.

کورد دەتوانێ سێزدە هەزارەی لەوە پێشی خۆی لە تەک سەدەی بیست و یەک گرێ بدات. کورد دەبێ خۆی وەک ئاکتۆرێکی سیاسی ئەم جیهانە و کوردستان ببینێ. دەبوو لە ماوەی ئەم دوو هەفتەیەدا سەرجەم مێدیای جیهان لە ژێر کاریگەریی دەنگ و دیپلۆماسی هێزی سیاسی و مێدیایی مرۆڤی شارەزا و نوخبەی کورددا بایە.

یا دەبێ ئاکتۆری ڕیزی یەکەمی سیاسی بی، یا وەک چەرچی سیاسی گونداو گوند بە شوێن کوێخادا بگەڕێی.

کورد یان خۆی دیتە سەر ماسەی سیاسی، یان خۆی لە پشت ئێرانی و تورکیایی و عێراقی و سوریایی دەشارێتەوە و لە ڕاپەڕینێکی گەورەی کە بە دەستی ئەو سەری هەڵداوە، گووم و بێ ماف بمێنێ.

لە چەند ڕۆژی ڕابووردوو ڕۆژئاواییەکان و مێدیا، مۆری کوردیبوونی ئەم ڕاپەڕینە باس دەکەن، ئێستا کاتی دیپلۆماسی و کاری مێدیایی ناونەتەوەییە، نەک ئەوەی لە مێدیا داخراوەکانی خۆمان و ئێرانییەکاندا بسووڕێنەوە!

ژینا،

لە ژێر چرای تۆدا، بەشکم قووڵتر خۆمان ببینیننەوە و لە جەغزە خۆییەکان دەرباز بیین.

هەتا نامەیەکی تر

٤ - ١٠ - ٢٠٢٢

* وێنەکان لە ئینترنێت وەرگیراون



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(١٣)




بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کەسێک لە تەمەنی ٢٢ساڵیدا ببێ بە هێمای ئازادی .کۆنە خواکانی هێمای ئازادی، تەنیا لە خەیاڵی مرۆڤدا بوونیان هەبو. فەیلەسووفانی خوازیاری ئازادی بە تەنیا مانەوە، دەرمانخۆر کران و ملیان وەبەر گیوتین کەوت .ئایین بەند و داوی نوێی لە مێشکی مرۆڤ زیاد کرد. شۆڕشەکان هەموو مرۆڤیان ڕزگار نەکرد.

ژینا، مرۆڤی سەردەمی ئێمە ئازاد نییە، ئەو ئازادییەی خەونی پێوە دەبینی.

تۆ لە ناو چیرۆک و ئەفسانەوە نەهاتووی، ژینای ناو خەون و خەیاڵ نەبووی، پەیامبەر و فەیلەسووف و ڕابەری شۆڕشی سەردەمەکان نەبووی، تۆ کەنیشکێکی ئاسایی، کە خۆت و کەسایەتی خۆت ناسیوە و نرخی خۆت و ئازادیت دەزانی و نرخی ئازادیت بە ئازادی بەخشی و بۆیە بووی بە هێما !تۆ هەر ئەو کەنیشک و کوڕ و کەسانەی کە شەو و ڕۆژ لە سەر شەقام هاوار دەکەن "ژن، ژیان، ئازدی!"

ئەو مەشخەڵەی تۆ، ئێستا دڵی منداڵ و کەنیشک و کوڕ و پیر و لاوی ڕوون کردۆتەوە، تۆ قژی دیل و یەخسیرت پاش هەزاروچوارسەد و - ٤٣ ساڵ ڕزگار کرد، بۆنی عەتر لە ئاسمانی شاران بڵاو بۆتەوە. تۆ لە قژەوە بە ئازادی، ژیان و ژن گەیشتی. ئەمە هونەری تێگەیشتن و بیرو هزر و کردار بوو، کە ئێستا بۆتە هونەری ژنانە، لە سەقزەوە بۆنی ئازادی بۆ جیهان بڵاو بووە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سپاس ژینا!

ژنی موسلمان بە پانتای جیهان لە میدیا دەنگ هەڵدەبڕن و دەبێژن، "پرسیار لە مێشکماندا پێک هاتووە". دەپرسن "خۆمان دەبێ بڕیار لە سەر خۆمان بدین، یان ئایین و خودا و پیاو بڕیارمان بۆ دەدەن؟ "ئایا ئەوە گرفتی خودایە کە ژن چی بپۆشێ و چۆن خۆی داپۆشێ و چۆن خۆی دەرخات؟

بۆ دەبێ پیاو، ئایین و خودا دیاری بکەن کە ئازادی ژن چییە و چی نییە؟ ئەگەر کەنیشێک قژی دانەپۆشێ، دینەکە هەرەس دێنێ؟ خودای ئەو دینە بۆچی ئەو شەڕەی خستۆتە ناو "بەندەکانی خۆی"؟ نەدکرا بیری لە چەشنێکی تر لە ژن و پیاو کردبایەوە و شەڕی هەڵنەئایساندایە ؟ بۆچی خودای ئایینەکانی تر هەمان کێشەیان نەناوەتەوە؟ نەدەکرا خوداکان خۆیان لە دانیشتنێکدا، پێک هاتبان و قانوونێکی گشتیان بۆ ژن و پیاو دارشتبا!؟ دەیان پرسیاری لەو چەشنە لە زاری کیژۆڵانەوە دەبیسترێ.

ئەگەر ئەو پیاوانەی ژن و کچ و منداڵ لە سەر تاڵە قژ دەکوژن، ڕاسپاردەی خودان و بە ئەمری ئەو و لە بەر ڕەزای ئەو خوێن دەرێژن، بۆچی ئەم خودایە خۆی بەندەکانی خۆی کە بە دڵی ناکەن ناکوژێ؟

بۆچی لەشکرێک "تەیلەن ئەبابیل" نانێرێ بۆ قەراخ دەریاکان کە هەموو ڕووت دەخولێنەوە؟ ئایا خودایەکی لەو چەشنە کە تێگەیشتنی لە ئاستی مەلا و پاسدار و بەسیجی دایە، بۆ پەرستن دەبێ؟ ئایا خودایەکی لەو چەشنە کە حەز بە کوشتنی بەندەی خۆی دەکات، خودایەکی ساختە نییە؟ خودایەکی درۆیین نییە؟ ئەو کەسانەی خۆیان لە پشت ئەو خودایە دەشارنەوە، خۆیان خالقی ئەو خودایەن!

ژینا بە تەنیا دەنگی ئازادی بەرز نەکردەوە ، ئەو ڕووی ڕاستەقینەی ئایینی درۆیینی خستە ڕوو، هەمان ئایین کە بە ناوی "داعش، حزبولا، تالیبان، حشدالشعبی، ئەلقاعیدە، حکومەتی ئیسلامی ئێران، سەلەفی، بوکوحەرام، وەحدەتوئیسلام " حزب و گرووپ و حکومەت گۆی زەوییان کردۆتە مەیدانی ترۆر و کوشتن و وێرانی.

منداڵ و لاو و ژن و کەنیشک و ئەو کەسانەی دروشمی ژن ژیان ئازادی بەرز دەکەنەوە، لەشکری داماڵینی خێڵی مرۆڤکوژان و درۆیین خوداکانن. ئەمە سەدەی دەرکەوتنی وزە و هەست و تێگەیشتنی منداڵ و لاو و ژنانە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئایینەکـان کە بەردەبـارانکردن، سـووتاندن، خنکانـدن و زینـدەبەچاڵکردنی ژنانیـان لە مێژوویانـدا هەیە، لە سـەدەی پاشەکشەدا دەژیین، هەرچەند لێرەو و لەوێ دەرفەتی کوشتن و تروری ژنان پەیدا بکەن!

ژینا

دوێنێ لە کاتی نووسینی ئەم نامەدا هەواڵی ترۆری "ئاکار سەڵ" بڵاو بووە، ژنە کوردی باکوور کە لە باشووری وڵاتەکەی ترۆر کرا، ئەو لەبەر تاڵی قژی نەکوژرا، لە بەر داوای ئازادی و مافی نەتەوەکەی و مافی ژنان کوژرا.

ئەویش ژینای وڵاتی ئێمە بو.

٥ - ١٠ - ٢٠٢٢

* وێنە: ئینترنێت

** تەیرەن ئەبابیل "سورەی فیل لە قورعاندا"

---

(١٤)




دوێنێ ڕاگەیاندنەکەی دایک و باوکتم خوێندەوە. باب و باپیرانی ئێمە دەبوو ڕژێمی شاهەنشاهی بکوژێ قازی و هەواڵانی، سمکۆ و هەزارانی تر، حکومەتی تورکانی عوسمانلی بکوژێ شێخ ڕەزا، شێخ سەعید و قەتڵۆعامی دەرسیم و شوێنەکانی تر،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕاکێشی بەر دەم بێدادگاکانی خۆیان، بکەن.

دەبوو چوار وڵاتی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان بکێشرێنە بەر دەم دادگاکانی ناونەتەوەیی. دەبوو خشتەی ناوی سەرجەم بکوژانی تاک تاکی هاووڵاتیان لە هەر پارچە و هەر شوێن ببردرایەتە بەر دەم هەر دادگایەک.

نەمانکرد، نەمانزانی، کەمتەرخەم لە تەنیایی خۆماندا، چەک و ئەژنۆمان لە باوەش گرت!

دەبوو وەک زۆر نەتەوەی تر، سەرانی دەوڵەتانمان بە تاوانی پارچە پارچە کردنی نیشتمان و خەڵکەکەمان، کێشابایە بەر دەم دادگا. دەبوو پەروەندەی کارەسات و تراژدیای هەڵەبجە و ئەنفال لە باخەڵی هەر کام لە ئێمەدابایە و لە هەر دادگا و هەر شەقام و هەر شوێنێک باسمان کردبا، کە لەم جیهانەدا چی بە سەر کورد هێندراوە!

هیچکام لەو کارانەمان نەکرد، یان باوەڕمان بەو کارانە نەبوو، یان لێمان نەدەزانی و لە جەغزی خەیاڵەتی خۆماندا دەسووڕاینەوە. ئێمە مرۆڤی سیاسەت و دیپلۆماسی نەبووین، لە خڕی ناوزەنگ و ئەم دۆڵ و ئەو دۆڵ پاڵمان بە چەکەکانمانەوە دابوو. لە تاران و ورمێ و کەرج چاوەڕوان بووین و لە ئاوارەی شارەکانی ئێران، دوای هەرس هێنانی شۆڕشێکی مەزن، خەونمان بە وڵاتەوە دەبینی! کە دەستەڵاتیشمان بە دەستەوە گرت، ئەنفال و هەڵەبجەمان بە برایەتی کورد و عارەب بەخشی و لەبیر خۆمان بردەوە. گوتمان: "ڕابووردوو چووە، برایەوە!"

سەردەمێک دەگەڕاین برنویەک پەیداکەین، بۆ ئەوەی ژاندارم و جەوانمردی شا لە گوندەکان ڕاوبنێین، لە شار کورسیمان بە تۆقی سەری رەییسی ژاندارمەدا دەدا، پۆلیس و پاسەبان و ئاژانمان وەبەر شەق دەدا، بەڵام نەماندازانی ئەوان و حکومەتەکەیان بەرینە بەر دەم بێدادگاکانی خۆیان و دادگاکانی جیهان!

نەماندەزانی چۆن خەڵکی خۆمان تێبەگەیێنین، نەماندەزانی چۆن خۆمان ڕێکبخەین، نەماندەزانی چۆن یەک بکەین بە دوو، دوو بکەین بە هەزار، هەزار بکەین بەملیۆن و دەنگمان هەڵبڕین، نەک دەنگ هەڵبڕین، بێدەنگ بە کۆمەڵ وەک نەتەوە لە هەموو گوند و شارەکان هەنگاو هەڵهێنینەوە و وێنەی کوژراوەکانمان بە دەستەوە بگرین.

کوتکەکانمان، کورسی و برنو و شەق و تێهەڵدان دەبێ بۆ ڕۆژی خۆی ئامادە بێ، بەڵام ڕێگای ڕیسواکردنی ڕژیمەکان بە دەستی خۆیان نابێ لە بیر بکەین. هەر تاکێک لە هەر شوێن و هەر جێگا، لە هەر تەمەن و بە هەر شێوە، هێزی خەبات و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕاپەڕینە .هەرچەند ڕوونە لە حکومەتی ئیسلامی ئێران، قازی و رییس دادگا و وەزیر وەکیل و ڕابەر، گشتی بکوژ و شەریکی بکوژن، بەڵام هێنانی تاوانباری ئەم سیستەمە بۆ سەر کورسی تاوانباران لە بێدادگای خۆیان، ریسواکردن و لەقاودانی جەنایەتکاران بە دەستی خۆیان، سیاسەت و سەرکەوتنی سیاسەتە.

جوولەکەکان مرۆڤی ٩٨ ساڵەی نەخۆشی پەککەوتە، دەهێننە بەر دەم دادگاکانی ئاڵمان و شوێنی تر، بۆ ئەوەی بسەلمێندرێ کوژراوەکانیان مافیان هەبووە و ئەو مافەیان لێ زەوت کراوە. تاک تاکی کوژراوانی هەڵەبجە، ئەنفال، دەرسیم، قارنا، قەڵاتان، سەردەشت، حوسێن مامە، پاوە، کرماشان، سەقز، سنە، سابڵاخ، کۆبانێ، شەنگال و شوێن شوێنی کوردستان، مافی ژیانیان هەبوو، ئەو کەسانەی ئەو مافەیان لەوان زەوت کرد، دەبێ بهێندرێنە بەر دەم دادگا، تەنانەت ئەگەر کوردگوتەنی "دادگای فرمایشی" بێت.

دەمێک ساڵە خافڵبووین، دەبێ سەرجەم پەروەندەکانی ٤٣ ساڵی ڕابووردوو بخەینە بەر دەست خەڵکی جیهان کە چۆن هەر لە سەقز دوو خوشکی کەعبی، عەبدوڵای مێرمنداڵ و ١١ کەسی تر تیرباران کران. دەبێ پەروەندەی ٥٩ لاوی مەهابادی سەر لە نوێ بخرێتە بەر دەم قازییەکانی جیهان. دەبێ پەروەندەی فەرزاد و شیرین و هەزارانی تر ، پەروەندەی ترۆری وین و بەرلین و پاریس و یۆنان و تورکیا و باشووری کوردستان ئاوالە بکرێنەوە. دەبێ سەرجەم پەروەندەی ٤٣ ساڵ حکومەتی ئیسلامی بە پانتای ئێران بخرێتە بەر دەم بێدادگاکانی خۆیان و دادگاکانی جیهان. ئەم شێوەیەش سیاسەت و خەباتە.

دەبێ ڕاگەیاندنی مژگان افتخاری و ئەمجەد ئەمینی، ببێتە ڕاگەیاندنی هەشتا ملیۆن خەڵک و بخرێتە بەردەم ڕێکخراوەکانی جیهانی و بێدادگاکانی مەلا، کە بزانن چیان کردووە، کە تەنانەت منداڵی مەدرەسەی سەرەتایی هاوار دەکەن " ژن، ژیان، ئازادی" و وێنەی سەردەستەی قاتڵەکان دەخەنە ژێر پێیان! ئەوانە دەبێ خۆیان بێنە سەر کورسی تاوانبارانی بێدادگاکانی خۆیان. بەخشینی ئەم ڕسوایە بەوان، سەرکەوتنە!

دەبێ پەروەندەی ڕووتاندنەوەی سەر عەرد و بن عەردی ئەو سەرزەمینە بخرێتە بەر دەم دادگاکان. دەبێ پەروەندەی جەنگڵ و لێرەوارەکان، چۆم و زێ و جۆگە و کانیاو، پەروەندەی دانەدانەی دارەکان و پەروەندەی "شەریف باجور" و هەواڵەکانی و پەروەندەی کۆڵبەران ببردرێتە بەر دەم دادگا.

دەبێ پەروەندەی هەزاران هەزار سەگی دەرمانخۆرکراو، کەر و ئێستری کوژراو ببردرێتە بەر دەم دادگا. ئەوانیش مافی ژیانیان هەبوو، حکومەتی ئیسلامی ئەو مافەی لەوان وەرگرت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەبێ پەروەندەی هەموو کوژراوانی ناو زیندان، زانستگا و خوێندنگە، پەروەندەی ملیۆن ملیۆن موعتاد کراو، ژنانی فرۆشراو و سەدان و هەزاران پەروەندەی تر لە گەڵ پەروەندەی ژیناکان ببردرێتە بەر دەم دادگا. بەر دەم ئەو دادگایانەی، بڕیاری کوشتن و زیندانی کردن و هەڵواسین و دەست و لاق بڕین و بەردەبارانکردنیان دەدا! بەر دەم ئەو کەسانەی لە سێ خولەکدا بڕیاری کوشتنی دەیان کەسیان واژۆ دەکرد! بەردەم ئەو قازی شەرعانەی بەر لە کوشتنی کچان، سیغەی ئیسلامیان دەخوێند.

ژینا،

ئێمە هەڵەمان کرد، دەبوو لە هەر دەرفەتێک لە هەر ڕێگا و لە هەر بارودۆخێک کەڵکمان وەرگرتایە و چاوەڕێی هات و نەهات نەبایەین !خەباتی یەک نەتەوە، تەنیا یەک جۆر و یەک ڕێگا و یەک قۆناخ نییە!

ئێستاش کە لە سەر شەقام دەنگ هەڵدەبڕین و مانگرتن تاقی دەکەینەوە، دەبێ گەورە و بچووک هەر کارێک کە پێمان دەکرێ، بە هەر شێوەیەک تاقی کەینەوە. دووکاندار، کاسپ، فێرکاری فێرگە، کارمەند، نووسەر، شاعیر، هونەرمەند، پیر، لاو، منداڵ، گوندی، شاری، کوردی دەرەوە، کوردی ئیدارات، ناو کارگا، کارخانە، کوردی ناو سیستەم، چین و توێژێکان هەر کەس دەتوانێ دەوری خۆی بگێڕێ. مەلای کورد و خەڵکی تر دەتوانن مزگەوت بکار بهێنن، شوێنی کار و خوێندن بەکار بهێنن، خەبات و ڕاپەڕین تەنیا لە سەر شەقام نییە.

ریسواکردنی رژیم لە ڕێگای "قانوون" و دامودەزگاکانی خۆیەوە، یەک لە بێژمار ڕێگای ڕیسواکردنە. هەرچەند چاوەروانی عەداڵەت لەوان ناکرێ، بەڵام لەم ڕێگایانەوە دەکرێ هەرەس بە "بیر وتێگەیشتن و ئیدئۆلۆژی و ئیدە و ئۆتۆریتە و بەناو شەرعیەتی" ڕژیم بهێندرێ.

ژینا،

جیلی تۆ و بەر لە تۆ و جیلی ئێستا، چاوەڕوان نابن و خۆیان دەزانن چ بکەن.

هەتا نامەیەکی تر و درێژەی ئەم باسە!

٦ - ١٠ - ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**(١٥)**




**ڕۆژی شازدەی گەلاوێژ (شەهریور)ی ١٣٥٧(١٩٨٧) ڕۆژێک پێش کوشتاری (١٧ی شەهریور) لە مەیدانی ٢٤ی "اسفند" خۆپیشاندانێکی مەزن بوو بەرەو مەیدانی شەهیاد، لە ناو خۆپیشاندەران مەلاش دەبیندران ، لە ناکاو مێرمنداڵێک بە ڕاکردن هات، شەقێکی لە مەلای چەند هەنگاو پێش ئێمە، هەڵدا و بۆی دەرچوو.**

**چەند مانگ دواتر لە شارەکەی ئێمە خۆپێشاندان بوو، پیرە پیاوێک لە بەر دووکانی شەربەتفرۆشەکە، ڕاوەستابوو، خۆی بە خۆی دەگوت" ئەو حاجی لەق لەقانە سەرمان بە فەتەڕات دەدەن"، لێم پرسی مەبەستت چییە؟ گوتی" هۆو کەلارە لە سەرانە" دەستی بۆ چەند مەلای عەجەم ڕاداشت کە لە شاری قومەوە نێردرابوون!**

**تێگەیشتن لەو "شەقە" و لەو "وتەیە" عومرێکی خایاند! منداڵی ئێستا جارێ شەق ناوەشێنن، پیریش وەشوێن منداڵ دەکەون.**

**[[ گەورەکەیان ڕەنگە هەشت ساڵان بێ، ڕوون نییە کام گوند و کام شارە، هاوار دەکەن" ئاخوند برۆ گووم بە |!"قژی شیرینیان ئازاد کردووە، وێنەی ڕابەری بکوژەکان لە سەر دیوار دادەگرن و وەک ئەوەی شەش خان بکەن یەک بە یەک بە جووت پێ، دەپەڕنە سەری، پاشان هەموو یەکدەنگ ئێژن" ژن ژیان ئازادی" |."خواهر زینب"، هەر ئەوانەی بە زۆر کچان دەکێێشنە ناو بووسەکان، وێنە لە کەنیشکەکان دەگرێ، یەکیان لێی دێچێتە پێش و هەڵیدەپێچێ ولام بداتەوە، بۆچی وێنە دەگرێ؟ نە جنێوی پێدەدا، نە بێرێزی پێدەکا، بە پرسیار هەڵیدەپێچێ، لێی دەپرسێ "دیکتاتۆر" یانی چی؟ پرسیارەکانی**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مەدرەسە(فێرگە)ی هێناوەتە سەر شەقام |.ڕەنگە ١٤ بۆ ١٦ ساڵ بن، بەرپرسی ئیدارەی(آموزش و پرورش) بە دروشمی" بسیجی برو گمشو" لە فێرگەکەیان وەدەر دەنێنن.| ناوی خۆیان یەک بە یەک دەڵێن و دەبێژن لە چ پۆلێکن، کچ و کوڕ. ڕایدەگەیێنن کە ناچنەوە مەدرەسە و مان دەگرن.| گشتی کەنیشکی وردیلە و گچکەن، پشت لە مەدرەسە، سەریان ڕووت کردووە و لە سەر شەقام هەموو بە یەکەوە وەک ئەوەی ڕێژە بڕۆن هاوار دەکەن" ژن ژیان ئازادی"]].

بە هەزاران ویدیۆی لەم چەشنە بەرچاو خەڵکی جیهان دەکەوێ، کە بە هەموو شێوەیەک بڵاودەکرێنەوە. دەیان هەزار کچ و کوڕ بوونەتە ژۆرنالیست و مێدیاکار. شۆڕشێکی مێدیایی نوێ!

سەرۆک و ڕابەر و ڕەییسی حکومەت و مەجلیس و مێدیا و مەئموور و وکیل و وەزیر و دەرجەدار و بێ دەرەجە، باس لە منداڵ و کەنیشک و کوڕ دەکەن و داوا لە دایک و باوکیان دەکەن، نەسیحەتیان بکەن .وەک ئەوەی ٤٣ ساڵە لە ماڵ و مەدرەسە و زانستگا و ئیدارە و سەر شەقام، لە ڕێگای ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و مزگەوت و دەیان ئیدارە و ملیۆن ملیۆن مەلا و "مامۆستا"، نەسیحەت نەکرابێتن!

سەعدی شاعیر، کە بە باوکی نەسیحەتچییەکان و "مامۆستای پەروەردەی" عەجەم دەناسرێ، دەبێژێ" (نصیحت) تربیت نااهل را چون گردکان بر گنبد است"، لە زمان کوردی دا ئێژن،" هەر ئێژم و دەڵێی گوێزی بۆ دەژمێرن!". حکومەت ٤٣ ساڵە گوێز بۆ منداڵ و لاو و ژنان دەژمێرێ.

سەرۆک ئێژێ، ئەمانە لە دەرەوەی سنوور بە فیتی ئامریکا و ئیسرائیل ئاژاوە دەنێننەوە! مێژوو بە باری کۆمێدییەکەیدا دووبارە دەبێتەوە. شاهی شاهان دەیگوت" ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن لەو بەری سنوورەوە هاتوون"، مەبەستی سنووری"شووڕەوی ـ سۆڤیەت" بوو.

کەنیشک و کوڕی لاو و گەنج، نە لەو بەری سنوورەوە هاتوون و نە ئامریکایی و ئیسرائیلیین، منداڵی باخچەی منداڵان و فێرگە و زانستگاکانی خۆیانن، کە پشتیان بە زانیاریی جیهان و تێگەیشتنی خۆیان بەستووە، دەزانن کێن و چیان دەوێ. دەزانن ژن ژیان ئازادی، سەربەستی یانی چی، دەزانن دیکتاتۆری چییە و دیکتاتۆر کێیە.

لە ناو مێشکی منداڵ، هەزار ترس لە دۆزەخ و هەزار هیوای چوون بۆ بەهەشتیان ساز کرد، لە شەڕی ئێران و عێراق دەیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەزار منداڵی سێزدە و چاردە ساڵەی کلیلی پلاستیکی لە مل، کوژران و نەگەڕانەوە. من ئەو ساڵانە لە ڕۆژنامەکانی ئێران تەنیا وەسیەتنامەی ئەو منداڵانەم دەخوێندەوە، کە لەو شەڕە تێداچوون. نووسینی ئەم ڕستەیە هاسان نییە، ڕژیمی ئیسلامی ئێران بۆ چوونە سەر مەیدانی مین لە گەڵ داوای لێبووردن لە "کەر و منداڵ" سوودی وەردەگرت. خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی ئەو دەم جنایەتەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە شەڕی کوردستان و عێراق و تراژێدی مرۆڤ لە ڕژیمی ئیدئۆلۆژیک ئیسلامی دەردەخات. لە کاتی هێرش بۆ کوردستان منداڵ و پیر ولاو لە شارەکانی عەجەم و شیعە نشین بە هەموو شێوەیەک خۆیان دەگەیاندە کوردستان. لە ڕۆژی ٢٧ - ٦ - ١٣٥٨ لە جادەی سەقز بۆ سنە موجاهد و خەڵکی ئاسایی بە ماشێنی هەمە جۆر بەرەو سنە لە ڕێدا بوون، منداڵی دوازدە و سێزدە ساڵان کە لە ناو ماشینەکان جێگایان وەبەر نەکەوتبوو، خۆیان بە ماشینەکانەوە هەڵواسیبوو، لە شەڕی ئێران و عێراقیش هەر وابوو. لە وەسیەتنامەی کوژراوێکی شەڕی ئێران و عێراق کە چاردە ساڵان بوو، لە ڕۆژنامەی کەیهان ئاوا هاتبوو، "برادران خواهش میکنم سیگار نکشید"! برایان تکایە جگەرە مەکێشن! منداڵی ئەمڕۆ ئیتر منداڵی ئێوە نیین، ئیتر گۆشتی مەیدانی مین و سەربازی ئیمامی زەمان و زنجیروەشێن و مەرسیەخوانی ئێوە نیین، با بەزۆر بۆ هەموو شوێنێکیشان بەرن. ئەوانەی هاتوونە سەر شەقام و لە مەدرەسە و زانستگا و لە ناو ماڵی خۆیان هاوار دەکەن، دەزانن ژیان و ئازادی گەوهەری بوونە و بوون بە بێ ئازادی و سەربەستی مانای نییە. دەزانن ئازادی نابەخشرێ، هەر وەک چۆن دایک و باب و باپیرە و دایەپیرەیان، ئازادیان بە دیاری بۆ نەهێنان، ئەوان خۆیان دەزانن دەبێ بە دەست و مێشکی خۆیان ئازادی مسۆگەر بکەن.

وزە و پەیامی سەدەی بیست و یەک گەیشتۆتە کوردستان و ناوچەکە و یەکدا بە دوو ڕوخساری خۆی دەردەخات، وەک گەمەی دۆمینۆ، یەک سلار بێتەوە، نۆرەی ئەوی دیش دێ. ئەم پەیامە گەیشتۆتە ڕیزی سەرەوەی حکومەتی مەلاکان و بە ئاشکرا ترس لە قسەکردن و هەڕشەکانیان و هەڵسوکەوتیان دەردەکەوێ و هێندێکیان زمانی ڕەخنەیان دژ بە خۆیان کردۆتەوە، هێندێک خەریکی نیشاندانی هێزی لەرزۆکی خۆیانن، هێندێک پڕ لە ترس دەسڕێژ لە منداڵ و گەورەو بچووک، ژن و پیاو دەکەن، هێندێک لە ترسان هەڕەشە دەکەن و پشتی ڕابەرەکەیان دەگرن و هەموویان مێشکیان شڵەژاوە و لەبیریان دەچێتەوە، ڕۆژی پێشتر چیان گوتووە. فەرماندەکانیان وەک ئەوەی لە بەرەی شەڕی وڵاتەکەیان دژ بە وڵاتێکی دیکە بن، فەرمان دەردەکەن و کەوتوونەتە هەڕەشە و هێشتا تێنەگەیشتوون، کە ئەوانەی سەنگەریان لەوان گرتووە، نەوە و نەتیجەکانی خۆیانن، هێشتا نەیانزانیوە سیستەمەکەیان لە ناوەوە پووکاوە و هەرەسی هێناوە.

ڕژیم و سەرانی و سەرجەم سیستەم، شاهەنشاە گوتەنی هێشتا "صدای مردم"یان نەژنفتکە، پێیانوایە بە دوو نەسیحەت منداڵ دەگەڕێننەوە ماڵ. چاوشیسکۆی دیکتاتۆری ڕۆمانی، بە چاوی خۆی ڕمیانی حکومەتەکەی ئەبینی و مێشکی هەواڵەکەی وەرنەدەگرت. داستانی سەدام و قەزافی کە هەموو دەیزانن. هیتلێر لە داڵانی ئەو ژێرزەویەی، فەرمانی جەنگی دەردەکرد،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم سەر و ئەو سەری دەکرد و تێنەدەگەیشت کە بۆ و بۆچی "ڕایشەکەی" (حکومەتی یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک ڕابەر ) هەرەسی هێنا، لە گێژاوی ناو مێشکیدا، یەک ڕێگای بۆ مایەوە، خۆ کوشتن!

ئەو منداڵەی شەقی لە مەلا هەڵدا، ڕەنگە نەمابێ، ئەو منداڵەی هاوار دەکات " ئاخوند دەبێ بڕوا" زیندووە.

ئەمە ئاکامی فەشەل هێنانی داسپاندنی ئیدئۆلۆژی و دین و بە دینی کردنی کۆمەڵگا و داخستنی دەرگاکانی ژیانە بە سەر گەورەو بچوکی کۆمەڵگا. منداڵی هەشت بۆ هەشتا هاوار دەکەن، ژن ژیان ئازدی!

"فێرکردن و بارهێنانی" دینی و ئیسلامی، نەک لە ئێران لە شوێنی تریش فەشەلی هێناوە، سەردەمێک هەتا سەدەی حەڤدە هەموو فێرگەکان لە ئورووپا سەر بە کڵێسە بوون، ئەمڕۆ زۆرینەی دایک و باوکەکان خۆیان لە ناردنی منداڵ بۆ ئەو فێرگانە دوور ڕادەگرن. ئەمەی لە ئێران دەبینیدرێ، دەرخەری بەتاڵبوونی ئیدە و ئیدئۆلۆژی دینی و ئیسلامی و تووندبوونەوەی قەیرانی ناو دینەکە لە لایەک و ناتەبابوونی لە گەڵ سەردەمە و لە هەمان کات لە دەستدانی توانای زەوتکردنی ئازادی لە لایەن ئەوانەوەیە.

منداڵ ئاگا بە هەست و تێگەیشتن ویست وخواستی خۆیەتی و دەزانێ حکومەتی ئیسلامی و دینەکەی ڕێگری هەست و خواست و ئازادی ئەو و دایک و باوک و خەڵکە. بۆیە ڕاپەڕیوە!

ژینا لە خۆڕا نەبۆتە هێما!

٧ - ١٠ - ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(١٦)




سەردەمی ئێمە تەلەفوون دەستی و ئینترنێت خەیاڵی ناو فیلمەکان بوو، زانیاریی هەر کام لە ئێمە لە بازنەی ژینگەکەماندا دەخولایەوە، ئەگەر خوێنەری کتێب و بیسەری ڕادیۆ و بینەری تەلەڤیزیۆن نەبایەین.

هەردەم ڕادیۆیەکی بچکۆلانەی گیرفانی زەرد ڕەنگ و کامێرایەکم لە گەڵ خۆم دەگێڕا، من و هاوپۆلەکانم زانیاریی ساڵێکمان بە قەرا زانیاریی ڕۆژێکی ئێوە، ژیناکان نەبو. کار و بیر و هزریشمان تەسک و داخراو بو .هەر بۆیە بە هەمووماں بە قەرا ڕۆژێکی ئێوەمان پێنەکرا. کاتێک بە هەڵکەوت ناوی کورد و کوردستان لە "ڕادۆی" خاریجەوە دەگەیشتە گوێمان، فرمێسکی شادی لە چاوماندا دەگەڕا!

ئەم ڕۆژانە ناو و وێنەی تۆ و کوردستان لە ئاسمانیش دەبیسترێ و دەبیندرێ، فریای گوێگرتن و چاولێکردن ناکەوم، لە ماوەی بیست و هەشت ساڵی خولانەوە لە ئینترنێت، هێندە سەیری مێدیای هیندی، بەنگلادشی، پاکستانی، عەرەبی، ئوروپایی، کانەدایی، ئوسترالیایی، ڕووسی، چینییم نەکردووە و هێندە ناوی ژینا و سەقز و کوردستانم نەبیستووە.

بە وتەی "ئەنوەر قەرەداخی" کاتێک دەگاتە فیستیواڵی لاوانی جیهان، ساڵانی شەستی سەدەی ڕابووردوو، لە ڕۆژهەڵاتی برلین مۆسیقای کوردی لە "ئەلکساندر پلاتس" پێشکەش دەکەن و ڕووبەڕووی بینەرێکی زۆر دەبنەوە کە گوێ لە مۆسیقا و گۆرانی کوردی دەگرن. خۆی بە خۆی دەڵێ" ئێستا وەک کورد دەخوێندرێینەوە". ڕاستی دەکرد ئێمە کتێبێکی کۆنی هەزارەکانی پێشووین و ئێستا دەخوێندرێینەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە پارلەمانەکان یەک لە دوای یەک باسی تۆ و کوردستان دەکەن و سیاسەتمەداری ژنی وڵاتان یەک لە دوای یەک پرچی خۆیان دەبڕن، پیاوە سیاسییەکان لاپەڕەی مێژووی جیهان، کوردستان و ئێران هەڵدەدەنەوە و دەگەڕێنەوە سەر ناوی تۆ. زۆربەی هەر زۆریان بە ناوی تۆ دەست بە قسە دەکەن و بە ناوی ژن ژیان ئازادی کۆتایی بە قسە دەهێنن. وەزیری دەرەوەی کۆمەڵێک لە وڵاتان بە یەکەوە کەوتوونە قسە. هونەرمەند، نووسەر، فەیلەسووف و خەڵکی ئاسایی ناوی تۆیان لە سەر زارە"ژینا ئەمینی."

لە کتێبە کۆنەکانی سەدەکانی ڕابووردوو ناوی کورد و کوردستان هاتووە و تەنانەت ڕۆمانی خەیاڵی لە سەر کوردستان نووسراوە بە بێ ئەوەی نووسەرەکەی کوردستانی بینیبێت، لە سەدەی حەڤدە گۆرانی کوردی کراوەتە ئاڵمانی کە باس لە جوانی ژنی کورد دەکات، لە سەدەی نۆزدە و بیست گەلێک لە بەیتەکانی کوردی کە چیرۆکی ژن و پیاوی کورد دەگێڕنەوە، هەڵگەڕێندراونەتە سەر زمانی بیانی، لەم سەردەمەدا، ساڵانە گەلێک کتێب بە زمانی ئورووپی لە سەر کورد بڵاودەکرێنەوە، لە شانۆ، سینەما باسی کورد هەیە، مۆسیقای کوردی دەمێک ساڵە دەگاتە گوێچکەی ڕۆژئاواییەکان. کارەساتەکانی کوردستان کەم و زۆر لە ڕۆژئاوا دەنگ دەداتەوە، کە مەزنترینیان دەنگدانەوەی کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ی باشووری وڵات بو.

بەڵام ڕاپەڕینی ژینا ، بۆتە دەنگێکی جیهانی بۆ ژن، ژیان، ئازادی، بۆ کورد و نەتەوەکانی تر! ئەم ڕاپەڕینە لە لایەک ناوی کورد دەهێنێتەوە سەر ماسەی سیاسەتی جیهان، لە لایەکی تر هەڵە و کەمتەرخەمی و کەمایەسی کورد بە گشتی و نوخبەی سیاسی، زانستی، هونەری و گرووپ و حزبەکانی کورد زەق دەکاتەوە!

ئێستا ئەو دەنگانەی باس لە تۆ و کورد دەکەن لە مێدیا و ناوەندەکانی سیاسی جیهان خەڵکی نەکوردن و بە دەگمەن کورد دەبیندرێ.

مێدیا، ژۆرنالیستی کورد، حزبەکان، نوخبە و شارەزای کورد، دەریانخست لە بازنەی خۆیان نەترازاون و نەیانتوانیوە وڵامدەرەوەی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینێکی بەرین لە کوردستان و ناوچەکە بن. لە دەرەوەی وڵات هیچ ناوەندێکی کارساز کە بە پێی بەرنامەی دوورخایەن سازکرابێ، نابیندرێ. بشێوی دەرەوەی وڵاتی کورد، هێشتا نەبۆتە پرسیاری جیددی بۆ بیرلێکردنەوە. ڕۆژانەژیان و بە پێی ڕووداو جولانەوە، بۆتە پێناسەی کار وچالاکی کورد لە دەرەوە.

بێ توانا خۆدەرخستن، بێ ڕێکخراو و بەربڵاو خۆنواندن، بێ بەرنامەی نەتەوەیی خۆ لە ناو کۆگای هەمەجۆر و هەمەڕەنگ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دا دیتنەوە، بە تایبەت لە کاتی رمیانی حکومەتی ئیسلامی، دەبێتە دووبارەبوونەوەی دەیەکان و سەدەکانی ڕابووردوو، هەمووی ئەوانە گرێدراوی تێگەیشتنی نەگۆڕی سەری کوردییە! سەرێکی ماندوو، پیر و نەئەمرۆیی!
سەری لاوی کورد هێشتا خۆی لە ناو کۆمەڵگا و کار و سیاسەتی کورد نەدیتۆتەوە، هەرچەند ئێستا مەیدانی لە دەست دایە. سەر و لەشی نوێی کورد بە بێ چاوەڕوانی دەرەوەی خۆی، گەرەکە یەک بگرنەوە.

سەرەتای ساڵی سیفر دەستپێکی سەدەی منداڵ و لاو و ژنان، نەمدەزانی دەنگی ئەم سەدەیە لە دەنگی کەنیشکێکی کورددا کۆدەبێتەوە. باوەڕ بەو دەنگە، باوەڕ بە ئەمڕۆ و سبەینێیە. کوردستان پێویستی بە دەنگ و بیر و هزر و بەرنامە و ستراتیژی خاوەنی ئەم دەنگانەیە، ڕێگا چۆڵ کەین بۆ ئەو دەنگانە.

لە مێژووی مێدیا ڕەنگە ئەوە یەکەمجار بێ کەسێک بەم بەربڵاوی و لەم ڕادەیە ڕێز و خۆشەویستی سەر گۆی زەوی بەرەو خۆی ڕاکێشێ. ئەمە دەریدەخات جیهانی ئێمە جیهانی خولیای ئازادی و خۆشەویستی یە و ڕێز لەو کەسانە دەگرێ کە نرخی ژیان و ئازادی و کەسایەتی دەزانن.
تۆ تانک و تۆپ و تەیارە و جلوبەرگی تایبەتی شەڕت لەبەردا نەبوو، تۆ بە خۆشەویستی بە بەرگری لە کەسایەتی و ماف و ئازادی خۆت، بوویەتە ناوی یەکەمی مێدیای جیهان. ناوێک کە لەماوەی چەند هەفتەدا بە ملیۆن جار گوتراوەتەوە و بەردەوام دەگوترێتەوە.

سەرەتا بە ناوی خۆت کە لە لای تاریک پەرەستان یاساخ کراوە، بانگ نەکرای، دواتر ناوە شیرینە کوردییەکەت خۆی درخست و لە ناو دەوڵەتان و پارلەمان و دانیشتنەکان و کۆڕ و کۆمەڵ و لە ماڵان و ناو کۆنسێرت و فستیوال و سەر شەقام و گۆڕەپان و ناو دڵان هاتە سەر زار . وێنەی تۆ بۆتە سەر بەرگی گۆڤار و تابلۆی سەر شەقام.

ئەو دەرفەتەی تۆ بۆ کورد و نەتەوەکان و ژن و منداڵ و لاوان و گشت خەڵک ڕەخساندت، دەبێ بەرەو ئازادی و جیهانێکی ئازاد بچێ.

جیهانی ئازادی ئەمڕۆ و سبەی لە ئێوە ژیناکان پیرۆز بێ.
هەتا نامەیەکی تر و درێژەی ئەم باسە

٨ - ١٠ - ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(١٧)




کاتی خۆی دەگوترا" یەکیەتی خوێندکارانی کورد لەئورووپا"، باڵوێزخانەی کوردە. ئەمڕۆ ئەم باڵوێزخانەیە ناویشی نەماوە، بە جێگای ئەو نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە ژێر چەتری حزبەکاندا هەیە کە نە دەنگیان هەیە و نە ڕەنگ! کاتی خۆی گۆڤاری ئاڵمانی زمانی "کوردستان هۆیتە" هەبوو، حزبی هەر چوار پارچە و ڕابەرانیان بە تایبەت باشوور و ڕۆژهەلات کێبەرکێیان بوو، بۆ ئەوەی لەوێدا باسیان بکرێ. کاتی خۆی ئەنیستیتۆی کورد بە فەرمی لە بۆن پایتەختی ئاڵمان هەبوو، کە لە لایەن حزب و دەزگاکانی ئاڵمانی، هاوکاریان دەکرا، حزبەکانی کورد کەوتنە گیانی هەتا دەرگای تەختە کرا.

سەردەمێ لە سوئێد، ئاڵمان، بریتانیا، ئامریکا و شوێنی تر گۆڤاری پڕ ناوەڕۆک هەبوو، کە هەفتانە و مانگانە بڵاو دەکرانەوە و کوردەکانی لە یەک گرێ دەدا. سەردەمێک لە سوئێد، ئاڵمان، فەڕانسە، بریتانیا، هولەند و شوێنی تر گرووپی شانۆ و ناوەندی شانۆ و فستیوال و کۆنفرانسی شانۆ هەبو. سەردەمێک لێرە و لەوێ بەشی فیلم هەبوو، بەردەوام فستیوالی فیلم بەڕێوە دەچوو. سەردەمێک وەشانخانەو کتێبفرۆشی کوردی لە ئورووپا ساڵانە بەشداری پیشانگای ناونەتەوەی کتیب لە فرانکفۆرت دەبوون.

سەردەمێک فستیوالی چەند دەهەزار کەسی نەورۆز ساڵانە بەرپا دەکرا. سەردەمێک زانستگاکان و هۆڵەکانی، ساڵانە شوێنی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرپاکردنی دەیان سەمینار و کۆبوونەوە بوون. سەردەمێک کتێبخانە و ڕێستۆرانی زانستگاکان، شوێنی کۆبوونەوەی نووسەر و هونەرمەند و خوێندکار و کوردی هەموو لایەک بوون. سەردەمێک زانستکاکان بۆ باسی مەسەلەی کورد پێشقەدەم دەبوون.

سەردەمێک خۆپیشاندانی چەند دەهەزار کەسی دەکرا و مانگرتنی چەند مانگە لە ناوەندی شارەکانی ئورووپا دەکرا.

سەردەمێک لە پێتەختی وڵاتانی ئورووپا و شارە گەورەکان، ناوەندی کوردی بۆ بەخشینی زانیاریی بە کۆمەڵگا و میدیا هەبوو، بەردەوام کەسانی کورد لە میدیا دەردەکەوتن. سەردەمێک کورد لە دەرەوە کورد و کوردستانی بو.

سەردەمێک.... سەردەمێک...

هەمووی ئەم کارانە ئەو کاتانە دەکرا، کە حزبەکانی هەر چوارپارچە لە سەر خاکی کوردستان خەبات و لەخۆبردوویان لە خۆ نیشان دەدا و بە دەگمەن کەسیان لە ئورووپا هەبو. ئەو کاتەی عەبدولڕەحمان قاسملو ترۆر کرا، دامودەزگای کوردی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چالاکیان نوواند. کاتی دەستبەسەرکردنی عەبدوڵا ئوجەلان، ئەوانەی لە ناوەندی شارەکان مێزی زانیارییان بۆ ئاڵمانییەکان دادەنا نە باکووری بوون و نە لایەنگری پ،ک،ک.

ئەو کەسانەی لە ئورووپا بۆ کارەساتی هەڵەبجە چوونە بەر دەرگای سەفارتخانەی عێراق و خۆپیشاندانیان کرد و لە میدیا دەردەکەوتن کەمترینیان باشووری بوون. ئەوانەی بۆ کۆڕەوەکەی باشوور یارمەتیان کۆدەکردەوە، باکووریی و ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی بوون.

ئەو دەم پرێنسیپ لە ناو حزبەکاندا هەبوو، ئەوانەی وڵات و حزبەکانیان بەرەو ئورووپا بەجێ دەهێشت، ئەندامەتی حزبەکەیان نەدەما، مەگەر ئەو کەسانەی بۆ خوێندن دەنارددران. ئەو کەسەی کوردستانی بە جێ دەهێشت، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبەکەی، ئیتر حیسابی بۆ نەدەکرا. کە حزبەکان بوون بە شوێنی بەڕێکردنی خەڵک بۆ ئورووپا، هەموو شت لە ئورووپا بۆ کوردەکان گۆڕدرا.

ژمارەی ئەو کوردانەی پاش ساڵی ١٩٩٢ واتە دوای پێکهاتنی هەریمی کوردستان لە باشوورەوە ڕوویان کردە ئورووپا، پێنج هەتا دەقات زیادی کردووە. ئەوانەی بە ناوی حزبەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور، کوردستانیان بەرەو ڕۆژئاوا بەجێ هێشتووە، بێژمارە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

عەبدولڕەحمان قاسملو و شەریف وانلی و دە کەسی تر ساڵی ١٩٥٦ لە بەرلین یەکیەتی خوێندکارانی کوردیان دامەزراند و بوو بە دەنگی کورد لە ئورووپا و بوون بە پردی نێوان ڕێکخراوەکانی جیهانی و کورد و بەردەوام مەسەلەی کورد لە ڕێگای ئەوانەوە باس دەکرا.

ئەو کارانەی یەکیەتی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا لە ماوەی ٤٤ ساڵ تەمەنی کردی، تا ئێستا بە هیچکام لە حزبەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات لە ئورووپا نەکراوە.

"کوردستان هۆیتە" لە سێ وڵاتی ئاڵمانی زمان بڵاو دەکراوە و زۆرترین خوێنەر و لایەنگری بۆ کورد پەیدا کردبوو، لە هەمان کات ببووە مەکۆی نووسەر و شارەزای کورد و ئاڵمان و ناوەندی زانیاریی و شوێنی پێوەندی سیاسی و دیپلۆماسی .لە ڕێگای شانۆ، فیلم، فستیوال، سەمینار و کۆنفرانسی بەردەوام ،زانیاری دەڕژایە ناو کۆمەڵگای ئورووپا.

ساڵانی پاش کۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم هەتا کۆتاییەکانی دەیەی هەشتا، ژمارەی کوردەکان لە هەموو ئورووپا نە دەگەیشتە چەند هەزار کەس، جگە لە کوردەکانی باکوور کە پاش کۆتایی شەڕی دووهەم، وەک کرێکاری میوان بانگ کران بۆ ئاڵمان.

ئێستا پاییزی ساڵی ٢٠٢٢ لە ئورووپا سەرووی دوو ملیۆن کورد دەژیین و بەشێکی بەرچاو، هاووڵاتی ئەم وڵاتانەن کە ژمارەیان سەدان هەزار کەسە، کە کەمترین کاریگەریان لە سەر کۆمەڵگای وڵاتانی ئورووپا و شارەکانی و خەڵک هەیە. زۆرینەی کورد لە ئورووپا لە ناو جەغزی خۆیدا دەژیی. کورد بە ژمارە لە دەرەوە زیادی کردووە، بەڵام کاریگەریی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی، هونەریی و تێکەڵاوی لە گەڵ خەڵکی ئەو وڵاتانە لە کەمی داوە. ئەم باسە کە لێکۆڵینەوەی هەمە لایەن هەڵدەگرێ، پشت گوێ خراوە.

نەتەوەکانی سەرکەوتوو، تاقیکردنەوەکانیان لە یەک گرێدەدەن و لە بەردەوامیدا بەرەو پێش دەچن و هەڵەکانیان ساخ دەکەنەوە و بەرەو ڕێکخستن و پێکهێنانی دامودەزگا و بە سیستەم کردنی کار و بەرنامە و جێبەجێکردن دەچن.

نەتەوەی ناسەرکەوتوو تاقیکردنەوەکانی پچڕپچڕ و لە یەک گرێنەدراوی، بەرەو لە بیر چوونەوە دەکێشرێ و ناچار بە دووبارەبوونەوەی تاقیکردنەوە و شکەست دەبێتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کورد تا ئێستا یان نەیتوانیوە یان نەیویستووە یان نەیانهێشتووە، تاقیکردنەوە و ئەزموونی خۆی، بکاتە نەتەوەیی و کوردستانی. تا ئەو کاتەش تاقیکردنەوەکانی لە ناوجەغزەکاندا دوبارە بکرێنەوە، ساڵ و مانگ و ڕۆژی تازە نابنەوە.

کورد شەست و شەش ساڵ بەر لە ئەمرۆ، بیر و تێگەیشتن و فەرهەنگی بەیەکەوە کارکردن و ئیدەی کورد و کوردستانی و خۆناساندنی لە ژێر یەک ئاڵا و یەک ناو و یەک نەتەوەی خۆی بە ڕۆژئاوا ناساند و دەیان نووسەر و هونەرمەندی کورد لە ڕێگای دوورەوە دەگەیشتنە فستیوالەکانی جیهانی و زمان و هونەری کوردیان دەگەیاندنە گوێی ئەو ئورووپایانەی سەدەکانی پێشتر دەبوو ڕێگای دوور بپێون هەتا دەنگی مرۆڤی کورد لە شار و گوندەکان ببیستن.

ئەمرۆ لە جیهانی پڕ لە مێدیا و ڕێکخستن، کەمترین دەنگ و ڕێکخستن لە کورد دەبیندرێ.

ژینا

بەشکم ڕاپەڕینەکەی تۆ، لە ناوخۆ و دەرەوە، بەرەو بیر وتێگەیشتنی سازکردنی دامودەزگا و کاریی ئۆرگانیک و نەتەوەییمان بەرێ و جۆگەلەکانی بیر و هزر و سیاسەت لە دەریای خەڵکدا، خۆیان بگرنەوە.

١١ - ١٠ - ٢٠٢

* کۆنگرەی هەڵوەشانەوەی KSSE کە بە هەڵە ناوی "کۆنگرەی یەکگرتنەوەی" لێنندرا، پاییزی ساڵی ١٩٨٨ لە بەرلین بەسترا.

** Kurdistan Heute

http://www.navend.de/publikationen/kurdistan-heute/



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

(١٨)




سەرەتای پاییزی ساڵی ١٩٧٨ لە قەتاری تاران - مونیخ لە ئیستگای تەوریز کەسێک خۆی کرد بە ژوورەکەی ئێمەدا، کە دوو خوێندکاری فارسی نیشتەجێ لە ئاڵمان و ئوتریشی تێدا بو. تازەهاتوو پزیشکی ددان بوو، گوتی، " دەچم لە ئاڵمان منداڵەکانم هەڵدەگرم و بە یەکجاری دەگەڕێمەوە." لە وڵامی ئەم پرسیارە، کە بۆچی دەگەڕێیەوە؟ وڵامی داوە" دوو کەنیشکم هەیە گەرکمە لە وڵاتی خۆمان وەک موسڵمان گەورە بن، لە دەرەوە لە دەستم دەچن!" دوو خوێندکارەکە، بیری چەپی نزیک لە چریکەکانیان هەبوو. کابرای دوکتور دیزانی بۆ دەگەڕێتەوە. ئێمە نەماندەزانی بۆ دەڕۆین!

سێ هەفتە پێشتر (١٦ شەهریور - ١٣٥٧) ١٩٧٨ لە خۆپیشاندانی گەورەی خەڵکی تاران لە مەیدانی ٢٥ ئیسفەند بۆ مەیدانی شەهیاد (ئازدای) دروشمی ئیسلامی نەبیسترا، هەتا نزیک مەیدانی شەهیاد، مەلایەک بلیندگۆ لە دەست پەڕییە سەربانی ماشێنێک و دروشمی ئیسلامی بەرز کردەوە و کۆمەڵێک ژنی چارشێوبەسەر و خەڵکی تەمەن ماومناوەندی دەنگیان خستە پاڵ دەنگی. مەلا دوایە هاواری کرد"فردا ساعت ٨ میدان ژالە".

ئەوان لە مەیدانی ژالە کە دوایە کرایە مەیدانی "شهدا"، دەیانویست مۆری ئیسلامی لە ڕاپەڕینی خەڵک بدەن، کە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

یەکەمجار(٢٩ی ڕێبەندان ساڵی ١٣٥٦) لە تەوریز دەستی پێکردبو. ڕۆژی (١٧ی شەهریور) ساڵی ١٩٧٨ ئیسلامییەکان خەڵکی گەڕەکەکە هەژارەکانی باشووری تارانیان لە بەیانی زووەوە کێشایە مەیدانی ژالە، کە هەزار کەس زۆرتر کوژران و ئەو ڕۆژە بوو بە دەستپێکی زنجیرە خۆپیشاندانی هەفتانە و چلەی کوژراوەکان لە ئێران، جگە لە کوردستان. بە لاساییکردنەوە لەوان ئیسلامییەکانی کورد وەخۆ کەوتن.

ئەو دەم جگە لە ئیسلامییەکان کە لە پشت سەری خومەینی و تاڵەقانی یەکتریان گرتبووە و مزگەوتەکانی ئێرانیان بۆ پرۆپاگەندە بەکار دەهێنا، ئەوانی دی حزبی چەپ و میللی ئێرانی و شاپەرەستانی ڕەخنەگر، کۆبوونەوەکانیان لە زانستگا و هێندێکجار لە نەخۆشخانەکانی تاران دەبەست. ئیسلامییەکانی زانستگای تاران، بە بیانووی شەوی فیلم بۆ یەکەمجار هەر لەو ڕۆژانە، فیلمی خومەینی یان نیشاندا و یەکەم سڵاواتی ئیسلامی لێرەوە بەرز بووە.

هیچ حزب و ڕێکخراو و گرووپی سیاسی کورد، ئەو دەم بوونی نەبو. لە هەر شارێک کۆمەڵێک کەس هەبوون کە چەشنێک ڕێکخستنییان بۆ خۆپیشاندان دەگرتە ئەستۆ. ناوەندی خۆپیشاندانەکان زۆرتر فێرگەکان(دەبیرستان) و چەند زانستگا و گرووپی هونەری، فەرهەنگی لەم شار و ئەو شار بوون.

لە هەموو ئێران یەکگرتنی سیاسی، بەرنامەی هاوبەش، بوونی نەبوو، هەر گرووپ و حزب و دەستە دروشمی خۆی دەدا. لە نەبوونی ئاڵترناتیوی سیاسی و یەکگرتووی ڕێکخراوەیی، خەتی خومەینی هێدی هێدی زاڵ بوو، کە کۆمەڵێک لە کوردەکانیش لێرە و لەوێ چوونە ژێر عەبای ئەوان. ئەو کاتەی شا ڕۆیشت، مەیدان بۆ ئیسلامی ئاواڵە کراوە و کە مەلاش لە "نوفل لوشاتۆ" بە ئیسکۆرتی ڕۆژئاواییەکان هاتەوە، کار بۆ ئەوان تەواو و بۆ ئەوانی تر، کار لە کار ترازا بو.

کورد جگە لە خۆپیشاندان و دروشم، کاری زۆری نەکردبو. پاش دەست بەدەستکردنی دەسەڵات لە شا بۆ شێخ، ئەوجا کورد وەخۆ کەوت.

نزیک ساڵێک لە گۆڕینی ڕژیم تێپەڕیبوو، کە کورد بوو بە خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسی، کە بە پەلە پەل لە گوندێکی باشووری کوردستان نووسرابووە. بە پەلە یەکگرتنێکی چەند حزبی(هەیئەتی نوێنەرایەتی) پێکهات، کە دواتر لە بەر یەک هەڵوەشایەوە و شەڕ و لە یەک کوشتن دەستی پێکرد.

چل و چوار ساڵ لە ڕۆژانی یەکنەگرتوویی کورد تێپەڕیوە. کورد هێشتا ئەم مەسەلە دێرینەی خۆی چارە نەکردووە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کەوتۆتە ناو سەرهەڵدانێکی مێژوویی ترەوە، بە بێ بەرنامە و ستراتیژی گشتی و ڕێکخراوی یەکگرتو!

زۆرینەی هەر زۆری کورد کە لە ڕاپەڕینی ژینا بەشداران، هەمان کەسانی نێوان پازدە بۆ چل ساڵن، ڕێک وەک ساڵ ١٩٧٨. واتە نە پازدە بۆ چل ساڵەی سەردەمی شا و نە سەردەمێ شێخ هیچ دەورێکیان لە هێنانە سەر کاری هەر دوو ڕژیم نەبووە. ئەوانی سەدەی بیست نەیانتوانی دەستەڵاتی سیاسی پازدە، چل ساڵەی خۆیان و جیلی خۆیان بسەپێنن و بە ویستی خۆیان بژیین. ئەم بەسەرهاتە لە زۆربەی شۆڕشەکانی جیهان دووبارە بووتەوە.

هێزەکانی بەناو ئێران ئەگەر ئەو دەم حەوت تیرە بوون و یەکتریان نەدەگرت، ئێستا بوونەتە حەفتا تیرە، ئەوە دەتوانێ بە سوودی کورد بێ، گەر کورد هەڵەی سەدەکانی پێشتر لە هەموو بەستێنێکدا چەندبارە نەکاتەوە!

ئەوەش ڕوون نییە کە زۆرینەی کۆمەڵگای کورد چی دەوێ و داوای چی دەکات !ڕژیم درانگ یان زوو لەبەر یەک بڵاو دەبێ، کورد پلان و ویست و بەرنامەی چییە؟ پازدە بۆ چل ساڵەکان گەرەکە هێزی سیاسی، فکریی، کۆمەڵایەتی خۆیان کە زۆرینەیان کەنیشک و ژنن، بەکار بهێنن و مۆری فکریی، سیاسی، بەرنامەیی خۆیان لەم ڕاپەڕینەی ئێستا و سیستەمی سیاسی سبەی بوەشێنن و چاوەڕێی دەرەوەی خۆیان نەبن.

ژینا،

ببوورە کە ئێوە بە قەست بەرەو وەبیرهێنانەوەی تاقیکردنەوەکان دەکێشم. ئەگەر ئێمە ٢٢ ساڵەکانی ئەو کات پشتمان بە زانیاریی مێژوویی و تێگەیشتن لە خۆمان و وڵات و پێشینەمان گەرم بایە و ئەمرۆیی سەربەخۆ و بە پێی بەرژەوەندی نەتەوەکەمان جولابایینەوە، ڕەنگە تۆ ئێستا لە زانستگا خەریکی تاقیکردنەوەی نوێی ژیانی خۆت بایەی. ببورە.

ئەوەش دەزانم خوێندنەوە، چەتوونترە لە کاری تر.

بێ وەی بن

١٣ - ١٠ - ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(۱۹)




جیلی ٢٢ ساڵەکان و بۆشایی نێوان جیلەکان دایم مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی فەرهەنگی، هەروەها تێگەیشتنی مرۆڤ بووە. جیلی ٢٢ ساڵە بە پێی نۆرمەکانی ئێرە و ئەوێ و سیستەمی کۆمەڵایەتی و کاریی، جیلی ئامادەی کار و ژیانی سەربەخۆیە، هێزی سازکردن و نوێکردنەوە و پێشبردنی کۆمەڵگایە، گەر ئازاد و ڕێگای نوێکردنەوە و پێشکەوتن و پێشخستنی بۆ ئاواڵە بێ.

سەدەی بیست ویەک و ٢٢ ساڵی ڕابووردوو، ئەوە دەردەخات کە بەشێکی بەرچاویی نوێکارییەکان بە تایبەت لە بواری "ئای تی IT ، مێدیا، زانست، تەکنیک و لێهاتوویی دەستکرد KI ، هەر وەها هونەر" و شێوەی ژیانی جیاواز لە ڕابوردوو، گرێدراوی ئەم جیلەیە.

بەشی هەرە زۆری ٢٢ ساڵەکانی جیهان کەنیشکن. بەشێکی بەرچاو لە بلیمەتەکانی سەرگۆی زەوی ژنانن، کە سەدەی بیست ویەکیان بە پێچەوانەی سەدەکانی ڕابووردو کردۆتە سەدەیەکی پڕناوەرۆکتر. ئیدەکانی فەلسەفی هێندێک لە فەیلەسووفانی سەردەم، مزگێنێ جیهانێکی باشتر دەدەن، گەر تێگەیشتنی زاڵ بە سەر سیاسەت، ئابووریی، ژیان و مرۆڤ، پاشەکشەی پێبکرێ.

تێنەگەیشتن لە منداڵ و لاو و لێهاتوویی ئەوان لە لایەن مرۆڤی جیلی پێشوو، کە گرێدراوی کۆمەڵگا و فەرهەنگ و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیستەمی "پەروەردە" و دین و چەشنی حکومەت لە وڵاتانە، ڕێگرە لە ئازادی و ژیانی جیلی ٢٢ ساڵە و منداڵ و ژنان، واتە ڕێگرە لە پێشخستنی مرۆڤ و ژیان و کۆمەڵگا.

کۆمەڵگای ئێران و سیستەمی ئێران بە هەموو بەشەکانییەوە، وێنەی بەرچاوی لە ژێر پێنانی هەموو مافەکانی منداڵ و لاوە بە کەنیشک و کوڕەوە.

ئەم تێگەیشتنە کە منداڵ بە ناتەواو دەزانێ و دەبێژێ دەبێ بەو چەشنەی بنەماڵە دەیەوێ، "پەروەردە" بکرێ، یان فلان ئایین و ئیدئۆلۆژیی و فلان فەرهەنگ دەبێ بۆی دیاریی بکات کە چۆن بێت، دوورە لە سرووشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ.

جیاوازی لە مێشکی مرۆڤدا بۆ فێربوون، تێگەیشتن نییە، گەر نەخۆشی مێشک لە ئارادا نەبێ.

منداڵێکی ٥ و ٦ و ٧ ساڵان وەک هەر مرۆڤێک تێدەگا، بیر دەکاتەوە، جیهانی دەوروبەری لێکدەداتەوە و بە پێی تێگەیشتنی خۆی دەنواڕێ و هەڵسوکەوت دەکات.

ئەوەی هەڵەیە هەڵسوکەوتی گەورەکان و سیستەمە بەرانبەر بە منداڵ کە تووشی تاقیکردنەوەی نادرووست و زۆر جار ترسناک دەکرێ. منداڵ وەک هەر زیندەوەرێک تاقیکردنەوەی خۆی هەیە. مێشکی هەر منداڵێک وەک مێشکی گەورەکان لێهاتووە. فێردەبێ و تاقیکردنەوەکان بە چاک و خراپ وەردەگرێ و بەکاری دەهێنێ. گەر منداڵ ڕێگای فێربوون و تاقیکردنەوەی لێنەگیردرێ، مرۆڤێکی ئازاد دەردەچێ و شیرینی بە ژیانی دەوروبەریشی دەبەخشێ.

ڕژیمی ئسلامی ئێران ڕێک بە پێچەوانەوە لە گەڵ منداڵ و لاو جوڵاوەتەوە.

ڕژیمێک کە لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابووردو زۆرترین لاوی کوشتووە.

منداڵی سەدەی بیست و یەک ئیتر لە ناو کۆمەڵگای داخراو، سیستەمی "فێرکردن و بارهێنان"، دامودەزگای ئایینی و ئیدئۆلۆژیکدا قەتیس نەماونەتەوە. ئینتەرنێت، کامپیوتێر و سمارتفۆن و کەرەسەکانی تر دەرگای جیهانی بەڕوویاندا کردۆتەوە، جیهانێک کە گەورەترە لە هەر وڵاتێک.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دوژمنی حکومەتی داخراو، دینی و دیکتاتۆر ئەم سێ پیتەیە(www.).

کەنیشکی بیست و دوو ساڵەی کورد، کە بیست و دوو ساڵ لە سەدەی بیست ویەکدا ژییاوە، دەبێتە ژینا و ژیناکان. دەبێتە ڕابەر، پێشڕەو. دەبێتە بورکان بۆ حکومەتەکان و بۆ جیهانی داخراو.

شۆردنەوەی مێشک دەکرێ لە ڕێگای جیهانی مەجازییشەوە سەر بگرێ. وێرانکردنی مێشک و ژیان دەکرێ لە ڕێگای جیهانی مەجازی و مێدیاشەوە سەر بگرێ. جیهانی مەجازیش وەک جیهانی ڕیئال هەموو شوێنێکی هەیە بۆ ئەوەی منداڵ و لاو و گەورە ڕووی تێبکات، بەڵام ئەو منداڵ و لاوەی ئاشنا بێ بە ئازادی خۆی و ئازادانە خۆی لە ژیاندا دیبێتەوە و بنەماڵە هاوڕێگا و هاوڕێی ژیان و هاوقسە و هاوگفتوگۆی بوو بێت، دەبێتە ئەو لاو و منداڵانەی ئەمڕۆژانە لە شارەکانی ئێمە خەریکی گۆڕانی جیهانی خۆیان و جیهانی دەوروبەرن.

هاوڕێیکردنی منداڵان و لاوان لە ڕاپەڕینی ژینا، ئەرکی جیلەکانی پێشووە. ئازادی ئەوان بە مانای ئازادیی جیلەکانی تریشە. ئەو مرۆڤانەی دەنگی سەردەمیان بیستبێ، هاودەنگ و هاوڕێ دەبن.

١٦ - ١٠ - ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**(٢٠)**




ئەوەی ئەم ڕۆژانە ڕوو دەدا مێژوو و سەردەمێکی نوێیە، کاتێک منداڵی حەوت ساڵە داوای مافی خۆی دەکات. ئەوانە منداڵانی سەردەمی ڕۆشناییین، سەردەمی بیرکردنەوە، سەردەمی ئازاد ژیان.

دوو ملیارد و چوارسەد ملیۆن منداڵی ژێر حەفدە ساڵ، نۆسەد و دوازدە ملیۆن منداڵی یازدە بۆ حەفدە ساڵ، چوارسەد و بیست وحەوت ملیۆن لاوی نێوان هەژدە بۆ بیست وچوار ساڵ لە سەر گۆی زەوی دەژیین. واتە سێ ملیارد و دووسەد و سی وچوار ملیۆن مرۆڤی تەمەن هەتا بیست و چوار ساڵ. گەر ژمارەی مرۆڤی هەتا چل ساڵ تەمەن، لەم ڕێژەیە زیاد کرێ، گۆی زەوی زۆرترین هێزی گۆڕان و گۆڕانکاری لە خۆی گرتووە.

کاتێک گرێتا تونبێرگ Greta Thunberg کچۆڵەی دوازدە ساڵانەی سوئێدی بۆی دەرکەوت هۆی نەخۆشییەکەی تێکدان و تێکچوونی ژینگەیە، لە شوێنێک دانیشت و پلاکارت بە دەستەوە بۆچوونی خۆی دژ بە وێرانکردنی ژینگە و دژوارکردنی ژیان لە ناو سروشت دەربڕی. ئەو هەنگاوە بچکۆلانەی ئەو، بوو بە جوڵانەوەی گەردوونی منداڵان و لاوان.

دوو ڕاپەڕینی مەزنی سیاسی لە تەک ناوی دوو کیژی کورد و سوئێدی ژینا و گرێتا گرێ دراوە، ئەوە یانی دەرکەوتنی بیر و هزر و تێگەیشتن و هێزی منداڵ و لاو، لە پێشیانەوە کیژان .ڕەنگە زۆر کەس کاتی دیتنی گرێتا لە سەر شەقام کارەکەی ئەویان بە گەمەی منداڵانە لێک دابێتەوە، منداڵێک کە بوو بە ئاڵاهەڵگر و پێشڕەوی جوڵانەوەیەکی مەزن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕەنگە ئەم تێگەیشتنە بەرانبەر بە کارە مەزنەکەی ژیناش بووبێ، وەک ئەوەی بگوترێ، "تۆزێک لەچکەکەم دەکێشایە پێشێ و خۆم ڕزگار دەکرد". تێگەیشتنێک کە چل وسێ ساڵ بوو بە کاری ڕۆژانەی ملیۆن ملیۆن مرۆڤ. تێگەیشتنێک کە بەردەوام لە مرۆڤەکاندا دوبارە دەبێتەوە و بۆتە فەرهەنگ، وەک چۆن فارسەکان خۆیان ئێژن" آستە برو آستە بیا کە گربە شاخت نزنە"، کورد ئێژێ" سەری خۆت داخە و تێپەڕە!"

گرێتا و ژینا سەری خۆیان دانەخست، هەروەک چۆن منداڵی ئەم سەردەمە گەلێکیان سەر دانـاخەن. ئەوان دەیانەوێ ئـازاد بژیین.

بوونی ژینا و گرێتا و دەیان و سەدان کەنیشیکی ئیزەدی و کۆبانی کە لمبۆزی داعشیان لە نـاو خۆڵ وەردا و وڵاتیان لەوان پاک کردەوە، وێنەیەکی تری ژنانی ئەم سەدەیە.

تێگەیشتن بە ڕیشی درێژ و قژی سپی نییە، تێگەیشتن تەنیا لە لای پیاوی قەیرە نییە، تێگەیشتن بە باڵای پیاوان نەبڕدراوە و ماف و ئـازادی لە لایەن خودای ئەوانەوە دیاریی نەکراوە. مافی مرۆڤ لە لایەن پەیامبەرانەوە نانووسرێ. تێگەیشتن و مافی هەر مرۆڤێک گچکە و مەزن، لای مرۆڤەکە خۆیەتی!

هەڵەی گەورەکان بەرانبەر بە منداڵ و لاوان لەم سەدەیەدا و لەم ڕۆژانەدا زەقتر بۆتەوە. ئەو سەدەیە ئەو کەسانە بەڕێوەی دەبەن کە ناویان ژینا و گرێتایە، با ئەمڕۆ پیرانێکی وەک مەلا عەلی و پوتین و ئەردۆغان و بایدن-یش لەرزۆک لەرزۆک بێن و بچن.

هێزی سەرەکی ڕاپەڕینی ژینا لە کوردستان و شوێنی تر هەمان زۆرینەی منداڵ و لاو و ژنانە، ئەوان زۆرینەی دانیشتووانی سەر گۆی زەوین، پاش سەرکەوتنیان لە بوارەکانی تر، بەرەو گۆڕانی سیاسی ڕێ دەبڕن.

لە کوردستان دەبێ باوەڕ بەم هێزە بهێندرێ و بزاندرێ هەموو دەزگاکانی سیاسی بە دەست و مێشک و بیر وهزری ئەوان بەرەو گۆڕان دەچێ، ئەوە پەیامە بۆ کوردستان و هەموو هێزەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی.

ئەوەی ئەم پەیامە نەبیستێ و لەرزۆک لەرزۆک بجوڵێتەوە و ڕابەرایەتی نەسپێرێتە ئەم هێزە، لە سەردەم و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گۆڕانکارییەکان وەدوا کەوتەوە. سەدەی هەژدە ئەوانەی پەیامی ڕۆشەنگەرییان نەبیست، وەبەر چەرخی سەدەی خۆیان و سەدەکانی تر کەوتن.

گریتا و ژینا لە کات و زەمان و دەرفەتی خۆیاندا جولانەوە و لە سەر کاتی هات و نەهات ڕانەوەستان، بۆیە بوونە پێشڕەو.

باوەڕ بە هێز و هزر و توانای گریتا و ژینا بهێنیین .هاوشان و لە پشتیانەوە هەنگاو بنێیین.

١٨ - ١٠ - ٢٠٢٢

---

(٢١)




ڕژێمی ئیسلامی ئێران بۆ وێرانکردنی منداڵ و بێگانەکردنی لە خۆ و دوورخستنەوە لە سرووشتی خۆی، لە سیستەمی "فێرکردن و بارهێنان" کەڵکوەردەگرێ، بۆ ئەوەی کەسێکی دەستکردی مێشک شۆردراو لەوان ساز بکات. ئەمڕۆژانە بەرچاوتر لە هەر سەردەمێک بەرهەمی ئەم سیستەمە بە تایبەت لە کوردستان دەبیندرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مرۆڤی کورد زۆرترترین جیاوازی ژنێتیکی، پێشینەیی، مێژوویی، زمانی، فەرهەنگی، ئایینی، دابونەریت و خوو خدە و هەروەها جیاوازی ڕووکاریی لە تەک فارس هەیە وهێندەی کورد نزیکایەتی لە گەڵ ئەرمەن و جوو هەیە، ئەوەندە لە فارس نزیک نییە، بەڵام مرۆڤی کورد هەیە و هەبووە کە خۆیان لە فارسدا تواندۆتەوە و بەرانبەر بە کورد ڕادەوەستن و بۆ مانەوەی سیستەمێک کورد دەکوژن کە بە هەموو جۆرێک دژی بونیاد و بوونی هەرکام لەو کەسانەیە کە خۆی بۆ بە کوشت دەدەن.

ئەوانەی خۆیان لەم سیستەمەدا دیتۆتەوە تەنیا مووچەبگیر، مەزهەبی، کارمەند و کاربەدەستی ئەوان نیین. ئەوانەی کە ئەمرۆژانە خۆیان لە ناو فەرهەنگ و سیاسەت و ویست و دروشمی بەناو ئۆپۆزسیۆنی ئەم ڕژیمە و بەرنامەکانیاندا دەبیننەوە، خۆیان لە سیاسەتی هاوبەش لە گەڵ ئەواندا دەبیننەوە، ئەو کەسانەن کە ناپرسن ئەوان و بەرانبەرەکەیان کێن؟ دەبێ بپرسن، چی لەواندا هەیە کە خۆیان لەواندا دەبیننەوە؟

ئەو سیستەمانەی کە بە ناوی "فێرکردن و بارهێنان' ئێمەی تاکی کوردی تێدا بەناو "پەروەردە" کراون لە چوار وڵاتی تورک و فارس و عەرەب سیستەمی توانەوە و بێگانەکردنی ئێمە لە گەڵ هەموو پێکاتەکانی خۆمان بووە.

ئەوەش هەر ئەو مێژووە دەگەڕێنێتەوە کە پێشینایی ئێمەی بێناسنامە کردووە.

گەر لێکۆڵینەوە لە شوێنەکانی باڵکان و ئافریقا بکرێ کە بە ناوی ئیمپراتوری ئیسلامی عوسمانییەوە داگیرکرابوون، دەردەکەوێ، لە ناو ئەو کۆمەڵگایانە جێ پێی ئەو کوردانە دەبیندرێ کە لە ژێر ئاڵای ئیسلام و لەشکری تورکی عوسمانی خۆیان گوتەنی"سورگوین" کراون و لەو شوێنانە ماونەتەوە و هێشتا تاک و تەرایان، کۆمەڵێک دابونەریت و کەتە زمانێکیان لە خۆیاندا هێشتۆتە و زۆرینەیان بە گشتی تووانەتەوە. کورد هەر کاتێ خۆی لە ژێر ئاڵای ئیسلام و تورک و عەرەب و فارس -دا دیتبێتەوە، بێ ناسنامە ماوەتەوە!

کوردانی باڵکان، بۆ پارێزگاریی لە ئیسلام و کیانی تورک خۆیان لە ناوبرد، هەروەک چۆن هەمان مامەڵە لە ناو کیانی پارسدا کرا و ئێستاش کەم نیین ئەو دەستە و گرووپ و حزبانەی لە چوارچێوەی سیاسەت و تئۆری هەڵبەستراو، گەرەکیانە هەمان ڕێگا ببرن کە پێشینیانی ئەوان لە ڕژیمی پەهلەوی و ئیسلامی و پێشتر، بڕیویانە.

ئیسلام و مەکتەب و حوجرەکانی، هەر ئەو کارەیان کردووە کە سیستەمی نوێی "فێرکردن و بارهێنان" لە سەد ساڵی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕابووردوو لە چوار وڵاتی بە ناو ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە گەل کوردیان کردووە.

ڕاپەڕینی ژینـا، ئەگەر بـۆ فـارس و ئەوانی دی ڕاپـەڕینێکی ڕووکـەش بـۆ ئـەم ویسـت و ئـەو ویست بـێ، بـۆ کـورد دەبـێ ڕاپەڕینێکی گەڕانەوە بۆخۆ و ڕاپەڕینی خۆناسینەوە وەک یـەک نەتـەوە بێ و نەچینە نـاو گەمەی فۆڕمالیستی ڕۆکەشیانەی خۆفریودەرانە.

کورد یان کوردە بە ناسنامەی خۆیەوە دێتە مەیدان، یاخود ئەو جلوبەرگەیە کە تورک و عەڕەب و فارس بە بەریاندا کێشاوە و ناوی خۆشیان لە سەر داناوە.

دەبێ بگوترێ و بە ئاشکرا بگوترێ سیاسەتی تەسک و هەرزانخرێ ئەم حزب و ئەو حزب و ئەم گرووپ و ئەو گرووپ، ئەم نووسەر و ئەو نووسەر، ئەم ژۆڕنالیست و ئەم ژۆرنالیست کە بـوونەتە زینـدانی نـاو تێگەیشتن و هەست و نەست و ویست و خواست و سیاسەتی بەرانبەرەکەیان، نە دەتوانن ئازاد بن، نە بە ئازادی بگەن.

ژینا ئازاد بوو، ژینا خۆی، خوودی خۆی بـوو، ئەو لـە نـاو پایتەختەکەیان، لـە نـاو ئـەو دڕندانـەی دەورەیـان دابـوو، خۆی مایەوە، کە نەیویست وەک ئەوان بێ، هەمان مامەڵەیان لە گەڵ کرد کە لە گەڵ "شیرین عەلەم هولی"یان کرد.

دەبێ مرۆڤی کورد و بەناو نوخبە، یەک شت فێربووبێتن، "هەتا خۆت بـی و لـە سـەربوونی خۆییبـوون سوور بـی، قوورساییت لە لایەن بەرانبەرەکەشتەوە کە دوژمنیش بێ هەیە و ناتوانێ بێتە نـاو و دەروونتـەوە". ئـەو کەسـەی، ئـەو حـزب و گـرووپ و دەستەیەی خـۆی نییـە و نـاتوانێ خـۆی وەک خـۆی ئیفـادە بکـات، نـاتوانێ سیاسـەت بکـا و لـە سیاسەتیشدا هیچـی دەست ناکەوێ، هەر وەک چۆن تا ئێستا دەستیان نەکەوتووە.

نموونەی هەرە بەرچاو، حزب و بەناو سیاسەتمەداری باشوور وڵاتـی ئێمەیە، کـە لـە هـیچ پایتـەختێکی ئـەم چوار وڵاتـە و پایتەختەکانی تر ، قورس وەرناگیرێن، بە فیتویەک دەگەنە تاران و بە فیتویەکی تر بەغدا و ئانکارا و واشنگتۆن.

سی سـاڵە بە نـاو حکومەت دەکەن و شتێکیان بە نـاوی "سیاسـەتی دەرەوە" بـۆ کـورد، نییـە. "سیاسـەتمەدار"ێکی باڵایـان لە وڵامی پرسیارێکی نووسەری ئەم دێرانەدا، کە "سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی کوردستان لە سەر چی ساخ دەبێتەوە؟" گوتی:" سیاسەتی دەرەوەی ئێمە شەڕ لە گەڵ ترۆریسمە"!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەگەر قووڵ بخوێندرێتەوە، دەبێتە "مەرزدارانی غەیور" کە جار لە گەڵ خاچپەرەستەکان بۆ تورک و ئیسلام و عەرەب شەڕ دەکەن و جار لە تەک "داعش!"

مرۆڤی ناو حکومەتی باشوور و حزبەکانی، پەروەردەی هەمان سیستەمن کە لە گەڵی بەشەڕ هاتوون و هێشتا خۆیان لە سیستەمی کوردبوونی خۆیاندا نەدیتۆتەوە. ئەوان ئێستاش ئەو منداڵانە پەروەردە دەکەن کە وەک خۆیانی لێدەردێ .ئەمە مرۆڤی کورد لە باکوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش دەگرێتەوە.

گەر ڕاپەڕینی ژینا بەرەو خۆمان نەگەڕێنێتەوە و کەسایەتی و سیاسەت و بەرنامە و چۆنیەتی هاوکاریمان لە گەڵ دەوروبەرمان ڕوون نەبێ، دەکەوینەوە دووبارەکردنەوە.

ئەو تاقیکردنەوانەی لە مێشکماندا تۆمار کراوە، ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی کارەساتەکان، هەتا لە ناو مێشکماندا گۆڕان بە سەر تاقیکردنەوەکانی تۆمارکراو لە "مێشکماندا" نەهێندرێ، نەویست و بەویست دووبارە دەبینەوە.

مێشکی ئێمە پێویستی بە زانیاریی و تاقیکردنەوەی تازەیە، تازەبوونە لە ژینا و ژیناکان فێربیین. با ژیناکان بە خۆمانەوە نەگەڕێنینەوە بۆ دواوە.

ژینا بە پێچەوانەی تاقیکردنەوەی هەشتاو دوو ملیۆن کەس جولاوە.

ئەو تۆوی تاقیکردنەوەیەکی نوێی لە مێشکی هاوتەمەنی خۆێ و منداڵ و گەورەکاندا چاند.

١٩ - ١٠ - ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## (٢٢) بەشی کۆتایی




تۆژینەوە لە سەر خۆمان و ئەوانەی دەوروبەرمان، یارمەتی بە ناسین و تێگەیشتن لە خۆمان و ئەوان دەدات. ئەوەی ئایا ئێمەی کورد بە پانتای یەک نەتەوە خۆمان دەناسین، لە یەکتر تێدەگەین، ئایا بۆ ناسین و تێگەیشتن لە یەک کار کراوە، ئایا بنەمایەکی گشتی کە هەموو لە سەری ساخ بنەوە هەیە، ئایا کار بۆ قووڵبوونەوەی تێگەیشتن و خۆناسین کراوە و دەکرێ؟

ئەوانە پرسیارگەلێکن کە وڵامیان ڕوون نییە، ئەوش ڕوون نییە کە ئایا ئێمە بەرانبەرەکانمان دەناسین؟

ئایا سنوورەکانی خۆمان و ئەوان ڕوونە؟ زۆرێک لەم پرسیارانە وڵام نەدراونەتەوە و ڕەنگە پرسیاریش نەبووبێ. بە گشتی زۆرینەی مرۆڤی کورد لە هەست و ئیحساسدا دەکوڵێ، ئەمە لە مەنتق و سیاسەت و هەڵسوکەوت لە گەڵ بەرانبەرەکەماندا، خۆ دەنوێنێ.

بەرانبەرەکەمان سنوورەکانی لە هەموو بەستێنێکدا لە گەڵ ئێمە ڕوونە و لە سنووری خۆیان دەرناچن. فارسی سەفەوی، تورکی عوسمانلی و عەرەبی سووری و عێراقی چ وەک دەوڵەت و حکومەت و چ وەک نووسەر، هونەرمەند و نوخبە و ئاکادمیسین، سنووری خۆیان لە گەڵ کورد دەزانن و لێی ناترازێن.


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کاتێک منی کورد خۆم بە ئێرانی، تورکیایی، عێراقی و سوریایی بزانم، سنووری ئەتنیکی، زمانی، نەتەوەیی و کەسایەتی تاکی خۆم، تێک داوە. کاتێک خۆم بە کوردی هەر کام لەو وڵاتانە بناسێنم، ناسنامەم لە خۆم وەرگرتۆتەوە و خۆم بە ناسنامەی کەسێکی تر ناساندووە. لە هەمان کات بێ نیشتمانی خۆم لە قاو داوە.

ئەو گرفتەی کە تورکەکانی جیلی دوو و سێ و دواتر لە وڵاتی ئاڵمان پاش شەڕێ دووهەمی جیهانی بۆیان هاتە پێش، هەر ئەوە بوو. ئێستا خۆیان بە خۆیان دەڵێین " تورکی- ئاڵمانی". لە سەرەتا بەوان گوترا" کرێکاری میوان". تورکی – ئاڵمانی دەتوانێ ببێتە وەزیر و وەکیل و بەرپرسی حزبی ئاڵمانی، دەتوانێ بچێ خوێندن و نووسینی تورکی فێر بێ، ڕێوڕەسمی خۆی هەبێ و مزگەوتی خۆشی ساز بکات، بەڵام بە خەیاڵیش ناتوانێ داوای فێدرالیسم و هەرێمی خۆی بکات، هەر وەک چۆن تورکی بولغارستان و باڵکان ناتوانن.

ئێران و تورکیا حیسابی تورکی - ئاڵمانیش بۆ کورد لە سەر خاکی خۆی کە داگیر کراوە، ناکەن!

نەتەوەی باڵا دەست، خۆی بە خاوەنی سەرزەوینی نەتەوەکانی ژێردەستی خۆی دەزانێ و زمان و فەرهەنگ و ئایینی خۆی دەکاتە زمان و فەرهەنگ و ئایینی ئەوان و نەتەوەی ژێر دەست هێدی هێدی خۆی لە گەڵ زمان و فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەی سەر دەست ڕادەهێنێ، پرۆسەیەک کە لە ئامریکا، کانەدا، ئوسترالیا و گەلێک شوێن چەسپێندراوە.

سەدەی بیست فارسی سەفەوی بە پێی تئۆری فرووغی سەرۆک وەزیرانی ڕەزا شا، پرۆسەی بە ئێرانیکردنی کوردی کردە سیاسەتی ڕەسمی. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە کەوتنە چەواشەکاری. زمانی کوردی کە کۆنتر و بەرینتر لە زمانی فارسی یە، کرا بە " بنزاراوە"ی زمانی فارسی! نەتەوەی کورد کرا بە "قەوم"ێکی فارس، هەر وەک چۆن لە تورکیای ئاتاتورک، کورد کرا بە "تورکی شاخی"!

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە زانستگاکان، ناوەندەکانی بە ناو زانستی لە ئێران کەوتنە مێژوو و تئۆری سازکردن، لە دەرەوەی ئێران نووسەر و ڕۆژهەڵاتناس، مێژوونووس "ئەجیر" کران بۆ ئەوەی بە ناوی زانست، کورد لە فارسدا بتوێننەوە.

بەشێک لەم کەسانە کە تئۆری ئێرانی بوونی کوردیان جاڕ دەدا کوردانی وەک "ڕەشید یاسەمی" بوون. کتێبەکانی مێژوو خرانە "فێرگە"کان بۆ ئەوەی منداڵی کورد فێربکرێن و شانازی بە ئێرانیبوونی خۆیان بکەن. "حزبی ایران"، "حزبی پان ایرانیست"، "حزبی رستاخیز"، "جبهه ملی"، "حزبی توده ایران" پڕ کران لە کورد، بۆ بە ئێرانی کردنی کورد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نووسەر، شاعیر، هونەرمەند، وەرگێڕ و شارەزاکانی کورد بوون بە پاڵپشتی فەرهەنگ و زمان و هونەر و کیانی نەتەوەی سەردەست، کە هەموو دەزگای حکومەتی و ناحکومەتی خۆی بۆ تواندنەوەی نەتەوەیەکی گەورەتر لە نەتەوەی خۆی، تەرخان کردبو.

ئەو نەتەوەیە کە ئەم پرۆسەیەی پێواوە، ئایا بیر دەکاتەوە؟ خۆی دەناسێ؟ لە خۆی و بەرانبەرەکەی تێدەگا؟
کەسی بەرانبەر بە کورد سنوورەکانی خۆی دەناسێ، کوردە کە سنوورەکانی دیارە نییە!

کەسێکی بەناو و دەنگە و بە ناوی دامودەزگایەک جاڕی پارێزگاریی لە مافی مرۆڤ لێدەدا. بابەتێکی ئەدەبی- هەستیارانەی سیاسی لە سەر ژیانی ژینا بە ناوی "مەهسا" داڕشتووە، ناوی ژینا نەهاتووە، ناوی شارەکەی نەهاتووە، کوردبوون و کوردستانی بوونی باس نەکراوە. ئەم تێکستە زۆرتر و زۆرتر لە لایەن کوردەکانەوە دەست بە دەست گەڕاوە.

شاعیرە و زۆریش بەناوبانگە و هەژدە عەیار دژی ڕژیمی مەلایە و بەردەوام لە سەریان دەنووسێ و زۆریش شارەزایە، ئەویش هەمان خەتی گرتۆتە پێش. ئەمانە و دەیانی تر لەم ڕۆژانە بە ناوی نووسەر، هونەرمەند، سیاسەتمەدار خەتی ۲۵۰۰ ساڵەی خۆیان جاڕ دەدەن و خەتی سەرەکیان بە ئێرانی کردنی کورد و تکۆلێکردن لە هەموو هێمایەکی کوردبوونە. هەمووشیان بە لۆکەی یەکیەتی و یەکپارچەبوون و یەک ئاڵا، یەک میللەت، یەک وڵات، سەری نەتەوەکانی تر لەوانە کورد دەبڕن .بۆ ئەوان یەک زمان، یەک فەرهەنگ، یەک ئاڵا، یەک ناسنامە، یەک وڵات، یەک مەزهەب ڕەسمی و فەرمی یە و ئەوی تر نارەسمی!

لە لای ئەوان، ئەوەی دەبێ بگۆڕدرێ ناوی "ژینا"، "ژن، ژیان، ئازادی" یە. ئەوەی دەبێ بگۆڕدرێ، دروشمەکانی نەتەوەکانی ترە، ئەوەی دەبێ لا بدرێ ئاڵای ئەوانی ترە، ئەوەی دەبێ بگۆڕدرێ زمانی ئەوانی ترە، ئەوەی دەبێ بگۆڕدرێ گوتن بە زمانی ترە، ئەوەی دەبێ بگۆڕدرێ کورد، ئازەری، عەرەب، بەلوچ، تورکمان، گیلەکبوونە.

ئەم خەتە درێژەی خەتی ڕەزاشا- فرووغی یە و کورد و حزب و نوخبەکانی لە درێژ کردنەوەیدا بەشدارن.
کورد بە نووسەر و ژۆرنالیست و شاعیر و سیاسەتمەدار و نوخبەکانیەوە، لەم ڕۆژانەدا ئازموونێکی نوێ تاقی دەکەنەوە، کە نازاندرێ بەرەو کوێ دەچێ!
کوردی سیاسی لە ساڵی ۱۹٤۷ ەوە، بەردەوامە لە پێشبردنی ئەم سیاسەتە. زیاتر لە سەد ساڵە ئێرانیبوون بۆتە ناسنامەی ڕەسمی کورد. زیاتر لە دووهەزار ساڵە بە ناسنامەی ئەوانی ترەوە کورد خۆی دەناسێنێ. بۆ؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ژینا سیاسەتمەدار نەبوو، نووسەر و شاعیر و هونەرمەندی ناودار و تئۆرسین نەبوو، کەنیشکێکی کورد بوو، سەلماندی کە ئێرانی نییە و وەک ئێرانی لە تاران نەجولایەوە، ئەو وەک ژینا جولایەوە، نە وەک مەهسا! ئەو وەک خۆی جولایەوە، وەک ژینا !

سیاسی، نووسەر، هونەرمەند، نوخبەی کورد وەک چی دەجولێنەوە؟!

٢٢ - ١٠ - ٢٠٢٢

---

## ژینا نامە

**(٢٢ - ١)**




منداڵی سێ ساڵانە دەپرسێ" من لە کوێوە هاتووم؟"، مەبەستی ئەوەیە مرۆڤ لە کوێوە هاتووە، دەپرسێ"خودا چییە؟" گەورەکان بەم پرسیارە دەسڵەمێنەوە! منداڵ گەرەکیە خۆی و جیهان بناسێ، گەر فەرهەنگ، کۆمەڵگا، دابونەریت، بنەماڵە، ئایین، تەرسەزانست لێی تێکنەدەن!

حەڤدە ساڵان بوو لە ڕێگای بیرکردنەوە کەرەسەیەکی نوێی دۆزییەوە و بوو بە خاوەنی دوو شەریکەی جیهانی، تەنیا دەزگای بەردەستی کامپیوتێرێکی کۆن بو!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

منداڵ لێهاتووە، گەر نەخۆش نەبێت و نەخۆشی نەکەن. مەسەلەکانی منداڵی ئەمڕۆ "سورەی مریشکە ڕەشە"، دۆعای چوون بۆ سەر ئاو، خۆهاڵاندن لە پارچەی ڕەش لە بەر چاوحیزان نییە! منداڵی ئەمڕۆ دەیەوێ جێگای ڕاستەقینەی خۆی کە لێی زەوت کراوە، وەرگرێتەوە!

ئێمەی منداڵانی سەدەی ڕابووردو، لە گەڵ ترس و نەزانی تێکەڵبووین، لە خەودا لە ترسی "ئەلهاکی دێو"، "سووتاندنی سیرەت لە جحەندەم"، شووڵی ئاقای"ق" لە فێرگە، لە ترسی جنێوباران، ڕادەچڵەکاین. ئەو کەسانەی فێریان دەکردین وەک خۆمان، منداڵانی بەر لە ئێمە بوون!

لە لێزان و "پیری سیاسی" دەگەڕاین، ڕۆژێک لە نەخۆشخانەی فیروزگەری تاران، چووینە لای ماقووڵانی سیاسی سەر بە خەتی "میللی ـ میهەنی"، کە لەوێ کۆدەبوونەوە. لە وڵامی ئەو پرسیارە کە حزبەکەیان چییان بۆ کورد هەیە؟ وڵامیان داوە "فعلا مسئلە مهمتری در پیش است." مەسەلەی گرنگتر بۆ ئەوان، ڕووخانی ڕژیم بو.

بە دەگمەن پیری سیاسی کورد لە دەرەوەی حزبەکانی ئێرانی، هەبوون، ئەوانەش چاومان پێیاندەکەوت، دوورکوژ بوون.

بۆ وڵامی کۆمەڵێک پرسیار چووینە ماڵی یەک لەوان لە شاری تاران، کە لە ماڵەکەی هاتینە دەر، جگە لە ئالۆزی مێشک، پرسیاری بێوڵامی ترمان لێ زیاد بوو. ئەو دواتر بوو بە یەک لە چەند سیاسەتمەداری بەناوبانگی کورد. هەر ئەو کەسە، کەسێکی بەناوبانگی تری وەها لە بەرچاو ڕەش کردین کە تووخونی نەکەوین. دردۆنگی پیرانی سیاسی لە یەکتر ترسی "ئەلهاکی دێوی" تێدا، زیندوو ڕادەگرتین.

ئێمەمانان کە بەردەوام لە نێوان تاران و تەوریز و شارەکانی کوردستان هاتوچۆمان دەکرد، لە زانا، لە تێگەیشتوو، لە جیلی سیاسی پێش خۆمان دەگەڕاین. لە ڕابووردو دابڕابووین و ئێستای خۆمان لێ ڕوون نەبو!

خوێندکارانی کوردی زانستگا لە هاتوچۆی ئەم شارو ئەوشار دابوون، کۆڕ و کۆمەڵ بە ئاشکرا و نهێنی دەبەسترا، وەک ئەمڕۆژانە، باس لە فەلسەفە دەکرا، بەڵام وڵام بۆ فەلسەفە چییە، نەبو!

لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی عیلمی و ئەدەبی، کانوونی موعەلیم و خوێندکار، پیری سیاسی، شاعیر و نووسەر و لاوی تازە پێگەیشتوو بە لاساییکردنەوە لە پیران شیعر و پەخشان و هەستی شۆڕشگێڕانەی خۆیان دەردەبڕی. قسەکان قسەی ئاسایی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و بژی بژی بوو، جگە لە قسەی چەند کەس، هاورێیەکی نزیکی شەریفزادە و موعینی، کەسێکی ئەندامی "کۆنفیدراسیۆنی خوێندکاران" لە ئورووپا، ئەم دووانە ترۆر کران. ئەوان شتیان دەزانی و ڕاستگۆ بوون. کەسی سێهەم زینندانییەکی سیاسی، بیرمەندێکی کرماشانی بوو، ڕژێمی ئیسلامی کوشتی.

لە کاتی سەیرکردنی کتێب لە قەراخ شەقام کەوتە قسەکردن لە گەڵم، کە گەرمی قسە بووین خۆی ناساند و گوتی "کورد دەبێ داوای سەربەخۆیی بکات، دەرفەتی وا بۆ کورد دەست ناکەوێتەوە"! ئەو کەسەش ڕەنگە هەڵواسرابێ!

ئێمە منداڵانی سەردەمی "سورەی مریشکە ڕەشە" ئاوا بەسەر بەناو "ئینقلاب"ی خەڵکەکانی ئێراندا کەوتین! قسەکانی کابرای سیاسەتمەداری فارس " فعلا مسئله مهمتری در پیش است" ئەمڕۆژانە تازە دەنوێنێ و لە دەمی بەرپرسانی سیاسی کوردەوە، منداڵانی دوێنێ و پیرانی ئەمڕۆ دەبیستری.

ئەمڕۆژانە ئیتر بە شوێن لێزان و پیری سیاسیدا ناگەڕێم، ڕوو لە تاران ناکەم، لە گەڵ خەڵکی جیهان ڕوو لە کوردستان دەکەم.

منداڵی سێ ساڵەی سەرەتای ئەو سەدەیە گەورە بوون، دەزانن لە "کوێوە" هاتوون، دەزانن "خودا" چییە و چی نییە! دەزانن چیان دەوێ، پێویست ناکا بپرسن "فەلسەفە" چییە! ئەوان خۆیان بیر دەکەنەوە و زانیاریی لە "سورەی مریشکە ڕەشە" وەرناگرن!

پەیامبەرە درۆزنەکان ترۆر ناکرێن و ناکوژرێن، ئەوان دەمرن!
ڕاستگۆکان، ژیناکان، کوژرا و ترۆرکراوەکان، دەمێنن.

ژینا،
دەمویست تەنیا ٢٢ نامەت بۆ بنووسم...

٢١ – ١٠ - ٢٠٢٢

مەبەست " جزوە یا جیزمی" مریشکە ڕەشەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(٢٢ - ٢)




دوو زیندانی سیاسی لە دەروازەی شار، لە سەر قەڵاندۆش بە ڕێپێوان و دروشمی سوور گەیشتنەوە نزیک ماڵ، لە گۆڕەپانی گەورەی شار وتارگوتن دەستی پێکرد، لە ناکاو ئەم دروشمە "داس و چەکوش سەرنێزە مەحکوم دەکات" لە زاری کەسێکەوە دەرپەڕی، کەسی وتاربێژ، لە وڵامدا وتی" دانیشە.... قورعان سەرنێزە مەحکوم دەکات"! ئەمە دەربڕی دوو بۆچۆنی دوو جیلی نوێ و کۆن بوو، یەک، ئیلاهی و ئیسلامی، دوو، زەوینی و ماتریالیستی! شەڕی ئەم دووانە، شەڕی هیچیان نەبو. باوەڕی هەرکیان باوەڕی ئەوان نەبو. هەر دوو لە یەک شتدا هاوبەش بوون، بێگانەبوون لە خۆ و خۆ لە ئەویتردا دیتنەوە، وەک جیلەکانی بەر لە خۆیان.

بیست ساڵان لە ژێر چەنگاڵی عەجەم
ناڵاندم بەسەد دەرد و غەم
کێوی بەختمان دایگرتبو تەم
کەس یارای نەبو بێژێ ئەمن هەم
روس نەجاتی دام بو بە فریشتەم
بژی ئیستالین خۆش چەکچو داس
لە ژێر ئیستبداد کوردی کرد خەلاس "هەژار – ئاڵەکۆک"
وەرە مەیدانێ لە ڕێی نیشتمان/ بکە قوربانی سەر و ماڵ و گیان (هێمن)
بیایید همه تن به کشتن دهیم/ مبادا که فرصت به دشمن دهیم (فردوسی)
ئەی خالقی عەرد و ئاسمانان
وەی خالقی جوملە ئینس و جانان


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مولک و مەلەک و فەلەک بجارەک

بیلجومە تە چێکرن تەبارەک (خانی(

تۆ پادشا نیشانی بۆ هەر سەوادی ئەعزەم

بێ سەدر و شانشینی بێ پەردە پەردەداری

هەر ئەمری تۆ مەدارە بۆ کار و باری عالەم

هەرچەند بێ وەزیر و بێ سەدر و کار وباری (حاجی قادر(

ای خداوند خراسان و شهنشاه عراق

ای به مردی و به شاهی برده از شاهان سباق

ای سپاهت را سپاهان رایتت را ری مکان

ای ز ایران تا به توران بندگانت را وثاق

ای جهان را تازه کرده رسم و آیین پدر

ای برون آورده ماه مملکت را از محاق

ای ملک مسعود بن محمود کاحرار زمان

بر خداوندی و شاهی تو دارند اتفاق

هم بدان رو کاشتقاق فعل از فاعل بود

چرخ و سعد از کنیت و نام تو گیرند اشتقاق

از همه شاهان چنین لشکر که آورد و که برد

از عراق اندر خراسان وز خراسان در عراق

همچنان باز از خراسان آمدی بر پشت پیل

کاحمد مرسل به سوی جنت آمد بر براق

ای فراق تو دل ما بندگان را سوخته

صدهزاران شکر یزدان را که رستیم از فراق ( منوچهر دامغانی)

تێگەیشتنی پشت ئەم شیعرانە لە یەک جیاواز نییە، ئەوەی وەشوین ئەویتر کەوتووە، کوردەکەیە! تێگەیشتنی شاعیر و نووسەر و سیاسی کورد بە خەستی لە کۆنەوە لە ژێر سێبەری تێگەیشتنی ئیسلامی - ئیلاهی، نووسەر و شاعیر و سیاسی نەتەوەی باڵادەست و فکر و فەلسەفەی دەستەچەندەمی ڕۆژئاوا لە ڕێگای ئەوانەوە بووە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نە ئیسلامی محەممەدی و نە مارکس و ئینگلس بە ویستی کورد لە ڕێگای زمانی کوردییەوە نەهێنراونەتە کوردستان.

گەر کورد بە ویست و تێگەیشتنی خۆی لە فەلسەفەی ئورووپا تێگەیشتبا و خۆی تێکەڵ بە جوڵانەوەی هزریی یۆنانی هاوسای و لە سەدەی نۆزدە تێکەڵ بە شۆڕشی ڕزگاری نەتەوەکانی باڵکان بە دژی ئیمپراتوری عوسمانی - ئیسلامی کردبا، ژیانی سەدەی بیست و بیست و یەکی گرێدراوی جرجاڵەکانی سەدەی بەردین نەدەبو.

ئێمە سەدەکانی ڕابووردووی خۆمان بەو نەتەوانە و تێگەیشتنیان دۆڕاند کە ئێمەیان کردبووە ژێرچەپۆکەی تێگەیشتنی خۆیان. خۆ لە ناو تێگەیشتنی ئاتاتورک، ڕەزا شاه، خومەینی، فرووغی و جەهانبەگلوەکان، ئیدول و ئیدئۆلۆگ و تئۆرسێنی تورک و فارس و عەرەبدا دیتنەوە، چەشنێک لە کۆیلەبوونە.

فەرهەنگ و هونەر، سینەما، شانۆ، ئەدەبیاتی ئێمە لە ژێر باندۆڵ و لە ژێر سێبەری سیستەمی چوار وڵاتی داگیرکە و نوخبەی ئەوان دایە و نوخبەی کورد لە نێو سیستەمی ئەواندا خۆیان دیتۆتەوە. مۆنتاژکاریی لە هەموو بەرهەمێکی فکریی، فەرهەنگی، هونەریی ئێمەی کورددا دەبیندرێ.

سیاسی کورد کە زیاتر لە سەد ساڵە لە فۆرمی حزبدا سیاسەت دەکەن، دەزگای هزریی، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان نییە بۆ ئەوەی ئاگاداری مێژوو، کۆمەڵگا، فەرهەنگ، باوەڕ و تێگەیشتنی خەڵک بن. هیچ حزبێکی کورد لە بەستێنی ناسینی کورد و کوردستان و پێشینەی، چوار کتێبی نییە بیخاتە بەر دەستی ئەندامانی.

زانستگای کورد نەپرژاونەتە سەر کاری ئەساسی و بونیادی بۆ ئەوەی بە پێی زانست کۆنترین مرۆڤی نیشتەجێی مێزۆپۆتامیا(ناوچۆمان) بناسن و پێناسەی بکەن. زانستگای ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا بە دەستی مرۆڤی کورد چەواشەکاریی ناو مێژوو و زمان و فەرهەنگ و هونەر و کۆمەڵگای کوردی کردووە.

هێچ کۆمەڵە ئایینەباوەڕێکی کورد نەهاتن بە شوێن بنەمای ئایینی کورد و بنەمای بیر و هزر و تێگەیشتنی کورد بکەون، ئێستاش نازاندرێ جوغرافیای کوردستان لە کوێوە بۆ کوێیە .بەڵام هەموی ئێمە شارەزای مێژووی فارس و تورک و عەرەب و زمان و ئایین و کیانی ئەوان هەین.

ڕووکەشێک لە خۆمان وەک کورد دەزانیین و خۆمان لە ڕووکەشبووندا دەبینیینەوە. گەر جیهانی مەجازیشمان داگیر کردبێ،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆمان بە ڕووکەشەکانەوە خەریک دەکەین و هەستمان دەکوڵێ و مێشکمان گەرم دادێ و دڵمان خێراخێرا لێدەدا. گەر ئەندامی حزب و گرووپ ببین، گەشکە دەمانگرێ گەر مۆری گرووپەکەمان لە شوێنێک درابێ.

ئەمانەی باس دەکرێن ڕاستی ئێمەیە و ئێستاش هەر وایە. هێندە خزمەتی ئیسلام و تورک و عارەب و فارسی و کیانی ئەوانەمان کردووە، بۆمان بووە بە عادەت، فەرهەنگ، تێگەیشتن.

خۆ هەڵواسین بە خودا، لەنین، ستالین، فردووسی، منوچیهری و بێژماری تر، مرۆڤێک دەنوێنێ کە لەخۆیدا" بیر و هزر و هێز" نابینێتەوە بۆ ئەوەی خۆی تێدا بنوێنێ. ئەو مرۆڤە کە خۆی نەبوو، دەبێتە موسڵمان، ئێرانی، عێراقی، سووری و تورکییەلی.

کوردبوون بە تەنیا زمان، جلوبەرگ، هەڵپەرکی، مۆسیقا و چەک نییە، ئەوانە ڕووی دەرەوەی کوردبوونە، کورد لە ناوەوە چییە، مێژووەکەی چۆنە؟ ناسنامە و پێناسە و تێگەیشتنی چییە؟

کورد گەر وەک نەتەوەکانی تر خۆی ساخکردبایەوە و پاڵی بە خۆی و بوونی خۆی و کەسایەتی خۆی و تێگەیشتنی خۆی و پشتئەستوور بە خاک و مێژووی خۆی بایە، نەدەبوو ژێرچەپۆکە بمێنێتەوە.

ژێرچەپۆکەمانەوەی کورد تەنیا بۆ داگیرکەر ناگەڕێتەوە، بۆ داگیکراویش دەگەڕێتەوە. چی لە داگیرکراودا هەیە کە دەکرێ داگیری بکەی؟ دەکرێ بیکەیە ژێرچەپۆکە.

ژینا و ژیناکان نیشانیان دا، دەکرێ ژێرچەپۆکە و داگیرکراو نەبێ، چ وەک تاک و چ وەک نەتەوە!

ژێنا،

بڕیارم ئەوە بوو تەنیا بیست و دوو نامەت بۆ بنووسم، لەمڕۆ بەدواوە "ژینا-نامە" من و تۆ و ژیناکان بۆ تێگەیشتن لە خۆمان لە یەکتر گرێ دەدا. ئەم نامانە بە ئێوە دەستی پێکرد و ئێمەشی تێکەڵ بە ئێوە کرد بۆ ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ لێتان فێربین، بۆ ئەوەش سپاسی زۆر.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٤ - ١٠ - ٢٠٢٢

** سەرجەم ئەو شیعرانە لە کتێبی "پازلی تێکشکاوی کورد" وەرگیراوە

---

**(٢٢ - ٣)**




هەژار موکریانی ٣٣ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە شاری بۆن، لە دانیشتنێکی خۆمانە، گوتی، "ئێمە پێمانوابوو کورد لە بەر نەبوونی خوێندەوار سەرنەکەوتووە، خوێندەوارمان لێ پەیدا بوو، ئەوانیش وەک شێخ و مەشایخ خانەقای خۆیان دامەزراند!" کۆمەڵگای کوردستان سەدە و هەزارەکان، کۆمەڵگای "خانەقایی" و مرۆڤی کورد "دەروێش" و "مورید و موراد"ئاسا بووە. لە سەرووی هەموو مورادەکان حزووری "خودا" دەبیندرێ.

هەر ئەمری تۆ مەدارە بۆ کار و باری عالەم
هەرچەند بێ وەزیر و بێ سەدر و کار وباری (حاجی قادر)

تێگەیشتنی "هەر ئەمری تۆ مەدارە" تەنیا بۆ "خودا"ی حاجی قادر نەبووە، ئەمری شا، سوڵتان، خەلیفە، شێخ، والی واجب بووە. ئەم تێگەیشتنە، دوو چەشنە مرۆڤی لێ کەوتۆتەوە، "ئامر "و "مەئموور"! ئەم باسە تەنیا تایبەت بە کورد نییە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هیتلێر و حزبی ناسیۆناڵ سۆسیالیست، ستالین و حزبی کۆمۆنیست، حزبی ئامر و مەئموور بوون. بنەماڵە، کۆمەڵگا، فێرگە، زانستگا، ئیدارە، پرۆفیسۆر، نووسەر، فەیلەسووف، هونەرمەند گرێدراوی ئەم چەشنە تێگەیشتن و "پەروەردە"یە بوون و هەن. لە ناو سیستەمێکی لەو چەشنە، ڕاستی، ماف، پرسیار و دیالۆگ جێگایان نابێتەوە. "موراد" لە ئاسمان وسەر ئەرز "زانا و عەقلی" بێ هاوتان. هاوفکری، بیریی گشتی، کاری فرەکەسی لە ناو ئەم سیستەمە جێگای نابێتەوە.

بڵند بو وەکو شێری لانی (لنین)
لە لای بو کلیلی تەلیسمی زەمین
لە خۆی کۆوە کرد لاوی پاک
لە مەیدانی ختسی لە زاڵم کەلاک
(هەژار - ئاڵەکۆک)

جوغرافیا، زاراوە، "ئایین و مەزەب"، عێل، عەشیرە، تایفە، ناوچە و گەلێک تایبەتمەندی گرووپ و خێڵ، هۆی جیایی بوون. گەر کوردی ناوچەکان گەیشتوونە یەک، ناسنامەیی ناوچەیی بە سەریاندا زاڵ بووە. گەر کوردی عێل و تایەفە و عەشیرە گەیشتوونەتە یەک، باڵای عەشیرەیی لایان بەرزتر بووە، دەروێشی خانەقا موریدی شێخی خۆیان بوون، مرۆڤ بە ئاغا و ئەربابەکەیەوە ناسێندراوە.

کوردبوون و کوردستانی بوون لە سنووری ئەم جەغزانە تێنەپەڕیوە. ئەمرۆش یەک ئایین، یەک زمان، یەک خودا، یەک خانقا، یەک نەتەوە و یەک وڵات لە گەڵ سنوور ڕووبەڕوون. ئەمرۆش گرفتی کورد، هەمان گرفتی سەردەمی شەرەفخان، خانی، حاجی، قازی و هەژارە.

گەر دێ هەبوویا مە ئیتحادەک/ فێکرا بکرا مە ئینقتادەک ترک و عەرەب و عەجەم تەمامی/ هەمیا ژ مەرا دکر خولامی

پلۆڕالیسم جوان، سروشتی، ئینسانی و درووستە. یەکگرتوویی، هاودەنگی، هاوڕێیی، هاومەبەستی بۆ پاراستنی پلۆڕالیسم، پێویستە.

لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان "ئەنجومەنی" ئەدەبی، شانۆ، هونەری، یانەی فێربوونی زمان، کۆڕ وکۆمەڵی ژینگەپارێز و شوێنی تری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، هونەری، پیشەیی هەیە، بەڵام یەکگرتوویی لە ئاستی پارێزگا و پانتای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی نییە. ئەم ئەنجومەن و یانانە دەتوانن ببنە کوردستانی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕاپەڕینی ژینا بەربەستەکانی ٤٣ ساڵی ڕابووردووی لە سەر ڕێ لابردووە، گەر هەتا دوێنێ ڕژیمی مەلا و دامودەزگاکانی ڕێگر بوون، ئێستا بێ ئەوان دەکرێ و دەبێ یەکگرتنی کوردستانی سەر بگرێ. کوردستان دەبێ زۆرتر و زۆرتر خۆی لە ڕێکخستن و دامودەزگای کوردستانیدا ببینێتەوە، پێکهێنانی شۆڕای شار، شۆڕای پارێزگا، شۆڕای کوردستان و دامودەزگای کوردستانی لە هەموو بوارێک پێویستی ژیان و نیازی ئەمڕۆ و سبەینێی خەڵک و وڵاتی ئێمەیە.

کۆمەڵگای کوردستان و "خوێندەوارانی هەژار" لەم سەدەیە لە تێگەیشتنی "خانەقایی" دوو دەکەونەوە و سەردەمێکی نوێ بونیات دەنێن. خوێندەواری کورد لە ماوەی چەند دەساڵی ڕابووردو لە ڕۆژهەڵات بە پێچەوانەی سەردەمی پەهلەوی لە بواری خۆڕێکخستن و بەڕێکخراو کار کردن بەرەو پێش چووە و تەنیا ڕێگای کوردستان بەسیستەم کردنی کۆمەڵگایە، سیستەمێک کە لە ژێر بیر و هزر و هێزی کورد خۆی دابێ. کوردستانێکی پلوراڵی یەکگرتوو، یەک ئامانج و یەک داهاتوو، کوردستانی ژینا و ژیناکانە!

٢٨ - ١٠ - ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**(٢٢ - ٤)**




ماشێنی تەبلیغاتی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لە قوڕ چەقیوە. مێدیای جیهان لە ئێران نەماون، جگە لە وانەی بە پێی "ئەمر و نەهی" ڕژێم دەجولێنەوە ، یان لە زیندان تووند کراون. ئەوانەش گەرەکیانە بچن بۆ ئێران ڕێگا نادرێن .ئینترنێت تاکە ڕێگای پێوەندی ناوخۆ و دەرەوە، لە ژێر پۆستالی نیزامی و ئەمنیەتی بەکار دەهێندرێ. سەرەڕای هەموو بەربەستەکان مێدیای جیهان لە لایەن تاکەکانەوە بە هەواڵ، وێنە و فیلم تێر دەکرێ. ئەمە جیاوازی سەردەمی ئێستا و سەردەمی دیکتاتۆرەکانی سەدەکانی پێشوو دەردەخات.

"سی ئێن ئێن" **CNN** بە فەرمانی پێنتاگۆن دەیتوانی تاپۆی هەواڵ لە کاتی شەڕی کەنداودا بکات، "سەحاف"ی وەزیری تەبلیغاتی سەدام دەیتوانی هەموو ژورنالیستەکانی بیانی بخلەتێنێ و بیانباتە ئەو شوێنانەی پێشتر سناریۆکەی ئامادە کرابوو. "سەحاف"ەکانی ئێران لە سەدەی بیست دەیانتوانی کوردستان لە بێدەنگی مێدیای جیهاندا لێرە و لەوێ قەتلوعام بکات.

ئەمڕۆ ماشێنی تەبلیغاتی و پرۆپاگەندە و مێدیای زەبەلاح سەرەڕای دەستەلاتی بێسنووریان تەنیا سەرچاوەی هەواڵ نیین . ئەم سەدەیە سەدەی مێدیای چەند ملیارد کەسییە، کە دەبێ باس لە سوود و زیانەکانی بکرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەڕانەوەی دەسەڵاتی میدیا بۆ تاک، وەرچەرخانە کە وەرچەرخانی تری لە دوایە. تاک ئێستا خاوەن میدیایە، خاوەن قسەیە و گەر بە باشی بەکاربهێنێ، سیستەمە داخراوەکان تووشی گۆڕان دەکا.

تاک بە درێژایی سەدەکان لە لایەن کڵێسە، کەنیسە، مزگەوت، حکومەت و سیستەمەکانەوە بۆمباران دەکرا و ئیمکانی خۆ پاراستن و زانیاری وەرگرتن لە زۆر شوێنی جیهان بۆ تاک نەبوو. ژنان بە درێژایی ژیان دەنگیان لە چوارچێوەی ماڵەکانیشدا کپ کرابوو، ئێستا دەنگ هەڵدەبڕن، پەیام و هەواڵ دەنێرن و سیمایان میدیای جیهانی داگرتوە. منداڵ و لاو کە حیسابیان بۆ نەدەکرا، ئێستا بوونەتە خاوەن قسە و میدیا.

کورد بە درێژایی مێژوو زیانمەند و لە حاند میدیای داگیرکەران بێ هێز بووە، ئێستا کەرەسە و دەزگا و تەکنیکی میدیایی هەیە، کارمەند و ئەندامی لەو دەزگایانە بە ناوی ژۆرنالیست هەیە، بەڵام ژۆرنالیستی نییە. بنووسی بۆ ڕۆژنامە هەیە، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بۆ ڕۆژنامە نییە. کورد میدیای بۆ حزب و دەسەڵات و دەستە و گرووپ هەیە، میدیای نەتەوەیی نییە. تاکی کورد مێشک و هەست و بیروهزری گرێدراوی میدیای داگیر و میدیای لایەنەکان ماوەتەوە و لە هەمان کات دەرگای میدیای جیهان بەرەو ڕووی تاکی کورددا کراوەیە.

ڕاپەڕینی ژینا، لاو، منداڵ و کیژانی کوردی خستە ناو میدیای جیهانەوە، دەنگ و ڕەنگیان سنوورەکانی بەزاندووە و گوند و شارەکانی خۆیان بە جیهانەوە گرێ دەدەن. ئەوان میدیای ڕژیمی ئیسلامی ئێرانیان بەزاندووە و لە سەرووی میدیای حزب و دەستە و گرووپەوە خۆیان گەیاندۆتە خەڵکی جیهان. لاوانی شارەزای میدیا، فیلمساز، وێنەگەر، وێنەکێش و هونەرمەند لە تەک کەسانی ئاسایی چرکەکانی ڕاپەڕین تۆمار دەکەن، چرکەگەلێک کە بە دەگمەن بۆ وێنەگەرەکانی جیهان هەڵکەوتووە.

ئەگەر لە ویێتنام "یەک وێنە" بوو بە زمانحاڵی خۆڕاگری خەڵکی ئەم وڵاتە، لە کوردستان لە ماوەی چل ڕۆژی ڕابووردوو، دەیان وێنە بوون بە سیمای کەنیشکی کورد لە شاشەی تەلەڤیزیۆن، ڕوپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارو وێنەی سەر باڵەخانە و دیواری شەقام.

لە کۆمەڵکوژی موغان بە دەستی پارس، ژێنۆسایدی دەرسیم بە دەستی تورکان، هەڵەبجە و ئەنفال بە دەستی ڕژیمی عێراق، ژێنۆسایدی کۆبانی و شەنگال بە دەستی ئیسلامی داعش، قەتوڵاعامی قارنا و قەلاتان بە دەستی ڕژیمی ئیسلامی، کورد نە دەنگ و ڕەنگی هەبوو، نە میدیا!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کیژانی ئەم سەدەیەی ڕۆژهەلات بوونە هۆی وەرچەرخانێکی کەم وێنە. ئەو وێنە و دەنگ و ڕەنگەی ڕۆژانە بە پانتای جیهان بلاو دەکرێنەوە، تەنیا چەند وێنە و چەند کورتە فیلم و چەند پەیام نیین، ئەوانە بەلگەی دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێی ولاتی ئێمەن، ئەو وێنە و هەوالانەی ئەم ڕۆژانە بلاو دەکرێنەوە، پڕکردنەوەی ئەو ئارشیوەن کە بە درێژایی سەدە و هەزارەکان بە بەتالی مایەوە. ناوەکانی ئەم سەردەمە کە بە ناوی ژینا دەستی پێکرد و شار بە شار و گوند بە گوندی گرتەوە، ئیتر نافەوتێن، لە بیر ناچنەوە، گەر خۆشمان لە بیریان بکەین وەک چۆن زۆر لە بیرکراون، لە مێژووی جیهاند دەمێننەوە.

ئەو وەرچەرخانەی لە ولاتی ئێمە ڕووی داوە، ئەو گیانانەی ڕۆژانە لێمان وەردەگرن تەبلیغ بۆ پەیڤ و تێگەیشتنی ئیسلامی "شەهید"نییە، هاواری مرۆڤی زالە هاتوو لە ڕژێمی ئیسلامی یە بۆ ئازادی و سەربەستی، بۆ ژیان و مانەوەی ژیان، بۆ بەردەوامی ئازادیی لە ئەمڕۆ و دواڕۆژ.

ڕاپەڕینی ژینا، وەرچەرخانی "تێگەیشتنی مێدیایی" کوردە بۆ ئەوەی بەرەو سازکردنی مێدیاگەلی نەتەوەیی نەک بە تەنیا بۆ پەنجا ملیۆن کورد، بەلکوو بۆ کورد و هەموو خەلکی جیهان! ئەوەی ئەمڕۆ مێدیای تاکی کورد خۆی لە دەریای مێدیای جیهاندا دەبینێتەوە و دەبێتە دەنگ و ڕەنگی کورد، شۆڕشێکی مەزنە و دەبێ ببێتە ڕێگا بۆ مێدیای نەتەوەیەکی بێ کیان.

حزووری بەردەوامی کورد لە مێدیای جیهان بە هەموو ڕەنگەکانیەوە، دەبێ ببێتە سیاسەت و ستراتێژی مێدیایی کورد. بەردەوامی کورد لە مێدیا ڕێگا بۆ سیاسەت، دیپلۆماسی و بۆ ڕێگاچارەی سیاسی ئاوالە دەکاتەوە، مانەوە لە ناوجە غز و سنووری مێدیای حزب و گرووپ و مێدیای داگیرکەرانی کوردستان، سیاسەت و تێگەیشتنی کورد لە بازنەی جەغزەکاندا دەهێلێتەوە.

گەر تاکی کورد و هێزی سیاسی، باوەڕیان بە بوونی کوردستان لە ناو گوندی جیهانی دا هەبێ، دەبێ بە هەموو شێوەیەک هەم هاوولاتی کوردستان بن و هەم هاوولاتی ئەم گوندە. مێدیای سەردەم ئێمە دەکاتە هاوولاتی ئەم گوندە. چەند وێنە و هەوالی درووست، ژینای کردە هاوولاتی جیهان، هەزاران وێنە و قسەی پێشوومان جێگای خۆی نەگرت.

ڕاپەڕینی ژینا و لایەنەکانی وەک کورد دەبێ بناسین و بیناسێنین. مێدیای بەر لە ژینا بە دەنگ و ڕەنگ و لاپەڕەی چاپی و مالپەڕەکانەوە، مێدیای گونجاو لە گەل سەردەم نەبوون و ئێستاش نیین. مێدیای ئەمڕۆ و سبەی دەبێ یەک لە گرنگترین پرۆژەکانی کورد بێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مێدیا و کاری مێدیا تەنیا دەنگ و ڕەنگ و دانیشتن و قسەکردن نییە، مێدیا و کاری مێدیا چەتوون ترین و گرنگترین کارە کە مرۆڤ تووشی بووە. گۆڕان و گۆڕینی تێگەیشتن و گرێدراو مانەوە بە مێدیا، ئامانجی هەر مێدیایەکە. ئەو کاتەی کورد بتوانێ گۆڕان لە بینەر و بیسەر پێک بهێنێ و گرێدراو بیهانهێڵێتەوە لە سیاسەتدا سەرکەوتوو دەبێ.

ڕاپەڕینی ژینا و هەر ڕاپەڕینێکی تر بە بێ مێدیا دەبێتە "بەهار عەرەبی"، سوریا، ئەفغانستان و شوێنی تر. مێدیای جیهان شەڕی ئۆکراینیان لە مێشکی خەڵکی جیهاندا هێشتۆتەوە و بەشی گەورەی ئەو شەڕە مێدیای ڕۆژئاوا دەیکات. ڕاپەڕینی ژینا و داهاتووی هەموو کوردستان لە باکوور بۆ باشوور و ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا، گرێدراوی مێدیا و تێگەیشتنی کورد لە مێدیایە.

حزبی ناسیۆناڵ سۆسیالیستی ئاڵمان یەکەم حزب و یەکەم حکومەتی جیهان بوو کە لە ڕێگای دەنگ و ڕەنگی تەلەڤیزیۆنەوە، ئیدە و فەرهەنگی فاشیستی بردە ناو مێشکی خەڵکەوە و بوونە هۆی مەرگی دەیان ملیۆن خەڵک، ڕژیمی ئیسلامی توانی چل و سێ ساڵ خەڵک بخاپێنێ! مێدیا دەتوانێ لە دەست هیتلێر و موسلینی و ستالین دابێ، دەتوانێ لە دەست گاندی و ماندێلا و کورد دا بێ!

مێدیا دەتوانێ مرۆڤ بەرەو ژیان، ئازادی، ئاشتی، بەرەو تێگەیشتن و لە یەکتر تێگەیشتن، بەرەو ئازاد بیرکردن و بیرکردنەوەی هەمە لایەن بەرێ. دەتوانێ ماڵێک بێ بۆ هەر کەس و هەموو کەس. کورد مێدیایەکی وای گەرەکە، مێدیایەک پشت بە خەڵک، زانست، هونەر، فەرهەنگ و هەمە ڕەنگی و هەمەچەشنی ببستێ.

٣١ - ١٠ - ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**(٢٢ - ٥)**




سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی ژینا گشتگیر و هەمە لایەنە، ویستی سەرەکی ڕووخانی ڕژیمی ئیسلامی یە و پرۆژە و بەرنامەی نووسراو و پەسەندکراوی لە پشت نییە!

نەتەوەکان، ژنان، لاوان، منداڵان، کرێکار، پزیشک، فێرکاری فێرگە و زانستگا، کەسی ئاسایی، بازاڕی بە ویستی خۆیان بەشدارن و بە خرۆ لە سیستەم و بەناو "جنبش سبز" و "ئیسلاح تەڵەب" و ئیدئۆلۆژی ئیسلامی و حکومەتی تێپەڕیون. ئەم بێزارییە داهاتوو بۆ ڕژیم ناهێڵێتەوە!

ئەم ڕاپەڕینە دارێژراو و پلان بۆداندراو نەبووە و ئیدەی هیچ ناوەندێکی ئاکادێمی و وەتاخی فکری ئێرە و ئەوێ نەبووە و هیچ حزبێکی ناوخۆ و دەرەوە نە پلانی بۆ دارشتووە و نە ڕابەڕایەتی دەکات، کەسێکی وەک لەنین و گاندی و ماندێلا لە سەرووی ڕاپەڕینەکەوە بوونی نییە.

هێز و وزە و بیر و هزر و پلان گرێدراوی کچان و کوڕانە کە لە شار و گەڕەک و شوێنی ژیان و کار و ناوچە چالاکن و ئینترنێت، دنیای مەجازی و سۆسیال مێدیا هۆی گرێدانی ئەوانە لە هەر شوێن و هەموو شوێن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەی ویچوویی شۆڕشەکانی کلاسیک لەم ڕاپەڕینەدا کەمتر دەبیندرێ، بە مانای کوێربوونی ڕاپەڕین نییە. هەڵسەنگاندنی ئەم ڕاپەڕینە کە پێشینەی نەبووە، بە چاوی کلاسیک و فۆڕمۆڵی ئاکادێمی دەست نادا. بەراوەردکردنی لە تەک "بەهاری عەرەبی" کە ویچوویی هەیە، وڵامدەری تایبەتمەندییەکانی ڕاپەڕینی ژینا نییە!

ئەوەی لە چل و چەند ڕۆژی ڕابووردوو بیندرا، چ وەک هێزی بەشدار و چ وەک ئامانج، بەرهەمی گوندێکی دیژیتاڵی فرە زانیاریی، کۆمۆنیکاسیۆنی بێ پچڕانەوە و تێگەیشتنی بەردەوامی خێرایە.

مانای مرۆڤ، ماف، ئازادی و فەلسەفەی ژیان و چۆنیەتی ژیان لە بۆچوون و تێڕوانینی منداڵ، لاو و ژن دەردەخات و لە هەمان کات بەرپەرچدانەوە و ڕەدکردنەوەی فەرهەنگ و تێگەیشتنی زاڵی ئایینی و کلیشەکانی "پەروەردە" و نوێکردنەوە و ڕەخنەبارکردنی تێگەیشتنی فەلسەفی - سیاسی - ئابووروویی و سیستەمی حوکمڕانی سەدەی هەژدە هەتا ئەمڕۆیە و بە تێگەیشتن و مێتۆدگەلی کەون ناکرێ ئەمبازی ببین.

گێژاوی هەمە لایەن کە سەرانی ڕژێمی داگرتووە، بێعەمەلی و بێ سیاسەتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەرانبەر بەم ڕاپەڕینە، کۆن و نوێبوون لە سیاسەت و تێگەیشتن دەردەخات!

ئەوە بەو مانایە نییە کە "ئێران" پێشڕەوی گۆڕانکاریی جیهانە، بە پێچەوانە "ئێران" و کوردستان ڕەنگدانەوەی ئەم گوندە جیهانی یەی سەدەی بیست و یەکە. لە "ئێران" و کوردستان ئێمە لە تەک دیاردەیەکی جیهانی ڕووبەڕووین کە هەم لایەنی کۆنی هەیە و هەم لایەنی نوێ، دیمەنەکانی لە ئوکراین، ئورووپا، یەکیەتی ئورووپا، چین، ڕووسیا و ئامریکا دەبینیین. کە پێویستە باس بکرێن.

ئێمە لە گەڵ هێز و بیر وهزری لاو، ژن و منداڵ و مێگا زانیاریی و کۆمۆنیکاسیۆن و مێتۆدی تەواو نوێ ڕووبەڕووین. لاوی ئەمڕۆ هەرچەند هێشتا خۆی لە ژێر باندۆڵی فەرهەنگی ڕابووردوو و سیستەمی کۆمەڵایەتی حکومەتی بە تەواوی دەرباز نەکردووە و ئازادی دڵخوازی خۆی وەرنەگرتووە، بەڵام ئەوە ڕوونە لە بیست ساڵی ڕابووردوو پاشەکشەی بە زۆر لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی، ئایینی و چەشنی ژیان هێناوە و لایەنی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هێدی هێدی دەچەسپێنێ و سیستەمی سیاسی پاشماوەی سەدەی ڕۆشەنگەریی بەرەو نوێبوونەوە و گۆڕان دەبات. ئەمەش بە مانای ئەوەیە فکری سیاسی و تێگەیشتنی کۆن و کلاسیک و دامودەزگاکانی کارا بۆ ئەمڕۆ نیین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان و باقی شوینەکانی جوغرافیای بەناو "ئێران"، ڕەنگدانەوەی ساڵی ١٩٧٩ نین. نەتەوەکان و خەڵک وەک یەک ناجولێنەوە، ڕژیم لە هەموو شوێنێک وەک یەک ناجولێتەوە. لە سیستان و بەلوچستان نەک لە تاران، خەڵک لە مزگەوت قەتڵوعام دەکرێن، ئەو خەڵکە ئیتر ناتوانن بە دەستی بەتاڵ و بە ژمارەی کەم ڕووبەڕووی ڕژیم ڕاوەستن، بە دەیان هەزار دێنە سەر شەقام و بە چەک هێرش دەبنە سەر پایگاکان. ئەمە تایبەتمەندی زاهدانە کە دەبێ وا بجولێتەوە، ئەم تایبەتمەندییە لە تاران نییە و ڕژیم وەک زاهدان لە تاران ناجولێتەوە. ئەمە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ "ئێران" یەک وڵات نییە، یەک نەتەوە نییە. فارس لە تاران و بەلوچ لە زاهدان دوو بەشی یەک دیاردە نین.

قووڵایی جیاوازییەکان، دوو نەتەوەی داگیرکراو و داگیرکەر دەسەلمێنن. ڕووبەڕووبوونەوەی فارس و بەلوچ لە گەڵ ڕژیم یەک نییە، هەرچەند لەم بارودۆخەدا هاومەبەست بن بۆ ڕووخانی ڕژیم. لە زاهدان و کوردستان خۆپیشاندەران ئاڵای "ئێران" هەڵناکەن، ئاڵای خۆیان بەرز دەکەنەوە، سروودی خۆیان لە مزگەوتەکان بڵاو دەکەنەوە، هەروەک چۆن ئازەری و تورکمان و عەرەب و فارس خۆیان وەک خۆیان پێناسە دەکەن، نەک بەو چەشنەی بۆیان دیاری دەکرێ.

لە زانستگاکانی تاران خوێندکار ئیتر لە هۆلێ سمینار لە ژێر سیبەری دەزگاکانی نیزامی و ئەمنیەتی گفتوگۆ و دیالۆگ لە گەڵ سەرانی ڕژیم ناکەن، لە نیوان خۆیان و ئەوان ئاور دەکەنەوە. لە کوردستان کاتێک ڕاستەوخۆ دەستڕێژ لە منداڵ و گەورە و بچووک دەکەن، ئەوانیش ئاگر لە شوێنەکانیان بەردەدەن، بەردیان تێدەگرن و کۆکتێل مۆلۆتۆفیان بۆ دەهاوێژن، هێما و سەنبوولەکانیان دادەگرن، ئەم کارە لە هەموو شوێنی "ئێران" دەکرێت.

کاتێک ڕژیمی "ئێران" بە درۆن ڕاکێت دەهاوێژێتە ناو ماڵە پێشمەرگە، پێشمەرگەش گەر ڕاکێتی هەبایە و دەستی ئاواڵە بایە، بە ڕاکێت و درۆن وەڵامی دەداوە، هەر ئەو کارەی لە هەر شوێنێکی جیهان دەکرێ! ئەوەی هەر کام لەو کارانە چەندە مرۆڤانە و چەندە درووستە تکۆڵی لە نادرووستبوونی ناکرێ، بەڵام جیهانی ئێمە بە پێی تێگەیشتنی "مەسیح" و "گاندی و ماندێلا" بەڕێوە ناچێ و ئەوەش یەک لە گرفتە سەرەکییەکانی فکریی، فەلسەفی، سیاسی و ئینسانی مرۆڤ و سیستەمی جیهانی یە، کە هەموو دەزگاکانی لە قەیرانی فکر و عەمەلدا بەسەر دەبەن.

لە تاران نەک لە سابڵاخ و سنە و کرماشان،"تەنزنووس " کە کاری ڕەخنە و کەناندنی خەڵکە، ئێستا بینەر و بیسەرەکانی فێر دەکات چۆن کۆکتێل مۆلۆتۆف ساز بکەن.

ڕاپەڕین لە یەک ئاست و یەک فۆڕمدا نامێنێتەوە و ڕێگا و مەنتقی خۆی پەیدا دەکات. کاتێک ڕژیم ترس و "وەحشەت" لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناو خەڵکدا ساز دەکات، ترس و "وەحشەت" دەبینێتەوە، کاتێک کڵۆ دەهاوێ، بەردی تێدەگرن .گەر "گاندی" کاتی کۆمەڵکوژی لە زاهدان حزووری هەبایە، بیری لە ئاڵترناتیڤ دەکردەوە. ئەو کەسانەی لە سەر شەقام و لە ناو شار و گوندەکان بە دەستی بەتاڵ ڕووبەڕووی ڕژێمێکی نیزامی ئەمنیەتی بوونەتەوە، مافی ئەوەیان هەیە خۆیان ئاڵترناتیڤ دیاریی بکەن.

بەشدارانی ئەم ڕاپەڕینە بەربڵاوە، هەموو دەرچووی زانستگا و ئەندامی حزبی" ئێرانی" و نەتەوەکان نین، ئەوانەی لە خوێن دەگەوزێنەدرێن هەموو چالاکی سیاسی نین، مرۆڤی وێرانکراون، مرۆڤی بێ بەش لە هەمووشتن، گوندی و شاری دێنە سەر شەقام.

ئەوانەی لە تاران تێکەڵ بە دروشم جنێو دەدەن، هەر وەک ئەو کەسانەن کە لە مەهاباد و زاهدن و شوێنی تر جنیو دەدەن، هەر وەک چۆن سەرانی ڕژێم و بکوژەکان لە سەر شەقام پیسترین جنێو دەدەن. ئەوەش بەرهەمی سیستەمی خۆی و بەرهەمی "پەروەردە" و فەرهەنگی ناو کۆمەڵگایە.

گەر خەلک چەشنێکی تر لە "پەروەردەیان" هەبایە، جورێکی تر دەجولانەوە. گەر سیستەم مرۆڤانە لە گەڵ خەڵک جوڵابایەوە، خەڵک جیاواز دەجوڵانەوە، هەروەک چۆن لە سەر شەقام جیاواز لە گەڵ مۆرەکانی ڕژێم دەجولێنەوە. ئەو سەرزەوینە تێکەڵاوی"ناکۆکییە"کانە و ناکۆکیەکان لە سەر شەقام و لە ناو ڕاپەڕین خۆیان نیشان دەدەن. سناریۆی ئەم ڕاپەڕینە پێشتر نەنووسراوە کە دەرهێنەر وەک خۆی پیادەی بکات.

ئەم ڕاپەڕینە مەزنە بە خۆڕاگریی کەنیشکێکی کورد کە لە بەرانبەر نوێنەرانی سیستەم ڕاوەستا، دەستی پێکرد، لە مێشکی ئەودا پلان و سناریۆ بۆ ڕاپەڕین نەبوو، ئەو وەک تاکە کەس بەرگری لە مافی تاکە کەسی خۆی کرد، ئەو کارەی کە تاکی بەشداربووان لە ڕاپەڕین لە هەموو "ئێران" دەیکەن، ئەوە کلیلی ڕووخانی ڕژێمە و هەر کەس و هەر ناوچە و هەر میللەتێک و هەر خەڵکێک بە پێی بارودۆخ و مەنتقی پێویست دەجولێتەوە.

لە دروشمەکاندا دەگوترێ، مەرگ بۆ ڕژێمی ئیسلامی "ئێران". ئەمە ویستی هەمووانە، بەڵام هەموو وەک یەک ناجوڵێنەوە و هەموو وەک یەک نین .کوردستان یەزد و تاران زاهدان نییە. گەر ڕژێم زووتر لە زاهدان و خوزستان بڕووخێ، پرۆسەی ڕووخانی تاران خێراتر دەبێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەم ڕاپەڕینەدا مەنتقی دۆمینۆ دەبیندرێ. خشتی یەکەم لە سەقز و سنە لار بووە و ئێستا هەموو" ئێرانی" داگرتۆتەوە. ساڵی ١٩٧٩ تاران لە تەورێزەوە ڕووخا.

ڕۆژی بیست ویەکی ڕێبەندان تەوریز ترسناکترین تووندوتیژی بەخۆیەوە بینی، لەو ڕۆژەدا خەڵک پەلاماری بنکەکانی پۆلیس و پادگانیان دا، لە نزیک باخی گولستان خەڵکی تووڕە ڕژانە سەر پاسەبانێک کە دەستی لە کوشتاری خەڵکدا هەبوو، ژنێکی گەڕاوە هەلینگی دایە سەر پاسەبان و هەر لەوێ قامکی بە چاویدا کرد و هەڵیکۆڵی و پاشان کەلاکی پاسەبانیان هەڵواسی. هەر ئەو ڕۆژە لە کاتی گەڕانەوە بۆ کوردستان شایەدی بینینی خەلکی ئازەرشار بووین ، کۆمەڵێک پاسەبان و ساواکیان وەپێش خۆیان دابوو، لە دەرەوی شار هەڵیانواسین. ئەم کارانە لە سەردەم و کات و ساتی وادا کراوە، سەردەمێک کە سیستەم هەڵدەوەشێتەوە.

لە چل و چەند ڕۆژی ڕابووردوو کۆمەڵێک خائین و هاوکاری ڕژیم لە کوردستان و شوێنی تر و تاران کوژراون، مەلا لە تاران و شوێنی تر وەبەر شەق دراون. لەم ڕاپەڕینەدا خەڵک وڵامی ئاکار و ڕەفتاری ڕژیم دەدەنەوە کە لە ماوەی چل و سێ ساڵی ڕابووردو پەیرەوی کردووە. کاتێک تەنزنووس لە ناو تاران لایف لە سەر سازکردنی کوکتێل ملۆتۆف بڵاو دەکاتەوە، مانای ئەوەیە ڕژیم ڕێگای تری بۆ نەهێشتوونەتەوە. "ئێران" لە حاڵەتی ئاوارتەدا ڕۆژگار تێدەپەڕینێ، ڕژیم هەموو هێزی خۆی بەکار دەهێنێ و خەڵک و هێزەکانی ڕێگای تریان بۆ نەماوەتەوە.

ئاستی خەڵک و بەشداران لە ڕاپەرین یەک دەست نییە و ناتوانێ یەک دەست بێ، ئاستی سەرهەڵدان لە شوێن شوێنی "ئێران" یەک دەست نییە و ناتوانێ یەک دەست بێ، هەر بەو پێیە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک و ڕژیم یەک دەست نییە، کێبەرکێ لە نێوان ڕژێم و خەڵک لە هەموو ئاستیکدا لە ئارادایە، پەتی ڕژیم لە شوێنێک زووتر و لە شوێنێکی تر درانگتر دەپچڕێ، گەر لە مەهاباد خەڵک پێیان دەکرێ هەموو هێماکانی ڕژیم بێننە خوارێ مافی خۆیانە، گەر لە زاهدان دەتوانن ناوچەیەک بە چەک ڕزگار بکەن مافی خۆیانە. گەر لە تاران و مەشهەد و شیراز دەتوانن بارگای ڕژیم ئاگر تێبەر دەن، مافی خۆیانە، گەر لە شوینێکی تر خەڵک دەتوانن دەست لە ملی هێزی نیزامی بکەن و ڕەگەڵ خۆیان بخەن، مافی خۆیانە.

لە هەر شوینێک هێزی ڕژیم و سیستەم تێکبشکێ، تێکشکانی تاران نزیک دەبێتەوە. هێزی ڕژیم لە هەر شوێنێک بە چۆک دابێ، سیستەم بەرەو چۆکدادان دەبردرێ. ڕژێم یەکدا بە دوو شار و ناوچەکانی لە دەست بدات، پێتەختەکەشی لە دەست دەدات. خەڵکانی سەرزەمینێکی هەمە چەشنی پڕ لە ناکۆکی هەمە چەشن، ڕێ دەبڕن و بە پیی بارودۆخ و مەنتقی ڕاپەڕین



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەجولێینەوە، یەک خێرا دەگاتە مەقسەد و ئەوی تر کەمتر خێرا، بەڵام هەموو یەکتر لە پێتەختی ڕووخاو دەبیننەوە.

١ - ١١ - ٢٠٢٢

---

(**٢٢** - ٦)




ساڵی ١٩٨٠ لە ناو بووس بەرەو شوێنی کار(شانۆ) دەچووم، سەرم بە سەر کتێبدا گرتبوو، بۆ ئەوەی بزانم سەرم هەڵبڕی، لەو بەری شەقام چاوم بە کەسێکی کەواوپانتۆڵ کوردی ڕەنگ مەیلەو سەوز کەوت، پیاوێکی کەڵەگەت، سمێڵێکی کوردانە. بێ ئیختیار دەرپەڕیم و وەشوێن کابرا کەوتم، وەک شێتان هەرام دەکرد کاکە کاکە! کاکە وەستا، کە گەیشتینە یەک، حەپەسراو سەیری یەکترمان دەکرد. هەر دوو دەستی گیرا بوو، کەچی حەولی لە ئامێزگرتنی کابرای نەناسی دەدا. ئەوە چییە؟ لێم پرسی، گوتی "چای عێراق دەفرۆشم". پێشمەرگەی شۆڕش بوو. هەرکمان ئەو ڕۆژە لە پایتەختی "ئێران" بووین.

لە تەک هاوڕێکەم بەرەو شوێنێک دەچووین، پاتۆڵێکی کوردی لە بەردا بوو، گەسکێکی درێژ بەدەستەوە سەر شەقامی دەماڵی، پشتی لە ئێمە بوو .چۆنی مامە گیان، قەدەرێکی پێچوو هەتا ئاوڕی داوە، فرمیسک بە لا چاویدا دەهاتە خوار، بێ هیچ قسە هەرکمانی لە ئامێز گرت. پێشمەرگەی شۆڕش بوو. ئێرە شاری گونبەد، تورکمان سەحرایە!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دوو هوتێل شوێنی ئەوان بوو، یەکیان لە شوێنی کارەکەم نزیک بوو، زۆر جار دەچوومە ئەوێ، ڕابەری حزبەکان و ئەوانەی ماتڵ بوون بەرەو ئورووپا بڕۆن، لێرە دەمانەوە. هیچیان لەوانە نەدەچوون کە گەسکیان لێ دەدا و چای عێراقیان دەفرۆشت. جار بە جار بە کەتە فارسی و ئینگلیسی لە گەڵم دەدوان.

بەیانییەکی زووی ڕۆژی هەینی لە گەڵ دۆست و هاوکارێک لە چیا بەرەو خوار دەهاتین، لەو بەرزاییە لە ناو مەیدان کۆمەڵێک جلوبەرگی کوردی لەبەر چەکبەدەست مەشقیان دەکرد، هاوڕێکەم سەیری کردم و پرسی ئەوانە کێن؟ کە گەیشتینە لایان و چاکوخۆشیمان کرد و پرسیم ئێوە کێن و لێرە چی دەکەن؟ یەکیان گوتی "ئێمە جەماعەتی کاک سادقین ."لێرە چ دەکەن؟ "لە گەڵ برادەران مەشق دەکەین"! ئێرە تارانە!

لە حەساری پشتەوە مەقەڕی هاوبەشی پاسدار و پێشمەرگە، بۆتکەیەکی جگەرە و چوکلت و ساردی فرۆشتنی هەبوو، لە گەڵ مامە پیرە کەوتمە قسە. گوتی" پێشمەرگەی شۆڕش بووم و لێرە بێ قیمەت کراوین، چەند جنێوی بە عەجەمان داو گوتی" دەگەڕێمەوە، با لە وڵاتەکەی خۆم بمرم!" ئێرە شارە شیرینەکەی شنۆیە!

وڵاتەکەی ڕزگار کرا، نازانم گەڕایەوە یان ئەویش بە کەیلەوە سەری نایەوە! وڵات ڕزگار کرا، بەڵام خەڵک چی؟! ئەدی پێشمەرگەی شۆڕش لە تاران و گونبەد گەڕانەوە؟

لە پەیمانگای هونەرجوانەکان، پەیمانگای مامۆستایان، کەنیشک و کوڕی دهۆکی دەلال هونەر، شیعر، درامایان بە ڕووح و گیانمان داکرد، لە بەرا گۆشەیەکی بتهۆڤینیان ژەند، ئاڵمانییەکان گوتیان" بتهۆڤێنمان زۆر بیستووە، کوردی بژەنن". هەوای زەمبیل فرۆش و هاودەنگی کیژان و کوران، ئێمەی بوژاندەوە .لە ڕەوزەی سولەیمانی (باخچەی منداڵان) مناڵی بچکۆلانە کە زۆربەیان بە وتەی خانمی بەرپرس بە زگی برسی خۆیان دەگەیاندە ڕەوزە، لە سەر سەکۆ شانۆیان هاوڕێ لە گەڵ دەنگی پیانۆ پێشکەش کرد. لە عەنەب منداڵی سووتاو بە چەکی کیمیایی، گوڵبارانیان کردین، هەروەک چۆن ناویان گوڵەباخ و مەهاباد بوو. لە ناو لەش سووتاوانی عەنەب، ناوی مەهابادی قازی هەبوو. ئەو شوێنەی سەرۆک لێی لە دایک ببوو. ئەو ڕۆژانە نەورۆزی ١٩٩٤ بوو.

لەو پەڕی سنوورەوە، لە ناو سیبە چایی و تەلیسی خەنە، کتێبی کوردیان بە دیاریی بۆ دەهێنایین و بە دزی دەستاودەستمان پێدەکرد. ئەو پێشمەرگانەی پڕ لە خۆشەویستی بە ناوی جیاواز و پیشەی جیاواز خۆیان دەگەیاندە ڕۆژهەڵات، ئەو گۆرانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و حەیرانبێژانەی بە شاخ و چیادا بۆ زیارەتی چوارچرا خۆیان دەگەیاندە ڕۆژهەڵات، ئەوانەی سنووریان بە قاچاخ دەبڕی بۆ ئەوەی خۆیان بگەیینە خزمەکانیان، ئەوانە چیان لێ بەسەر هات؟

ئاخۆ دەنگی شۆڕش کە لە زۆربەی ماڵەکانی ڕۆژهەڵات دەبیسترا، هێشتا دێتە گوێ؟ ئاخۆ ئەو پێشمەرگانەی باڵایان گەیشتبووە سەر ئەربابا و وەنەوشە و دەستەویەخەی بکوژانی سەر بە ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەبوونەوە، ماون؟

ئەدی ئەو سەد هەزار پێشمەرگەیەی دەنگیان هەتا دووردەستەکانی ڕۆژئاوای جیهان ڕۆیشتبوو، وێنەکانیان لە ماڵان نیشانی ئێمەی کوردی هەندەران دەدران، چیان پێهات؟

ئەرێ ئەو شاعیرانەی لە ڕادیۆ بەغدا دەنگی شیعریان دەگەیشتە گوێمان و دەیانگوت "چاوم چاوی چاوەکەم"، چیان پێهات؟ ئەو شانۆکارانەی سەکۆی شانۆ و شاشەی تەلەڤیزیۆنیان بە پەیڤی کوردانە دەڕازاندەوە و دەیانگوت، " نان و شانۆیەکم بدەیە، هەتا نەتەوەیەکی تێگەیشتووت بدەمێ" داخوا ماون؟ نەتەوەی ئەوان پێشکەوت....؟!

ئەم چیرۆک و بەسەرهات و حیماسە لە بیرکراوانە بۆ ژینا و ژیناکانی وڵاتی ڕۆژ و ڕەز و ئاگرە دەگێڕمەوە، با داستانی ئەمڕۆی ئێوە لە بیر بکەن.

"ئوستاد" ئەوەی لە ڕۆژهەڵات بەڕێوەیە، ڕۆژانە دەیبیستن و دەیبینن، ڕاپەڕینی "لەچەک" نییە، ڕاپەڕینی لاوانی سەدەیە، ئەو لاوانەی ئێوە بەرەو دەرەوەی وڵات دەیانتارێنن! دەنگی ژنانە، ئەو ژنانەی لە گوند و شاری لای ئێوە دەکوژرێن! دەنگی ئەو ژۆرنالیستانەیە کە لای ئێوە تیرۆر دەکرێن و گرووپ گرووپ ڕەوانەی گرتووخانە دەکرێن! دەنگی ئەو منداڵانەیە کە لە فێرگەکانی ئێوە وێران دەکرێن! دەنگی ئەو خوێندکارانەیە کە لای ئێوە دەڕوخێنندرێن، عاسی دەکرێن!

"بەڕێز" "ئەوەی لە ڕۆژهەڵات ڕوو دەدا، دەنگی "بەرەڵایی" نییە، دەنگی سیاسی نوێیە، کە لە جیهان دەنگی داوەتەوە و لای ئێوە نابیسترێ، زمانحاڵی جیلی نوێیە، کە ئێوە کاولتان کردوون .دەنگی ئەو دایک و باب و باپیر و داپیرانەیە کە چل وسێ ساڵە بە ناوی خودا و ئیسلام وێرانکراون. دەنگی ئەو کەسانە و ئەو میللەتانەیە کە چل و سێ ساڵە بێ زمان و ناسنامە کراون. دەنگی ئەو دینداره جیاوازانەیە کە لە مزگەوتەکان قەتڵوعام دەکرێن، دەنگی ئەو جیا بیر و جیا زمان و جیا ئایین و باوەڕمەدارانەیە کە بەردەوام هەڵدەواسرێن و لە سیاچاڵ دەخزێندرێن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆچی سوسیال میدیا و ئینترنێت و گۆڤار و ڕۆژنامە و میدیاتان، عەجەمانە دەدوێن؟ سەیرێکی میدیای جیهان بکەن بزانن جگە لە ئێوە و دەمڕاستەکانی حزبوڵا و هێندێک میرزابنووس، کێ بە نزمی باس لە ڕاپەڕینی هاونیشتمانەکانتان لەو دیو دەکات؟!! ڕووحی ئیدئۆلۆژی و حکومەتی ئیسلامی بە لەچک فڕێ درا، ئێستا ڕاپەڕین بۆ لە چاڵ نانی جەندەکی "حکومەتی ئیسلامی" یە!

نەزانیین خراپە، بزانی و چەوت بنووسی خراپترە. ڕاستبێژ بن و ڕاستی بنووسن .سەیری شەقام بکەن و گوێ لە خەڵک بگرن. سیاسەت پیشە، خاوەن حزب و حکومەت، باشووری نیشتمان کلۆنی وڵاتان و کلۆنی ئیسلام نییە، ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵات بە سوودی هەموو کوردە و کۆتایی هێنان بە ئۆتۆرێتەی سیاسی - فکری - نیزامی "ئێران" لە باشووری وڵات، هەنگاوێکی مەزنە بەرەو ڕزگاری ئێوە و ئێمە! ڕاپەڕینی لاوان و ژنان درانگ یان زوو ڕوو دەکاتە لای ئێوەش. پشت بە خەڵک ببستن، حکومەتی مەلا پشتی ئێوە نییە و نەبووە!

٣ - ١١ - ٢٠٢٢

---

**(٢٢- ٧)**




لە تارانەوە پەیامی مەرگ بۆ کورد هاتووە، دوێنێ سمکۆ، قازی، هورموز، ڕەحمان، سادق، فواد، سەدیق، مینە، بێهروز و هەزارانی تر، ئەمڕۆ تەرم دەنێرنەوە و هەواڵی مەرگی پێشوەختی کیژ و کوڕی کورد ڕادەگەێنن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە تاران و ئیسفەهانی سەفەوییەکانەوە پەیامی ئاشتی، ئازادی، دێموکراسی، خودموختاری، خودگەردانی، فیدرالیسم و "رئوفەتی ئیسلامی" بۆ کورد نەهاتووە.

موستەشارانی تاران و ئیسفەهان وەک موستەشارانی سپانی، بریتانی، فەڕانسی، هولەندی لە ئافریقا و ئاسیا و قارەی ئامریکا پەیامی داگیرکردنیان هێنا. ئەوان دانیشتووانی سەرەکی ئەو شوێنانەیان قڕ دەکرد، وڵاتیان داگیر دەکردن و زمان و ئایینی خۆیان بە سەریاندا دادەسەپاند. شای ئێران بە ناوی ئێرانیەت و مەلای سەفەوی بە ناوی دین وڵات و نیشتمانی کوردیان داگیر کردووە و خەڵکیان کردۆتە کۆیلە.

دەبێ چی بە سەر مرۆڤی کورد هاتبێ کە خۆی لە "تیرە"ی ئەوان بزانێ؟ داوای مافی خۆی لەوانە بکات؟ لە کیان و ئایین و سنووری ئەوان پارێزگاری بکات؟ دەبێ چۆن لە خۆی بێگانە کرابێ، بە ناوی ئەوانەوە خۆی پێناسە بکات؟ چۆنە یەک میللەت و "پێشڕەوانی" چارەنووسی خۆیان هاویشتۆتە ناو دەستی ئەوانەی بە درێژایی مێژوو، جگە لە پەیامی مەرگ و تەرم ناردنەوە پەیامی تریان نەبووە؟

ژینا، نیکا و نەسرین کە تەرمەکانیان بۆ کوردستان ناردرانەوە، چیان کردبوو؟ !شارستانیانە نەجوڵابوونەوە؟!

ڕاست ئەوەیە، ئێمەی "کورد" بە درێژایی سەدە و هەزارە خۆمان بە "ئەڵا ئەڵا" و "ئەلباقی ئەنتەڵباقی" ڕاهێنا، خۆمان بە مەکتەب و مەدرەسە و زمان و فەرهەنگ و کەسایەتی ترک و عارەب و عەجەم ڕاهێنا .خۆمان تواندەوە، شانازیمان کردووە کە وەک ئەوان موسڵمان و "عارەب و ترک و عەجەمین."

لە ناو خۆمان غوڵامی شێخ و ئەرباب و ئاغا و دەربەگ بووین و بۆ ئەوان یەکترمان هەڵدەدڕی. پاش سێزدە هەزار ساڵ لە ڕێگای زمانەکەی خۆمانەوە لە یەکتر تێناگەین. یەکتر بە ناوی ئەم خودا و ئەو خودا، ئەم دین و ئەو دین، بە ناوی کوردی ئێران، عێراق، سوریا، تورکیا، بە ناوی ئەم حزب و ئەو حزب، ئەم گرووپ و ئەو گرووپ، ئەم ئیدئۆلۆژی و ئەم ئیدئۆلۆژی یەکتر دەتارێنیین.

ڕقمان لە یەکتر بووە و یەکترمان تەزاندووە. لە گەڵ خۆمان ماسکی هەمە ڕەنگ بەکار دەهێنیین و وەک سەردەمی کۆن ئۆمی و سەییدمان لێ پەیدا بووە، یەک بە ناوی ئاکادمیسین، ئەوی دی بە ناوی هونەرمەند و نووسەر و خوێندکار خۆ لە یەک جیا دەکەینەوە. دەمڕاستەکان لە کەسی سەر شەقام وەدواکەوتوون و بە خەیاڵاتی ئەمەر پاشاوە سەیری جیهان دەکەن!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بیر کردنەوە و تێگەیشتن لە ناو کورد وەک چۆم و دەریا جۆگەلەکانی یەکیان نەگرتەوە. لە سەری هەر کام لە ئێمەدا ئیسلامیەت، ئیرانیەت، تورکیەلی، عەرەبلی جێکەوتووە و لە پاڵ ئەوانەوە دەبین بە کورد.

ڕۆژئاوا بە تایبەت ئورووپا بە هەموو میللەتەکانیانەوە ئێستاش کە قسە لە تێگەیشتن و هزر دەکەن خۆیان بە یەک سەرچاوەوە دەبەستنەوە. جولەکە خۆیان گرێدەدەن بە بیرو تێگەیشتنی چەند هەزار ساڵەی خۆیان و بەردەوام خۆ تازە دەکەنەوە.

ئیدەی یەکسانسازی ئەسکەندەری مەقدوونی، ئیدەی یەکسانسازی هەموو ئایینەکان، ئیدەی یەکسانسازی کۆمۆنیستی – سۆسیالیستی، ئیدەی سانترالیزەکردن لە هیچکام لەو وڵاتانە سەری نەگرت، بەڵام لە ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا بە پاڵپشتی ئیسلام، زەبروزەنگ و سیاسەتی چەپەڵی ئورووپییەکان داسەپێندرا.

فاشیسمی هیتلێری و موسولینی کە لە وەهمی داسەپاندنی " نەتەوەی باڵادەست"، سەرچاوی دەگرت، سەری نەگرت، بەڵام لەو چوار وڵاتە بە سەر نەتەوەی کورد و ئەوانی تر داسەپێندرا، کە پشتی بە پێشینەی تێگەیشتن لە ناو ئەو نەتەوانە بەستبوو.

ئەم چوار وڵاتە و نەتەوەکانی باڵادەستیان پاشماوەی جیهانێکی کۆن و پاشماوەی ئیدەی فاشیسم و یەکسانسازیی بە شێوەی نازییەکانن. یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک حکومەت لە سەرزەوینێکی چەند نەتەوە، نە دێموکراسی و نە ئازادی لێ دەرناکەوێ. بە تایبەت ئەم وڵاتانە کە جگە لە تێگەیشتنی یەک خودا، یەک ئۆمەت، یەک سوڵتان، بیر و هزری تریان نییە.

کورد جگە بە ئیسلام و کۆمەڵێک تێگەیشتنی داخراوی دینی بە چی گرێدەدرێتەوە؟ لە ناو بەیت و حەیران و ئەدەبیاتی زارەکی هەرچەند تێگەیشتنی پچرپچڕ دەبیندرێ، ئەم پچڕپچڕبوونە تێگەیشتنی گشتی نەتەوەیی لێ ساز نەبووە .سەرجەم ئەدەبیاتی کوردی هەڵوەژێری یەک ڕێچکەی فکریی - فەلسەفی دوور لە "زاتی باری" لێدەرناکەوێ.

لە دەیان هەزار و سەد هەزارمان چەند کەس بوونەتە خانی و شەرەفخان و قازی و سمکۆ، کە ئەوانیش بە تەنیا مانەوە. هیچیان نەبوون بە بنەمای بیر و هزر و تێگەیشتن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێستا ئەم کیژ و کوڕانەی گەورەترین و بەربڵاوترین ڕاپەڕینی مێژووی ئەو ناوچەیان لە ئەستۆیە، پشت بە کام تێگەیشتن، فەلسەفە و بیر و هزری پێشینیانی خۆیان ببستن؟ پشت بە کام سیاسەت و ڕێچکەی سیاسی بەر لە خۆیان ببستن؟ پشت بە کام حزبی خاوەن بیر و هزر و سیاسەت، بەرنامە و ستراتیژی ببستن؟

ئایا ئەوان وەک ڕاپەڕینەکەیان کە نوێ و سەردەمیانەیە، نابێ خۆیان لە فەلسەفە و سیاسەت و بەرنامە و ستراتیژی و ڕێکخراوی سەردەمیانەی خۆیاندا ببیننەوە؟ ئایا ئەوان هەروەک چۆن لە سەر شەقام پێشڕەو بوون نابێ لە بیر وهزر و تێگەیشتن پێشڕەو بن؟ ئایا ئەوان هەروەک چۆن تا ئێستا بە هێز و بیر و بەرنامەی خۆیان پشتئەستوور بوون؟ نابێ لەم بەستێنەشدا پشت بە خۆیان ببستن؟

تورکی عوسمانی کە ئیمپراتوری ئیسلامیان تێکقرما، کەماڵی ژاندارمیان کردە ئاتا تورک، عەجەم لە "سەربازێک" ڕەزاشایان ساز کرد. کە لەو خزان پاڵیان بە ئیسلام و مەلای سەفەوییەوە دا بۆ ئەوەی کیان خۆیان بپارێزن. ئێستاش حەولی ژیانەوەی خۆیان بە پاڵپشتی ڕابووردوویان دەدەن.

کوردی نەساز لە گەڵ خۆی پاڵ بە کێوە دەدا؟ بە تاران کە ڕۆژانە پەیامی مەرگ و تەرمی بۆ دەنێرێتەوە؟؟

کورد بەر لەوی وەشوێن ئەم و ئەو بکەوێ پێویستە کۆتایی بە ئاڵۆزی ناو مێشکی بهێنێ. پێویستە کۆتایی بە بشێوەی تێگەیشتنی بهێنێ. پێویستە واز لە سیاسەتی هەژارانەی کلوبەکانی سیاسی خۆی و فانتێزی ڕابووردووی بهێنێ. پێویستە لە چل تیرەوە خۆی وەک یەک تیرە ساخ کاتەوە. پێویستە تئۆرییە باتڵبووەکان لە خۆی دوور کاتەوە و خۆی وەک خۆی ساخ کاتەوە.

سیاسەتی هەژارانە، دیپلۆماسی بە داوای لێبووردن سواڵکەرانە سەد و بیست ساڵە ئاکامی بۆ کورد نەبووە.

ئەمڕۆژانە دەبوو زۆرتر لە هەر کاتێکی تر کورد خەریکی وتوویژ و دانووستاندن و بیرکردنەوە لە گەڵ خۆی بێت،دەبوو دەیان سمینار و کۆبوونەوە لە ناوخۆ و دەرەوە ساز کرێ، دەبوو دەنگ و ڕەنگی کورد لە هەموو شوێنێک ببیندرێ و ببیسترێ، نە ئەو دەنگ و ڕەنگانەی بە سەدە لە پاش خۆپیشاندەران و لاوانی وڵاتن.

کوردستانی ئەمڕۆ زۆرتر لە هەر کات پێویستی بە تێگەیشتن، بەرنامە و ستراتیژی و ڕێکخراو هەیە، ڕێکخراوێک کە سەری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرەکی ژنان و لاوان بن.

٦ - ١١ - ٢٠٢٢

---

**(٢٢ - ٨)**




لە زیندانی شاری کۆڵن لە لایەن "شانۆی کۆچەرەوە، خوشکم و من "لە گەڵ کەسانی نێوان ١٧ بۆ ٢١ کاری شانۆمان دەکرد. ڕۆژێک یەک لە پۆلیسەکان پێمانی گوت، کە ئەو زیندانیانە "فەرهەنگی بەرچایی" خواردنیان نییە. ئەوانە زۆربەیان لە سەر شەقام ژیاون! ئەم وتەیە بۆ ئێمە تازە بوو، ئەوانە فەرهەنگی "بەرچایی" خواردنیان نییە. لە سەر "شەقام" ژیاون. ئەو وتەیە دەربڕی ئەوە بوو کە ئێمە لە گەڵ کەسانی "ئاسایی" لە بۆچوونی "کۆمەڵگا و سیستەم"ەوە، ڕووبەڕوو نیین. ڕەنگە هەر بۆیە لە زیندان خزێندراون، بۆ ئەوەی بە پێی نۆڕمەکانی کۆمەڵگا، بنەماڵە و سیستەم "ئاسایی" بکرێنەوە.

هەتا زۆرتر لە گەڵ یەک بە یەکیان ئاشنا دەبووین، بۆمان دەرکەوت ئەوانەی گرفتیان هەیە، سیستەم و بنەماڵەکانن، کە لە لاوان و منداڵان تێناگەن. ئەمەش گرفتێکی جیهانییە!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەم لاوانە شیعری ئاشقانەیان دەهۆندەوە، بۆچوونی سیاسی ئینسانیان هەبوو، چیرۆکی پڕ لە هەست و ڕەخنەگرانەیان دەنووسی. ئەوانە نەیاندەتوانی خۆیان لە گەڵ بنەماڵە و کۆمەڵگا ، کە لەوان تێنەدەگەیشتن ڕێکبخەن و تووشی تووندوتیژی دەبوون. لە بەر ئەوەی سیستەم بەرنامەی بۆ ئەوانە نەبوو، بە زیندان چارەی کێشەکانیان دەکرد.

ئەو کاتەی شانۆنامەکەی بەرهەمی هزری خۆیان، کە باسی لە ناعەداڵەتی ناوکۆمەڵگای دەکرد، لە هۆڵی زیندان پێشکەش کرا، مێدیا، ڕادیۆ و تەلەویزیۆن و ڕۆژنامەکان گەیشتنە زیندان. یەک لەم لاوانە بە ڕۆژنامەنووسەکەی گوت" هەموو وەدەزانن ئێمە دوا پیسایی سەر گۆی زەویین، بەڵام بزانن ئێمەش کارمان لە دەست دێ". ئەم وتەیە بوو بە سەردێڕی ڕۆژنامەکە.

ڕژیمی ئیسلامی "ئێران" کە هەشتا ملیۆن خەڵکیان بە بارمتە گرتووە، لاوانی خۆپێشاندەر بە فێرکراوی دەرەوە لە قەڵەم دەدەن. سەرانی ئەم ڕژیمە لە لایەک خۆپێشاندەران وەک کەسانێک کە لە خۆیاندا ئیرادە و تێگەیشتن و بیروهزریان نییە بە حیساب دەهێنن، لە لایەکی تر بە درووستی پووچبوونی پەروەردە، ناوەرۆکی پەروەردە، پووچبوونی فەرهەنگ و ئایینەکەیان دەردەخەن و لە هەمان کات پووچبوونی تێگەیشتنیان لە ئینسان و ژیان لە قاو دەدەن.

گەر ڕیزیان بۆ ماف و ویستی منداڵ، لاو، ژن و پیاو دانابایە و هەر کام لە چین و توێژەکان مافیان زەوت نەکرابایە و مافی بڕیاردانیان لێ زەوت نەکردبایەن، لە مەلا و ئایین و خودا و سیستەم ڕاستنەدەبوونەوە!

ئەوانەی هاتوونە سەر شەقام، ئەوانەی مان دەگرن، ئەوانەی فێرگە و زانستگا و شوێنی کار دەکەنە مەیدانی بەربەرەکانی و سەرجەم سیستەم ڕەدە دەکەنەوە، دەزانن چیان دەوێ. ئەوانەی نایانەوێ لەو خەڵکە تێبگەن چ لە ناو سیستەم و چ لە دەرەوەی سیستەم دەبێ گرفتەکانی خۆیان ببیننەوە!

ئەم "باوەڕە" هەیە کە دەگوترێ، ڕژیم و دەزگاکانی خەڵکیان خاپاندووە. ئەم تێگەیشتنە بە تایبەت لە سیاسەت و هەڵسەنگاندنی مێژوو زۆر باو بووە. خاپاندن ئەگەر بەو مانایە بێ کە مرۆڤ بیر ناکاتەوە و بێ ئیرادەیە، لە جێی خۆیدا نییە.

هەر مرۆڤێک بەرهەمی تاقیکردنەوە و زانینی خۆیەتە. واتە مرۆڤ کۆی ئەو زانیاریانەیە کە لە مێشکیدا تۆمار کراون.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مرۆڤ دەتوانێ بەردەوام بە پێی ئەوەی چی لە مێشکیدا تۆمار کراوە و بەکارهێنانی بۆتە عادەت، بجولێتەوە، دەکرێ زانیاریی و تاقیکردنەوەکان لە لایەن کەسەکەوە هەڵسەنگێندرێ و بڕیاری نوێتری جیاواز لە ڕابووردوو بدات.

ئەم پرۆسەیە لە لای منداڵ و لاوان و ژنان لە کوردستان و ئێران ڕووی داوە و ئیتر نایانەوێ بە پێی تاقیکردنەوەکانی خۆیان و بنەماڵە و کۆمەڵگا و سیستەم بجولێنەوە. ئەم پرۆسەیە لە مێشکی حاکمان و هەموو ئەوانەی باوەڕیان وەک "ڕژیمە" ڕووی نەداوە. ئەمە بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگای کورد و "نوخبە"کانیشی دەگرێتەوە.

مرۆڤ لە منداڵیەوە پاش ئەوەی پرۆسەی چێبوونی مێشکی بە سەرئەنجام گەیشت، هەم تێگەیشتنی هەیە و هەم لێهاتووی بڕیاردان، ئەوەی مرۆڤ لە منداڵییەوە بەرەو خۆڕاهێنان دەبات، دەوری جیهانی دەوروبەر و پێشێلکردنی مافی بیرکردنەوە و بڕیاردانی تاکە.

تێگەیشتنێکی هەڵە لە ناو هەموو میللەتانی جیهان ئەوەیە کە دەگوترێ "منداڵ دەبێ بار بهێندرێ". ئەم تێگەیشتنە کەسی بەرانبەر(لێرە منداڵ) بە ناتەواو، ناتەگەیشتوو، بێ تاقیکردنەوە و لە زۆر شوێن بە نەفام دەزانێ.

ڕاپەڕینی ژینا پێچەوانەی ئەم تێگەیشتنەی سەلماند. لەم چەشنە تێگەیشتنەدا مرۆڤ وەک کەسێک نابیندرێ کە بیر دەکاتەوە و دەتوانێ خۆی بڕیار بدات. لە پێوەندی دەگەڵ شەڕی جیهانی دووهەم، زۆربەی ئەو کەسانەی باس لە شەڕ دەکەن، هیتلێر و حزبەکەی بە تاوانبار دەزانن و سەرجەم خەڵکی بەشدار کە هێزی سەرکەی جێبەجێکردنی بڕیارەکان بوون، دەخەنە دەرەوەی بەرپرسیارەتی، لە کاتێکدا حزبی ناسیۆناڵ سۆسیالیستی ئاڵمان بە بێ خەڵک چ ئەوانەی بەشداربوون، چ ئەوانەی بێدەنگ بوون، نەیاندەتوانێ ببینە هۆی کوشتنی زیاتر لە بیست ملیۆن کەس.

مانەوەی ڕژیمی ئیسلامی بۆ ماوەی ٤٣ ساڵ بە بێ "خەڵک" مسۆگەر نەدەبوو. ئەم باسە کە گەلێک پرسیار دێنێتە گۆڕێ، دەبێ بکرێ .بۆچی دیکتاتوری شاهەنشاهی و دیکتاتوری ئایینی نزیک سەد ساڵ لەم سەرزەوینە و لە گەڵ ئەو میللەتانە بەردەوام دەبێت؟

تەنیا هۆ دیکتاتۆری حاکم نەبووە، ئەو کەسانەش کە لە سیستەمی دیکتاتوریدا دەتوانن خۆ ڕابێنن و خۆ بگونجێنن و هاوکار یان بێدەنگ بن، سیستەمەکە لە سەر شانی ئەوان ڕاوەستاوە. گەر ئەوان شانیان لادەن، کە ئێستا منداڵ و لاو و ژنان ئەو کارە دەکەن، ستوونێک بۆ مانەوەی سیستەم نامێنێ!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆچی ئەندامانی فڵان کۆمەڵگا، فلان تەریقەت، فڵان حزب، فڵان ئیدارە، فڵان دەزگا دوور لە تێگەیشتنی خۆیان، خۆیان لە گەڵ سیستەمەکان ڕێکدەخەن؟

بۆچی منداڵانی ڕاپەڕینی ژینا، لاوان، ژنان نایانەوێ ئیتر خۆیان لە گەڵ ڕژیم و فەرهەنگ و تێگەیشتن و سیستەمەکەی ڕێک بخەن؟

مرۆڤ هەر کات ئەم پرسیارانەی لە خۆی کردبێ و بە هێز و بیر و توانا و دەوری خۆی زانیبێ، وەک تاک و کۆ، دیکتاتۆرەکان ئیتر لە بنەماڵەوە هەتا کۆمەڵگا جێگەیان بۆ نەماوەتەوە.

ئەمە ئێستا لە ئاستی جیهان دەبیندرێ کە پێشڕەوانی منداڵ و لاو و ژنان. ئەم سێ هێزە کە بەدرێژایی مێژوو لە ژێر ئۆتۆریتەی کەسان و سیستەمی نەخوازراو دابوون، ئێستا هێز و توانا و بیر وهزری خۆیان وەگەڕ خستووە. ئەمە ڕاستی جیهانی ئەمڕۆیە.

ئەوەی لاوانی ١٧ بۆ ٢١ ساڵ لە زیندانی کۆڵن گوتیان درووست دەرهات، ئەوان دەتوانن لە ناو زیندان و دەرەوە خۆیان بن، ئەو سیستەمەی پێیوایە لە ڕێگای زیندان، دین، ئیدئۆلۆژی، سیستەمی "پەروەردە"، مێدیا، هونەر، فەرهەنگ، دەتوانێ خەڵک بخاپێنێ، بەر لە هەر کەس خۆی دەخاپێنێ، هەرچەند ٤٣ ساڵ بتوانێ زاڵ بێت.

تێگەیشتنی ئینسان لە خۆی لە ژیان بەرەو گۆڕان دەچێ و داهاتوو چاوەڕێی بەجێماوان نابێ!

١٠ - ١١ - ٢٠٢٢

* خوشکم وەک سوسیال پێداگۆگ و منیش وەک شانۆپێداگۆگ لە پرۆژانەدا بەشدار دەبووین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

(٢٢ - ٩)




**هونەر، بیرکردنەوە، ڕاپەڕین!**

ڕاپەڕینی ژینا مرۆڤ بەرەو بیرکردنەوە لە خۆ و کۆمەڵگا دەبات، کە هەمە جۆر دەنوێنێ و داوی دیار و نادیار لە یەکی گرێدەدات. مێشکی مرۆڤی ناو ئەو کۆمەڵگایە وەک نیشتمانەکەی دەستی تێوەردراوە و تێگەیشتنی نامۆی بەسەردا سەپێندراوە و کەسایەتی نامۆی پێبەخشراوە و بڕیاری چارەنووسی خۆی لێئەستێندراوە. ئەو گەیشتۆتە ئەو ئاستەی "داوای مافی پچڕپچڕی خۆی لێرە ولەوێ لە داگیرکەرانی دەکات و پێیوایە ئەوان دەبێ بڕیار بدەن کە کورد چەندە مافی پێ ببەخشرێ". ئەوە ئەو مرۆڤانەن کە ئەمڕۆژانە لێرە ولەوێ بەناوی "نوخبەی سیاسی و حزبی" دەدوێن! ئەوانە وەک خوێندەوار، هونەرمەند، نوخبە، "ڕۆشەنبیر"، "عالم"، ئاکادمیسین، نەک ڕەنگدانەوەی خۆیان نیین، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی کیان و فەرهەنگ و زمان و ئەدەبیات و تێگەیشتنی نەتەوەی باڵادەستی داگیرکەری نیشتمانەکەیانن!

ئەگەر بەناوبانگەکانی ١٢٠ ساڵی ڕابووردووی بە ڕەچەڵەک کورد لە هەموو بوارەکاندا بە پانتای کوردستان بهێنیننە سەر ماسەی هەڵسەنگاندن، قووڵایی نامۆبوون لە گەڵ "خۆ" دەردەکەوێ!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تێگیشتن لە دیاردەکان گرێدراوی "بەئاگابوون" و "بەئاگانەبوونە". بەشی هەرە زۆری ساتەکانی ژیانی مرۆڤ بەئاگانەبوون، عادەتی، دووبارەکردنەوە تێدەپەڕێ، کە مێشک لێی بەرپرسیارە. دەکرێ بگوترێ مرۆڤ زیندانی لایەنی "بەئاگانەبووی" خۆیەتی ئەگەر "ئاگالەخۆ" خۆی لە ساتەکانی ژیانیدا نەبینێتەوە.

ئەگەر فەلسەفە کە لە سەر پرسیارکردن ساخ دەبێتەوە، نیشاندەری بەئاگابوونی مرۆڤ بێ و ئایین دوور لە پرسیارکردن نیشاندەری بەئاگانەبوون و پەیڕەویکردن وەشوێن کەوتن، کورد بە گشتی و نووسەر و هونەرمەند و عالم لە بەستێنی دووهەمدا خۆیان دیتۆتەوە و ئەمڕۆ زۆر مرۆڤی بەئاگای کورد خۆیان لە بەستێنی دووهەم بە تەواوەتی ڕزگار نەکردووە.

گرێدراوی توێژی ناو بازنەی هونەرمەند، نووسەر، فەیلەسووف، نوخبە، شارەزا، سیاسەتمەداری کورد بە توێژی "نەتەوەی باڵا دەست" گەلێک زۆرترە لە گرێدراوبوون بە مێژوو، فەرهەنگ، زمان و لایەنەکانی نەتەوەی خۆی. کەم نیین ئەوانەی خۆیان لە بازنەی کوردبوونیشدا نابیننەوە. لەم ڕێگایەوە زۆر لە ئێمە تێگەیشتنی بەقەرز وەرگیراوی نەتەوەی باڵادەست و دەرەوەی ئەوانیش بە تێگەیشتن و دەربڕینی بۆچوونی خۆمان دەزانیین کە ئەوەش هەر دەچێتەوە سەر زاڵبوونی بەشی "نائاگا لەخۆ" و عادەتی.

ئەم ڕێژەیە لە جیهان چوار کەس لە دە هەزار کەسە، واتە زۆرینەی خەڵکی سەر گۆی زەوی گوێڕایەڵی بەشی نائاگای خۆیان و ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو "زانیاریی و دژە زانیاریی"یانەن کە نەویست لە مێشکدا کۆدەکرێنەوە. بەشێکی وەک "زبڵ" لە لایەن مێشک خۆیەوە فڕێ دەدرێ، بەڵام ئەوی تر وەک زانیاریی کەسەکە دەمێنێتەوە و دەبێتە نیشاندەری کەسایەتی ئەو.

بەشی بە ئاگا کۆی ئەو زانیارییانەیە کە مرۆڤ بە ویستی خۆی وەری دەگرێ، کە ئەمە لە ناو نەتەوەکەی ئێمەدا زۆر زۆر کەمە، لە بەر ئەوەی تەنانەت خوێندکارانی زانستگا لە دەرەوەی دەرس و بابەتەکان کە بۆ نمرەوەرگرتن فێری دەبن، ڕوو لە خوێندنەوە و کەرەسەکانی تری زانیاریی وەرگرتن ناکەن.

زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگا لە جیهان، ئەم تێگەیشتنە بەقەرز وەرگیراوە وەک تێگەیشتنی خۆی دەردەبڕێ. ئەم پرێنسیپە بە درێژایی مێژوو بەکارهێندراوە و لە سەردەمی ئێمەدا مێدیا، سیستەمی پەروەردە، زانستگا و دامودەزگاکانی هونەریی، ئەدەبی و بە هەمان شێوە نووسەر و هونەرمەند و نوخبە، فەیلەسووف و تئۆریسێنەکان لەم بەستێنەدا دەوری جیددی دەگێڕن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوانەی ئێستا دەزگاکانی ڕژێمی ئێران هەڵدەسووڕێنن شارەزا و نوخبەن کە لە ناویاندا هەزاران مرۆڤی بە ڕەچەڵەک کورد هەیە. هونەرمەند، نووسەر، شاعیر، شارەزای هەموو بوارەکان کە مووچەخۆر و کارمەندی ئێرە و ئەوێی سیستەم بوون و هەن، دەکرێ هەر دوو ڕۆڵیان بووبێ، ڕۆڵی زیانبەخش، ڕۆڵی سوودبەخش. زیان و سوود بۆ کێ، بۆ ڕژێم یان بۆ کۆمەڵگا و بۆ نەتەوەکەی خۆیان؟

هونەرمەند، نووسەر، شاعیر، فەیلەسووف، نوخبە، شارەزا، سیاسەتمەدار هەم دەتوانن کۆمەڵگا فریو بدەن، هەم دەتوانن کۆمەڵگا وشیار کەنەوە. لە سیستەمێکی وەک ڕژێمی ئیسلامی هەر کام لەو کەسانە، ئەمڕۆژانە خۆیان لەم بەر یان لەو بەر دەبیننەوە، یان لە سەر دوو کورسی دادەنیشن.

هونەر و ڕاپەڕینی ژینا چەندە لە یەک گرێدراون؟ ئەوەی دەبیندرێ ئەوەیە کە ڕاپەڕینی ژینا بە هۆی هونەرەوە بە تایبەت وێنە، ویدئۆ و مۆسیقا بەربڵاوتر کرایەوە تا ئەو جێگایەی لە وڵاتانی تری جیهان لەم ڕێگایەوە ڕاپەڕینی ژینا و پشتیوانی لە ڕاپەڕین بەرینتر بووە. هونەرمەندانی ئورووپایی زۆر زوو لە ڕێگای کلیپ و ویدیۆکانەوە، تێکەڵاوی ڕاپەڕین بوون و بەرهەمی تایبەتیان خوڵقاند و بەرهەمی هونەرمەندانی فارس و نە فارسیان دووبارە کردەوە، شەوی (١١/١٠) لە شاری کۆڵن کۆنسێرتێکی چەند دەهەزار کەسی بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی ژینا بەرپا کرا.

هونەرمەندانی جیهان لە سەردەمەکانی پێشووش لە پێوەندی لە گەڵ ئەو کارەساتەی بە سەر کورد هاتووە هەڵوێستیان هەبووە و کۆنسێرتی پشتیوانیان ساز کردووە بۆ وێنە ڕووەکەی ساڵی ١٩٩٢ باشووری کوردستان. بەشداریان فستیواڵی نەورۆزی ساڵی ١٩٨٨ (فستیواڵی هەڵەبجە).

هونەر و هونەرمەند کە دەور و ڕۆڵ و بەرپرسیارەتی خۆیان ناسیبێ، جیا لە کۆمەڵگا و ڕووداوەکان نەبوون. کۆڵانەکانی ئاتێن لە یۆنان ئێستاش دەبێ دەنگی شانۆکاران، نووسەران، فەیلەسووفان ببیستن کە بابەتەکانی تایبەت بە خەڵکیان باس دەکرد. تەنانەت هونەرمەندانی یۆنان کارەساتە دڵتەزێنەکانی خەڵک و وڵاتی خۆیان لە شانۆنامەکاندا کردۆتە ئەبەدی. سووتاندنی شاری "میلس" لە لایەن پارسەکانەوە بوو بە شانۆنامە و لە ئامفی تئاتر ئاتین پێشکەش کرا. شانۆنامەی" پارسەکان" کە هەمیسان باس لە حکومەتی پارس و شەڕ لە گەڵ یۆنانییەکان دەکات، تەنیا درامای بەجێ ماو لەو سەردەمەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سـەردەمی فاشیسـمی ئاڵمـان، گرێـدراوی بەرگـری لە ڕێگـای هـونەر و هونەرمەنـدانەوە بـوو، چ هونەرمەنـدانی ئاڵمـان چ هونەرمەندانی ڕووس و بولغار و ئەوانی دی. شانۆنامەی "نانی ژاراوی" کە لە لایەن تیپی شانۆی لاو لە ئاڵمان کـاتی خـۆی پێشکەشکرا، ژیانی پارتیزان و پێشمەرگەی بوڵغـار لە کـاتی شەڕ لە گەڵ نازییەکـان دەگێـڕێتەوە. ڕاپەڕینەکـانی ئورووپـا، ئافریقا، ئاسیا، ئامریکای لاتین لە سەدەی بیست و پێشتر گرێدراوی هونەر و هونەرمەندان بووە.

نووسەران، شاعیران، فەیلەسووفان، شانۆکار و فیلمساز و فتۆگراف لە سەردەمی نازییەکان لە بەرەی خەڵک و دژی نازیسم بـوون، ئەڵبەت ئەوەش ڕوونە کە فاشیسم و دیکتـاتۆری و خـاوەن دەستەڵاتەکان هونەرمەنـد و نووسـەری خۆیـان هەبـووە و هەیە و وڵاتی ئێمەش لە کۆن و لە ئێستا دوور لەو دیاردەیە نەبـووە. ئەمڕۆش لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان هەم ئەو دوو بەرە لە نووسەر و هونەرمەند و شاعیر و نوخبە دەبیندرێ، هەم ئەو دەستەیەی کە بە لاقێک لەم بەر و بەوی تر لەو بەرن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێچەوانەی چل و چەند ساڵ پێشتر لە هەموو بوارێکدا هونەرمەنـد و نووسـەر و شـارەزا و نـوخبەی هەیە، پرسـیار ئەوەیە چەنـدە گرێـدراوی نەتەوەکەی خۆیـان و فەرهەنـگ و زمـان و هونەریـان هەن و چەنـد گرێـدراوی نەتەوەی بـاڵا دەست و لە هەمان کات گرێدراوی سیستەم و حکومەت و سیاسەت و بەرنامەکانی ئەوان؟

سیما و کارەکانیان چەندە گرێدراوی نەتەوەکەی خۆیـانە و چەنـدە نەتەوەی بـاڵادەست؟ چەنـدە سـامانی هـونەری، ئەدەبـی، فەرهەنگی کۆن و نوێی کورد ماتریالە بۆ ئەوان بۆ بەرهەمی نەتەوەکەی خۆیان، چەنـدە دەوریـان هەیە بـۆ تواندنەوەی ئەم سامانە لە هونەر و فەرهەنگ و زمانی نەتەوەی باڵا دەست!

ڕژێمی ئیسلامی ئێران و ڕژێمی پێشتر بە تەنیا تـاڵانکەری کانگا و کان و سامانی سەر عەرد و بن عەردی کوردستان و کورد نەبـوون، بەڵکـوو تـاڵانچی سـامانی فەرهەنگـی و هـونەری و ئەدەبـی و مۆسیقایی و... کـوردیش بـوون کە دەڵاڵـی ئەم تاڵانکارییە کورد خۆی بووە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی ڕاپەڕینی ژینا لە گەڵ ئەم دیاردانە ڕووبەڕووە.

هونەرمەند و نووسەر و شاعیر، نوخبە، خوێندەوار، ڕۆشەنبیر، ئاکادمیسینی نەتەوەیەکی وەک کورد، هەمـان گرفتی خەڵکی ئاساییان هەیە، ئەویش خۆناسین و نەناسینە! جیاوازی خەڵکی ئـاسایی و زۆرینـەی ئەم تـوێژە لە زانیین و نەزانیین دایە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەش بە تەنیا تایبەت بە کورد نییە، ٧٥ لە سەتی نوخبە و شارەزا و ئینتلێئەکتوئێل و ئاکادمیسێنی جیهان ڕاستییەکان دەزانن، بەڵام بەرژەوەندییەکانیان باڵاتر لە گوتنی ڕاستییە، ئەمە بە تایبەت سیاسەت پیشەکانیش بە خەستی دەگرێتەوە. کەسانی وەک جۆردانۆ برۆنۆ و گالیلە ژمارەیان زۆر نییە.

١١ - ١١ - ٢٠٢٢

** وێنە باوکی ژینا

---

**(٢٢ - ١٠)**




ئیتر کەس فریای ڕۆژانە نووسین ناکەوەێ، وەک سێڵاوی پاش بارانی بەخوڕ نە فریای ماڵ و کۆڵان و گەڕەک دەکەوێ و نە فریای شار. هیچ کەس و هیچ هێزێک ئیتر توانای پێشگرتنی نییە.

حکومەتی مەلا و سەران و مۆرەکانی سەرجەم دامودەزگاکانی لێیان ڕوونە کە ئەوەی ئەمرۆژانە لە سەر شەقام و شوێنی کار دەبیندرێ و دەیبینن دوا پەردەی فیلمی چل وسێ ساڵەی دەستەڵاتیانە.

نەک ئەوان ئیتر شەریکەکانی مامەڵاتی سیاسی و بازرگانی لە ئورووپا و ئامریکا و ڕۆژئاوا سەرەڕای هەموو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خیرەسەرییەکانی ٤٣ ساڵەیان بۆیان دەرکەوتووە ئەم مردووە نەک بەوان و نە بە خودای مەلاکان زیندوو نابێتەوە و بە سەر بارودۆخێکدا کەوتوون کە لایان وابووە وەک سالآنی ڕابووردەوە. ئەوان بە خەستی لە ژێر کاریگەریی لۆبی ڕژیم دابوون و تووشی هەڵە بوون و دەبێ چاوەڕوان بکرێ کە بەرەو کوێ دەچن!

خێرایی ڕووداوەکان و خێرایی ئاڵوگۆڕ لە شار و ناوچەکان دەتوانێ سەر لە هەموو لایەک بشێوێنێ، جگە لەوانەی لە ناو گۆڕەپانەکە هەنگاو بە هەنگاو هەڵدەکشێن.

ئەوان هەم خۆیان دەناسن و هەم بەرانبەرەکەیان و دەشزانن چی بکەن و چۆنی بکەن، هەر شارێک، هەر گەڕەکێک و هەر گرووپێک کە لە سەر یەک دەبێتە دەیان بەرنامەی کاری ڕۆژ و شەوان، سەری لە هەموو بەرپرسانی نیزامی و سیاسی و ئەمنیەتی شێواندووە و تاکتیک و پلان و بەرنامەیان لە چاو خۆپێشاندەران بە خێرایی ناگۆڕدرێ و ئەوان شێوەکانی کلاسیک بە دژی جەماوەر بەکار دەهێنن و بەرەیەکی شەڕیان لە ناو شارەکان کردۆتەوە کە ڕۆژانە کوژرانی زۆرتری لێدەکەوێتەوە هەتا شەڕی ئۆکراین و ڕووسیا.

بێ هەڵوێستی و بێ کرداری دامودەزگاکانی جیهانی دژی ئەم شەڕە، نابێ قەبووڵ بکرێ!

ئیدە و تاکتیکی لاوان کچ و کوڕ هەمەڕەنگ و هەمەجۆرە و نیشان لەوەیە کە ئەوان بە خێرایی کامپیۆتێری دەجولێنەوە. نە تەنیا ڕژیم، سەرجەم هێزی سیاسی ئێرانی و نەتەوەکان لە حاند خۆپێشاندەران وەدواکەوتوون کە ئێستا بوونەتە ڕێپیشاندەر و بەرنامەڕێژ و جێبەجێکەری بەرنامە. ئەوان لە گوتن و ئاکار و ڕەفتار و دروشم گوتن هوشیارتر دەنوێنن و لە سەرجەم ڕاپەرینەکەدا ژیریی سیاسی و ژیریی کار و کردەوە دەبیندرێ.

ئەوان لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ نەتەنیا ڕژیم و دەزگاکانیان ئفلیج کردووە و ترسیان خستۆتەوە گیانی هەموویان بەڵکوو توانیویانە بەو کار و تاکتیکانەی بەکاری دەهێنن، دەستوپێوەندەکانی ڕژیم و لایەنگران و بەرماوخۆرەکانی بخەنە تەنگاو. پرۆسەی دوو مانگی ڕابووردو بووە هۆی ئەوەی هێزەکانی سیاسی کورد ڕووبەڕووی ڕاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قسە وباس و سیاسەتی خۆیان ببنەوە.

ئەو کەسانەی لە شەوی تاریک لە شارەکانی کوردستان دەبنە هۆی تۆقاندنی هێزەکانی ڕژیم و بە ڕۆژ ڕووبەڕوویان دەبنەوە و سەرجەم شار دەبێتە یەک دەنگ و ماشێنی ڕژیم لە کار دەکەوێ و ئیدارەکانیش لە گرێژنە دەچنە دەر. مانای ئەوەیە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕژێم هەنگاو بە هەنگاو لەو شەڕەدا بەرەو دۆڕان مل دەنێ.

کاتێک فێرگە و زانستگا و ئیدارەکان ناتوانن بەردەوام بن، کاتێک کرێکاری دامودەزگا و کارخانە و بازاڕ گەیشتوونەتە دوا ئێزگەی خۆیان، ئیتر ڕژێمی ئیسلامی هیوای کام داهاتوو دەخوازێ کە بە چەکەوە چەسپاوە؟ ئایا چەک ڕژێمی وێران لە ناوخۆیدا دەپارێزێ؟ ڕژێم کە لە لایەنی ئیدئۆلۆژی، سیاسی، ئابووریی، ئیداریی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئۆتۆریتە دارمیاگە و پاپۆری سیاسی لە دەرەوەی وڵاتیش بەرەو لە قوڕچەقین دەچێ، هیوای کام داهاتوو دەخوازێ؟

خێرایی ڕووداوەکان لە ئێران و کوردستان دەبێ سیاسەتمەداران و حوکمڕانانی باشورر و وڵاتانی دەوروبەر و هێزەکانی سیاسی ئەوان و هێزەکانی سیاسی ڕۆژهەڵات بەرەو بیرکردنەوە و بەرەو ئاکار و سیاسەتی نوێ لە حاند ڕژیم و "ئیران" بەرێ. هەرچەشنە چاوەڕوانییەک بە سەبکی کلاسیک بۆ هەموو لایەک دەتوانێ گران تەواو بێ!

هەموو ئەوانەی ئێستا گەورەترین ڕووداوی سیاسی کەم وێنەی ئەم سەدەیە دەخوڵقێنن، گەر بە تەنیا شەقام گۆڕەپانیان بێ، دەرفەت لە کیس دەدەن، ئەمڕۆ ڕێکخراو و خۆڕێکخستن لە ئاستی هەموو ڕۆژهەڵات و دارشتنی بەرنامە و سیاست بۆ ئەمرۆ و دوا ڕۆژ پێویستی سەرەکییە.

کاتێ گوند، شار، ناوچە لە ژێر پۆستاڵی ڕژیم خەلاس بێ، دەبێ بەڕیوەببردرێ، دەبێ ژیان بەردەوام بێ، دەبێ خەڵک هەر لە ئێستاوە بەشدار لە خۆڕێکخستن و خۆبەڕێوەبردن بن.

دوازدە ملیۆن کورد لە ڕۆژهەڵات کە زیاتر لە چل لە سەدی لاو و پێگەیشتووە و بیست لەسەدیان لێزان و شارەزای بوارەکانن، هاوکات لە گەڵ شەقام دەبێ بەرەو ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی و سیاسی و فکریی بچن.

هەموو جۆگەلەکانی ناوخۆ و دەرەوە، دەبێ تێکەڵ بە دەریای ناوخۆ بن. ئێوە ڕابەرانی ئەو ڕاپەڕینەن، دەبێ لە لوتکەی سیاسی و بەڕێوەبردندا بمێننەوە، ئێوە خاوەنی ئەم ڕاپەڕینە بوون و دەبێ خۆتان هەتا کۆتایی بەرن، کۆمەڵگای ئەمڕۆ و دوارۆژ هی ئێوەیە، ئێوە کە لە یەک ڕۆژدا زیاتر لە شەڕی دوو وڵات قوربانی دەدەن.

١٧ - ١١ - ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(٢٢ - ١١)




**گوومبوون، چاوساخ، گەڕانەوە!**

لە کاتی کۆنگرەی هەڵەبجە بۆ یەکگرتنەوەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا، تەلەفوونی هوتێل دەنگی لێ بەرز بووە، خانمەکە ڕووی لە من کرد و گوتی کاریان بە تۆیە، ئەلۆ، "سەلام کاک بارام من گووم بووم و نازانم چۆن بێمەوە!" هەر کام لە ئێمە گووم بووین و نازانین چۆن بگەڕێینەوە، وەک پشیلەکەی "هێرمان"، کە لە کۆڵانەکانی هەندەران کەس دەنگی نەدەناسیوە و دەرگایان لێنەدەکردووەوە.

من پشیلەکەی هێرمان و بەرپرسی دەزگایەکی خوێندکاریی نەبووم. لە هیچ وڵات و شارێک گووم نەبووم، جگە لەو شارەی لێی لەدایک بووم. لە ڕێگای فێرگەوە بۆ ماڵ لە ناو کۆڵانەکان گووم بووم و ئێستاش پاش دەیان ساڵ سەرگەردان دەسووڕێمەوە و ماڵی خۆمان نابینمەوە.

وەک "حەسەن کوردەی تاران" لە شارەکەی خۆی لێی دەپرسن کاکە تۆ خەڵکی ئێرەی؟ لە بەر دەرکی دووکانەکەی ڕووبەڕووی بۆتکەی وێنەگەر باوەشی پێدا دەکەن و دەبێژن "ئەوە سێ !"سەرسووڕماو دەپرسێ "سێ ی چی؟ وڵام وەردەگرێ، "لە بەیانییەوە لێرە دانیشتووین ناسیاوەکان دەبژێرین، تۆ سێهەم کەسی" .حەسەن کوردە پاش گەڕانەوە، زۆر نەژیا!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وەک کابرای تارانی، لە ناو بووس، کۆت وشەلوار لە بەر و کراوات لە مل، لە شێوەی سەردەمی ڕەزا شا، پەیتا پەیتا هاواری دەکرد. "ستاپ ستاپ". خەڵکەکە سەیر سەیر چاویان لێدەکرد و چەند کەس سەریان ڕادەوەشاند بەو مانایەی شێت بووە.

کابرا بەرزتر نەڕاندی و هەستایە سەر پێ "ئاغای شوفیر نگەهدار". شۆفێر حەبەسراو پرسی، "چی بووە؟" وڵامی داوە " هەرچی دەڵێم ستاپ تۆ ڕایناگری". کابرای سەردەمی ڕەزاشا سواری بووسی سەردەمی مەلا ببوو!

چاوساخ ڕیزێک مەلای حافزیان ڕۆژانی هەینی وەشوێن خۆیان دەدا و دووکان بە دووکان بۆ خێری جومعە دەگەڕان، ئێمەش چاو ساخمان گەرەکە بۆ ئەوەی دیسان گووم نەبین و گوومان نەکەن!

چاوساخی ئەمڕۆ کیژ و کوڕان، لە هێچ شوێنێکی جیهان گووم نابن، ئەوان بە پێچەوانەی ئێمە "ناویگاسیۆن" و زانیاریی جیهان لە ناو گیرفانیان دایە. گیرفانی ئێمە بەتاڵ بوو. چاوساخەکانمان یەک چاویان هەبوو. پشت ئەستوور بە جیلی پێش خۆمان نەبووین. چاوساخی ئێستا ئیتر بە تەنیا نیین، دایک و باوک لە گەڵیان دەنگ هەڵدەبڕن.

کوردستان ئیتر چاوەڕێی دەرەوە نییە و بە پێچەوانە هەندەرانی چاوەڕوانی ناوخۆ دەکەن. ساڵانی زوو نییە دەستە، گرووپ و حزب وەپێشیان کەون، ئێستا پێچەوانە بۆتەوە. دەستە و گرووپ، حزب چاوساخیان گەرەکە. ئیتر کەس لە شار و گوندی خۆی بزر نابێ.

هێمنی شاعیر پێویست ناکا کاتی گەڕانەوە فرمێسک بە لا چاویدا بێتە خوار، قزڵجی دەتوانێ لە ماڵ بێتە دەر، هەژار دەتوانێ بە سەر گردەکەی قەڵادا هەڵگەڕێ و بچێتەوە ناو ماڵەکەی و پێویست ناکا کاتی کردنەوەی پەنجەرەی ماڵەکەی، ئاخ بۆ ڕابووردوو هەڵکێشێ، لاوان هەتا سەر دوندی تەرەغەی دیبەن، با گەلاوێژ هەڵوەدای ئەم شار و شار نەبێ و چاوساخ هەتا ماڵی باوانی دەیبەنەوە.

پێویست ناکا ئاڵا بەدەستانی پشت دیوارە تاریکەکان وەک مەلکشا، بەتحای، دەرویشیان، ڕەحیمی ، بلوریان، یۆسفی خۆیان هەڵگەڕێنەوە سنە و کرماشان و سابڵاخ، شیرین و فەرزادەکان ئامادە بن کالیسکە دێتە شوێنیان.

دەفژەن، تەنبوورنەوزا و نەقارەژەن و دەنگخۆشەکان کە ئەمڕۆژانە شار و گوندیان پڕ کردووە لە سروود و دەنگ و ئاواز،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئامادەن.

لە سەیدی گەورە و زیرەک و لەیالا بەدرخان و مەستوورە ڕاسپێرن، کاتی گەڕانەوەیە و هەموو بەرەوپیری ژیناکان دەچین. بەرەو وڵاتی ژن، ژیان، ئازادی.

پیشیلەکەی هێڕمان لە بیری نەچێ کاتی گەڕانەوەیە، خەڵکی کۆڵان دەنگی دەناسنەوە و دەرگا لە سەر گازی پشت ئاوالەیە!

١٨ - ١١ - ٢٠٢٢

---

**(٢٢ - ١٣)**




**خەیانەت، جاسووسی، ڕاپەڕین**

جاسووسی کردن مێژوویەکی کۆنی هەیە، پارسەکان ڕەنگە یەکەم میللەت بووبێتن کە ئەم شێوەیان لە شەڕ بۆ داگیرکردنی وڵاتان بەکار هێنابێ، ئەوان توانیان لە سەردەمی خەشایارشا پارلەمانتاری ناو پاڕلەمانی یۆنان بکڕن. عەڕەب لە کاتی



https://serchawe.com

هێرش بۆ وڵاتان، موغول لە کاتی داگیرکردنی سەرزەوینی تر، نازییەکان لە کاتی چوونە ناو خاکی تر پشتیان بە جاسووس بەستووە. هیچ وڵاتێک نییە دامودەزگای جاسووسی و نەمامی بە شکڵ و فۆڕمی جیاواز بۆ مەبەستی هەمە جۆر نەبێ.

داگیرکردنی لەهستان لە لایەن نازییەکان دەستی پڕڕەنگی جاسووسی تێدا بوو، گەیشتنە ناو شاری پاریس لە لایەن نازییەکان، دەستی جاسووسی تێدا بوو. ساواکی شای ئێران ڕێکخراوێکی "ئینقلابی" حزبی توودەی ئێرانی بەڕێوە دەبرد. ساواک لە ناو "شۆڕشی باشوور" دەستی ئاواڵە بوو، لە ناو هەموو حزب و سەرکردایەتیان مرۆڤی خۆی هەبوو.

ویلهێلم دیتل ساڵی ٢٠١٠ کتێبێکی لە سەر ڕێکخراوەکانی جاسووسی ئیسلامی بە ناوی "Schattenarmeen" بڵاوکردەوە و باس لە لەشکرەکانی نادیاری جاسووسی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، کە ڕژیمی ئێران دەوری سەرەکی لە ژێر ناوی هەمەڕەنگ تێیدا دەگێڕێ. کورد لە دەرەوە و ناوەوەی ئێران لە ناو پڕۆژەی ئەواندا جێگای بۆتەوە.

ساڵی ١٩٨٣ یەکێک لە کادرە باڵاکانی حزبێکی باشوور کە خۆی لە لایەن ڕژیمی ئێران لە تاران دەستبەسەر کرابوو، بۆی گێڕامەوە کە پێشینیاری هاوکاری پێدراوە و پێی گوتراوە کە ئەوان لە ناو سەرکردایەتی هەموو حزبەکان مرۆڤی خۆیان هەیە.

لە ساڵی ١٩٨٠ لە تاران بۆ من سەلمێندرا بوو، کە ڕژیمی ئیسلامی گەلێک کەسی لە ناو حزبەکانی باشوور کڕیوە. بەشێک لەوان لە دەرەوەی وڵات بە تایبەت لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق بە ئاشکرا و بە دزیی دەچوونە سفارەتی ئێران لە بۆن و هەر ئەوان کەسانی ڕژێمان بە ناوی ڕۆژنامەنووس دەهێنایە ناو خۆپێشاندان و کۆبوونەوەکان و یەک لایەنی حزبی باشوور لە کۆبوونەوەکان دژی هەر کەس کە دژ بە ئێران قسەی کردبا دەوەستان.

ساڵی ١٩٨٥ لە شاری گیسن لە ئاڵمان لە ماڵی یەک لە بەرپرسانی پێشووی کۆنفدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانی لیستی زۆرێک لە دژبەرانی ڕژیمی ئیسلامی پەیدا بوو، کە درابوو بە سفارەتی ئێران.

لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ بۆ ١٩٩٠ کۆمەڵێک وێنە بەڵگەنامە و کارتی ئەندامەتی کەوتە دەست نووسەری ئەم دێڕانە کە نیشانی دەدا مۆرەکانی ڕژێم لە ناو حزبەکانی کورد و ئێرانی چالاکن. کەسی وای تێدا بوو کارتی ئەندامەتی دوو حزبی ئێرانی و حزبێکی ڕۆژهەڵاتی لە گیرفان دابوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ناو کورسی زمانی ئاڵمانی، زانستگا، مۆرەی ڕژێم دەردەکەوتن، مێدیای ئاڵمان باسیان لە پرۆژەیەک کرد کە حکومەتی ئێران بەڕێوەی بردبوو، ئەوان سەتان کەسیان بە ناوی پەنابەر ڕەوانەی ئاڵمان و کەمپەکان کردبوو ، ئەوانە پاش زانیاریی کۆکردنەوەی زۆر دەگەڕێنەوە بۆ ئێران و لەوێڕا نامە بۆ دەزگاکانی ئاڵمانی دەنووسن کە ئەوان گەڕاونەتەوە و هیچ گیروگرفتێکیان بۆ نەهاتۆتە پێش، ئەم کارە بووە هۆی گرفت بۆ زۆر لەو کەسانەی پەنابەر بوون.

حزبەکانی ڕۆژهەڵات لە پاش کۆماری کوردستان دەیان نموونەیان لە هەناردەکردنی جاسووسی هەر دوو ڕژێمی شاهی و ئیسلامی بۆ ناو خۆیان بینیوە، ساڵی ١٩٩٤ نووسەری ئەم دێڕانە و کەسێکی تر لە کۆیە شاهید بووین لە دەستبەسەرکردنی دووان لەوان. هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر تەنیا "ماسییە" بچکۆلەکان و چەکبەدەستانی ژێر ناوی "جاش" ببیندرێن، ماسییە گەورەکان کە هەتا ئاستی ڕاوێژکار و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبەکان هەڵکشاون و دەوریان لە تێگەیشتن و تێکدانی حزبەکان هەبووە، گرفتی سەرەکی حزبەکانی هەر چوارپارچەن.

"ساڵانی زوو" بە چاوساخی کەسانی باکووری و باشووری لە بەرانبەر کەسێک دانیشتم. سەرجەم قسەکانی لە بازنەی زانیاریی وەرگرتن لە سەر کەسان دەخولایەوە. ئەو کەسە لە ژێر ناوێک بۆ " کۆبوونەوەیەک" لە ئێرانەوە نێردرابوو کە فرێ بەو کارەوە نەبوو کە لە ڕۆژهەڵات دەیکرد. دواتر سەری لە دوو حزبی ڕۆژهەڵاتی دەرهاورد و ئێستا بە شێوەیەکی تر دەنگی هەیە. گەلێک ڕۆمان و چیرۆک و بەسەرهات لە سیستەمی جاسووسی و جاسووسیکردن هەیە، کەسێکی بەناوبانگی سیاسی ڕۆژئاوایی لە کۆتایی ژیانیدا پێیزانی کە خانمەکەی دەیان ساڵ جاسووسی ڕووسەکان بووە.

حزبەکانی سیاسی و نیزامی کورد نەک لە لایەن چوار وڵات و دامودەزگاکانییەوە، بەڵکوو لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواش لە ژێر چاوەدێری دا هەن و بەشێک لە زانیارییەکان ساڵانە بڵاو دەکرێنەوە و ئەوانی تر بە نهێنی دەمێنن.

سیاسەتی سەرجەم حزبەکانی کورد بە خەستی لە ژێر کاریگەریی مۆرەی ڕژێمەکان دایە. مەهارکردنی کورد لەم چوار وڵاتە و بە لاڕێدا بردنی سیاسەتیان، ئامانجی سەرەکی ئەو وڵاتانە و وڵاتانی هاوپەیمانیان بووە و هەیە، بۆ ئەوەش لە هەر کەرەسە و هەر ڕێگا و هەر فۆرم و هەر کەسێک لە هەر بوارێکدا کەڵک وەردەگرن.

مۆرەکانی ڕژێم لە بەرگی جیاواز، تێکەڵ بە ڕاپەڕینی ژینا کراون و لە ناوخۆ و دەرەوە دەور دەگێڕن. سۆسیال مێدیا شارەزایانە و هەمە لایەن بۆ بە لاڕێدابردنی لایەنی سیاسی کورد و سەرجەم کورد و ڕاپەڕینی ژینا بەکار دەهێندرێ، تا ئەو جێگایەی دەنگی ڕژیم، سیاسەت و بەرنامەکانی خوازراو و نەخوازراو لە دەمی کەسانی دەرەوەی ڕژیم دەبیسترێ و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەردەوام دەبێتە ئاڵۆزی زەین و فکر و هەڵوێستی تاکی کورد و لایەنەکان و بشێوی و دڕۆنگی زۆرتر لە یەکتر.

لێرەش ئەوە دەردەکەوێ کە لەم مەیدانەدا کورد و ڕاپەڕینەکەی پارێزراو نییە و هیچ دەزگایەکی کوردیش نابیندرێ ئامانجی ناسین و ناساندنی لایەنەکانی ئەم شەڕەی ڕژیم بێ و خەڵک هوشیار کاتەوە. لە ڕێگای ئینترنێت و سۆسیال مێدیا و بێژمار پرۆگرام و ئەپەکان ڕژیمی ئیسلامی دەرگای هەر ماڵێکی بۆ ئاواڵەیە و پێویست ناکا بە چەک وە ژوور ماڵەکان بکەوێ.

ئەوەش کە هەموو پێوەندییەکانی ڕاپەڕینی ژینا لە سەر ئینترنێت و سۆسیال مێدیا و بەکارهێنانی ئەپەکان کۆ بۆتەوە، لایەنێکی تری لاوازی ڕاپەڕینی ژینا و لایەنەکانی سیاسییە.

ئەندامانی ڕاپەڕینی ژینا هەتا ئێستا سەرکەوتوو بوون، بە هۆی ئەوەی ڕێبەرایەتی کار و چالاکی لە دەست خۆیان دابووە، هەر چەشنە دەستتێوەردانێکی دەرەکی و کەسانی ناسراو و نەناسراو دەتوانێ هەم خەسارەتی گەورەی لێبکەوێتەوە و هەم ڕاپەڕین بە لاڕێد بەرێ.

٢١ - ١١ - ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**(٢٢ - ١٣)**




جاسووسی کردن مێژوویەکی کۆنی هەیە، پارسەکان ڕەنگە یەکەم میللەت بووبێتن کە ئەم شێوەیان لە شەڕ بۆ داگیرکردنی وڵاتان بەکار هێنابێ، ئەوان توانیان لە سەردەمی خەشایارشا پارلەمانتاری ناو پاڕلەمانی یۆنان بکڕن. عەڕەب لە کاتی هێرش بۆ وڵاتان، موغول لە کاتی داگیرکردنی سەرزەوینی تر ، نازییەکان لە کاتی چوونە ناو خاکی تر پشتیان بە جاسووس بەستووە. هیچ وڵاتێک نییە دامودەزگای جاسووسی و نەمامی بە شکڵ و فۆڕمی جیاواز بۆ مەبەستی هەمە جۆر نەبێ.

داگیرکردنی لەهستان لە لایەن نازییەکان دەستی پڕڕەنگی جاسووسی تێدا بوو، گەیشتنە ناو شاری پاریس لە لایەن نازییەکان، دەستی جاسووسی تێدا بوو. ساواکی شای ئێران ڕێکخراوێکی "ئینقلابی" حزبی توودەی ئێرانی بەڕێوە دەبرد. ساواک لە ناو "شۆڕشی باشوور" دەستی ئاواڵە بوو، لە ناو هەموو حزب و سەرکردایەتیان مرۆڤی خۆی هەبوو.

ویلهێلم دیتل ساڵی ٢٠١٠ کتێبێکی لە سەر ڕێکخراوەکانی جاسووسی ئیسلامی بە ناوی "Schattenarmeen" بڵاوکردەوە و باس لە لەشکرەکانی نادیاری جاسووسی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، کە ڕژیمی ئێران دەوری سەرەکی لە ژێر ناوی هەمەڕەنگ تێیدا دەگێڕێ. کورد لە دەرەوە و ناوەوەی ئێران لە ناو پرۆژەی ئەواندا جێگای بۆتەوە.

ساڵی ١٩٨٣ یەکێک لە کادرە باڵاکانی حزبێکی باشوور کە خۆی لە لایەن ڕژیمی ئێران لە تاران دەستبەسەر کرابوو، بۆی گێڕامەوە کە پێشیناری هاوکاری پێدراوە و پێی گوتراوە کە ئەوان لە ناو سەرکردایەتی هەموو حزبەکان مرۆڤی خۆیان


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەیە.

لە ساڵی ١٩٨٠ لە تاران بۆ من سەلمێندرا بوو، کە ڕژێمی ئیسلامی گەلێک کەسی لە ناو حزبەکانی باشوور کڕیوە. بەشێک لەوان لە دەرەوەی وڵات بە تایبەت لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق بە ئاشکرا و بە دزیی دەچوونە سفارتی ئێران لە بۆن و هەر ئەوان کەسانی ڕژێمان بە ناوی ڕۆژنامەنووس دەهێنایە ناو خۆپێشاندان و کۆبوونەوەکان و یەک لایەنی حزبی باشوور لە کۆبوونەوەکان دژی هەر کەس کە دژ بە ئێران قسەی کردبا دەوەستان.

ساڵی ١٩٨٥ لە شاری گیسن لە ئاڵمان لە ماڵی یەک لە بەرپرسانی پێشووی کۆنفدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانی لیستی زۆرێک لە دژبەرانی ڕژێمی ئیسلامی پەیدا بوو، کە درابوو بە سفارەتی ئێران.

لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ بۆ ١٩٩٠ کۆمەڵێک وێنە بەڵگەنامە و کارتی ئەندامەتی کەوتە دەست نووسەری ئەم دێڕانە کە نیشانی دەدا مۆرەکانی ڕژێم لە ناو حزبەکانی کورد و ئێرانی چالاکن. کەسی وای تێدا بوو کارتی ئەندامەتی دوو حزبی ئێرانی و حزبێکی ڕۆژهەڵاتی لە گیرفان دابوو.
لە ناو کورسی زمانی ئاڵمانی، زانستگا، مۆرەی ڕژێم دەردەکەوتن، مێدیای ئاڵمان باسیان لە پرۆژەیەک کرد کە حکومەتی ئێران بەڕێوەی بردبوو، ئەوان سەتان کەسیان بە ناوی پەنابەر ڕەوانەی ئاڵمان و کەمپەکان کردبوو ، ئەوانە پاش زانیاریی کۆکردنەوەی زۆر دەگەڕێنەوە بۆ ئێران و لەوێڕا نامە بۆ دەزگاکانی ئاڵمانی دەنووسن کە ئەوان گەڕاونەتەوە و هیچ گیروگرفتێکیان بۆ نەهاتۆتە پێش، ئەم کارە بووە هۆی گرفت بۆ زۆر لەو کەسانەی پەنابەر بوون.

حزبەکانی ڕۆژهەڵات لە پاش کۆماری کوردستان دەیان نموونەیان لە هەناردەکردنی جاسووسی هەر دوو ڕژێمی شاهی و ئیسلامی بۆ ناو خۆیان بینیوە، ساڵی ١٩٩٤ نووسەری ئەم دێڕانە و کەسێکی تر لە کۆیە شاهید بووین لە دەستبەسەرکردنی دووان لەوان. هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر تەنیا " ماسییە" بچکۆلەکان و چەکبەدەستانی ژێر ناوی "جاش" ببیندرێن، ماسییە گەورەکان کە هەتا ئاستی ڕاوێژکار و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبەکان هەڵکشاون و دەوریان لە تێگەیشتن و تێکدانی حزبەکان هەبووە، گرفتی سەرەکی حزبەکانی هەر چوارپارچەن.

"ساڵانی زوو" بە چاوساخی کەسانی باکووری و باشووری لە بەرانبەر کەسێک دانیشتم. سەرجەم قسەکانی لە بازنەی زانیاریی وەرگرتن لە سەر کەسان دەخولایەوە. ئەو کەسە لە ژێر ناوێک بۆ " کۆبوونەوەیەک" لە ئێرانەوە نێردرابوو کە فڕی بەو کارەوە نەبوو کە لە ڕۆژهەڵات دەیکرد. دواتر سەری لە دوو حزبی ڕۆژهەڵاتی دەرهاورد و ئێستا بە شێوەیەکی تر دەنگی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەیە. گەلێک ڕۆمان و چیرۆک و بەسەرهات لە سیستەمی جاسووسی و جاسووسیکردن هەیە، کەسێکی بەناوبانگی سیاسی ڕۆژئاوایی لە کۆتایی ژیانیدا پێیزانی کە خانمەکەی دەیان ساڵ جاسووسی ڕووسەکان بووە.
حزبەکانی سیاسی و نیزامی کورد نەک لە لایەن چوار وڵات و دامودەزگاکانییەوە، بەلکوو لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواش لە ژێر چاوەدێری دا هەن و بەشێک لە زانیارییەکان ساڵانە بڵاو دەکرێنەوە و ئەوانی تر بە نهێنی دەمێنن.

سیاسەتی سەرجەم حزبەکانی کورد بە خەستی لە ژێر کاریگەریی مۆرەی ڕژیمەکان دایە. مەهارکردنی کورد لەم چوار وڵاتە و بە لاڕێدا بردنی سیاسەتیان، ئامانجی سەرەکی ئەو وڵاتانە و وڵاتانی هاوپەیمانیان بووە و هەیە، بۆ ئەوەش لە هەر کەرەسە و هەر ڕێگا و هەر فۆرم و هەر کەسێک لە هەر بوارێکدا کەڵک وەردەگرن.

مۆرەکانی ڕژیم لە بەرگی جیاواز، تێکەڵ بە ڕاپەڕینی ژینا کراون و لە ناوخۆ و دەرەوە دەور دەگێڕن. سۆسیال مێدیا شارەزایانە و هەمە لایەن  بۆ بە لاڕێدابردنی لایەنی سیاسی کورد و سەرجەم کورد و ڕاپەڕینی ژینا بەکار دەهێندرێ، تا ئەو جێگایەی دەنگی ڕژیم، سیاسەت و بەرنامەکانی خوازراو و نەخوازراو لە دەمی کەسانی دەرەوەی ڕژیم دەبیسترێ و بەردەوام دەبێتە ئاڵۆزی زەین و فکر و هەڵوێستی تاکی کورد و لایەنەکان و بشێوی و دڕدۆنگی زۆرتر لە یەکتر.

لێرەش ئەوە دەردەکەوێ کە لەم مەیدانەدا کورد و ڕاپەڕینەکەی پارێزراو نییە و هیچ دەزگایەکی کوردیش نابیندرێ ئامانجی ناسین و ناساندنی لایەنەکانی ئەم شەڕەی ڕژیم بێ و خەڵک هوشیار کاتەوە. لە ڕێگای ئینترنێت و سۆسیال مێدیا و بێژمار پرۆگرام و ئەپەکان ڕژیمی ئیسلامی دەرگای هەر ماڵێکی بۆ ئاواڵەیە و پێویست ناکا بە چەک وە ژوور ماڵەکان بکەوێ.

ئەوەش کە هەموو پێوەندییەکانی ڕاپەڕینی ژینا لە سەر ئینترنێت و سۆسیال مێدیا و بەکارهێنانی ئەپەکان کۆ بۆتەوە، لایەنێکی تری لاوازی ڕاپەڕینی ژینا و لایەنەکانی سیاسییە.

ئەندامانی ڕاپەڕینی ژینا هەتا ئێستا سەرکەوتوو بوون، بە هۆی ئەوەی ڕێبەرایەتی کار و چالاکی لە دەست خۆیان دابووە، هەر چەشنە دەستتێوەردانێکی دەرەکی و کەسانی ناسراو و نەناسراو دەتوانێ هەم خەسارەتی گەورەی لێبکەوێتەوە و هەم ڕاپەڕین بە لاڕێد بەرێ.

٢١ - ١١ - ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(٢٢ - ١٤)




**تێگەیشتن لە خۆ لە بەرانبەر! ڕێکخستن، ڕاپەڕین**

**ڕژیمی ئێرانی ئیسلامی کە لە هەموو شەڕەکانی نیزامی، سیاسی، ئابووری، دیپلۆماسی و ئیدئۆلۆژی تا ئەمڕۆ شکستی هێناوە و سیمایەکی دڕندە و دزێو و پەڵەیەکی قڕژ بووە بە سەر کۆمەڵگای جیهانی، دوا ساتەکانی خۆی بە کوشتار لە کوردستان تێدەپەڕێنێ.**

**کاتێک منداڵی ژێر حەوت ساڵ بە بەرد بەرەنگاری لەشکرە دڕندەکەی دەبێتەوە، کاتێ منداڵی دە ساڵانە سینگی وەربەر گولەی مووچەخۆرە مرۆڤ کوژەکان دەکەوێ و کەس سڵ ناکاتەوە، مانای ئەوەیە هەم خۆیان و حکومەت و ئایین و ئیدئۆلۆژیان فەشلی هیناوە و ئەگەر پڕ چەکترین لەشکری هەموو مێژووی ئێرانیش بن، لە بەرانبەر خەڵکی یەکگرتوو بە چۆک دادێن. لەشکرەکانی تریش لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە سەر ئەم خاکە بە چۆک داهاتوون. با کتێبی مێژووی باب و باپیرانیان هەڵدەنەوە.**

**گرفتی کورد ئەوە بووە، دەرسی لە مێژوو وەرنەگرتووە کە ئێوە و تورکی عوسمانی و عەرەبی سووریی و عێراقی وەلا بنێ و خۆی و خاک و کیانی خۆی ببینێ.**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو فریوی ئێرانی بوون، ئاریایی بوون، موسڵمان بوونی خواردوە و بەردەوام خۆی لە کارەساتەکان کە ئێوە بۆتان خوڵقاندووە دیتۆتەوە. ئەو کارەساتی دەرسیم و ئەنفال و هەڵەبجە و قارنا و قەلاتان و موغ کوژانی لە بیر دەچێتەوە و لە بەغدا و ئانکارا و تاران دەست لە ملی ئێوە دەکاتەوە، بەو هیوایە ئێوە وەک جارانی پێشوو، سەید ڕەزا و سمکۆ و قازی و هەزارانی تری لێنەکوژن و دان بە مافی دابنێنن.

ئێمە هەموو جارێ هەر بە پێی ئەو تاقیکردنەوەیە دەجولێینەوە، کە بە هەزاران ساڵە لە مێشکماندا تۆمار کراوە، هەر لەو کاتەوە کە کورشی ئێوە باپیری خۆی کە لە ئێمە بوو، لە ژێرخانەکان توونا دەکرد. ئەمڕۆژانەش پێمانوایە تارانی سبەینێ جیاواز دەبێ لە تارانی ڕەزا شا و حەمەڕەزا و خومەینی و مەلا عەلی!

سەرجەم هێزی نیزامی و سیاسی و ئیداری و ئەمنیەتی ئێوە وەک وڵاتێکی داگیرکراو لە ناو خاکی کوردستان دەجولێنەوە، ئەووەش کورد وەبیر داگیرکەرانی عوسمانی و ڕووس و موغول و عەرەبی ئیسلامی دەخاتەوە کە کۆرپەی ساوایان بە سەر نێزەوە دەکرد و زگی ژنی دووگیانیان هەڵدەدری. ئەو کارەی ئێوەش لە کۆیە کردتان. ئێوە ئەمڕۆژانە بە ناوی خودا، ئیسلام، ئێران جنایەتەکانی باپیرانتان تازە دەکەنەوە.

ژمارەی کوژراوان لە شارەکانی کوردستان لە ژمارەی کوژراوانی شەڕی دوو وڵاتی ڕووسیا و ئۆکراین زۆرترە. کەسانی بێ چەک بە بەر چاوی خەڵکی جیهانەوە دەکوژن، هاوکات تورکیای ئەندامی ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان بە چەکی هاوپەیمانەکانی هێرش بۆ ڕۆژئاوا و باشووری وڵاتی ئێمە دەبات و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پارلەمانی ئورووپا، دەوڵەتەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بە پێویستی نازانن کۆبوونەوەی بە پەلە پێک بهێنن بۆ ئەوەی پێش بە کوشتاری خەڵک و سەرەڕۆیی هاوپەیمانەکەیان بگرن.

ڕژیمی ئێران کە ئەندامی ڕێکخراوەکانی ناونەتەوەییە، سەرجەم بڕیار و قانوونی ناونەتەوەیی پێشێل دەکات بە بێ ئەوەی لێپرسینەوەی لێبکرێ! تورکیای ئەندامی ناتۆ پشتی بە چی قورسە کە چەکی ئەم ڕێکخراوەیە بۆ کوشتنی کورد بەکار دەهێنێ؟ جیاوازی ڕووسیا و تورکیا لە چی دایە، کە یەکیان بەرەنگاری دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان دەبێتەوە و ئەوی تر ڕووبەڕووی بێدەنگی؟! چۆنە حکومەتی بەغدا و دیمیشق لە سەر سنووربەزاندنی خاکەکەیان بێدەنگن؟ ئەم شوێنانە بە وڵاتی خۆیان نازانن؟ هۆی چییە نیمچە حکومەتی هەولێر لە ئاست سنووربەزاندنی دوو ڕژیمی تاران و ئانکارا دەنگی دەرنایە؟

ئەو نموونانە و سەتانی تر دەریدەخەن، کە سیستەمی سیاسی جیهان تووشی فەشەل لە تێگەیشتن و سیاسەت و ئەخلاق و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پرنسیپ هاتووە، دەنا ئەوەی هێرش بۆ ئۆکراین دەبا لە گەڵ ئەوەی هێرش بۆ کوردستان دەبا، نابێ تووشی دوپل مۆڕاڵ و دوپل پرینسیپ بێ، ئەوەی لە ئۆکراین مرۆڤ دەکوژێ و ئەوەی لە کوردستان و ئێران مرۆڤ دەکوژێ نابی بە دوو چەشن ببیندرێ!

ئەگەر ئەم جیهانە دوور لە قانوون و پرێنسیپ و جیهانی زۆردار و بێ پرینسیپ و سەرەڕۆکانە، چۆنە کورد بەو زمانە و دوور لە قانوون و پرێنسیپەکان ناجولێتەوە، ئایا سنوور و قانوون تەنیا بۆ میللەتانی بێ دەوڵەت و ژێرچەپۆکە و داگیرکراوە؟

مرۆڤی کورد سەردەمێ پێش لەشکری پارس، ئیسلام، عوسمانی و لەشکرەکانی تر دەکەوت، ئێستا دەبێ تێگەیشتبێتین پێش لەشکری خۆمان کەوین و پێشمەرگەی خۆمان بین، خوێنی ڕۆڵەکانی کورد بە لاشاو بۆ تاران و بەغدا و ئانکارا و دمشق و مەکە و مەدینە ڕژاوە.

هەر میللەتێ، هەر خەڵکێ، هەر تاکێ گەر گەرەکیە بە ئازادی بژی با بۆخۆی بێتە سەر شەقام، با منداڵ و کچ و کوڕ و پیر و لاویان گەر بێزارن لە ڕژیمی ئیسلامی، خۆیان بێنە سەر شەقام.

گەر خۆیان بە هاووڵاتی کورد و بەلوچ و ئەوانی تر دەزانن با بێنە سەر شەقام، پێویست ناکات کورد داوایان لێ بکات یان لە بەریان بپاڕێتەوە! مەگەر سەردەمی ڕاگەیاندنی جیهاد دژی کوردستان کورد لێیانی گێڕابووە کە دەستە بە دەستە و بەڕاکردن دەهاتن بۆ کوشتاری کورد؟! دەبا ئەمجارە بە پێچەوانە بیر بکەنەوە و بە لێشاو بۆ پارێزگاری لە کورد بەرەو کوردستان وەڕێ کەون، دەبا هەر لە بەر دەرکی ماڵەکەی خۆیان، لە سەر سەربان دەنگ هەڵبڕن!

**خەیالات و "تەوەهوومی" ناو مێشکی ئێمە لە سیاسەتدا بێ سنوورە!**

کورد لە هەموو شار و گوندەکانی کوردستان گەر یەک دەنگ، یەک بەرنامە و هاوکات بە پانتای کوردستان بجولێنەوە و خەباتی ڕۆژ و شەویان لە یەک گرێ بدەن، چۆک بە هێزی نیزامی و ئەمنیەتی ڕژیم دادەدەن.

ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەبیندرێ، شەڕی حکومەتێک و میللەتەکەی نییە، هیچ حکومەتێ شەڕی لەو چەشنە لە گەڵ میللەتی خۆی ناکات، ئەم شەڕە شەڕی داگیرکراو و داگیرکەرە. مێتۆدەکانی کە ڕژیمی ئیسلامی و هێزی نیزامی و ئەمنیەتی و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئیداری و سیاسی بەکاری دەهێنن، شەڕی داگیرکاری و داگیرکردنە، لە چەشنی شەڕی فاشیسم لە وڵاتانی تر، لە چەشنی ئەو شەڕەی کە تورکیا لە گەڵ ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان دەیکات، ئەوەی تورکیا دەچێ و ئەفرین داگیر دەکات.

ڕژیمی تاران مەهاباد و بۆکان و سنە و جوانڕۆ و سەقز و شوێنەکانی تری داگیر کرد و هەر چەشنە چەکێکی دژی خەڵک بەکار هێنا. لەشکری ئیسلامی عەرەبی کاتی داگیرکردنی کوردستان بە هەمان شێوە جوڵانەوە، داعش لە کوردستان هەر وا جوڵایەوە و دەستە دەستە ژن و پیاوی ڕاپێچی شوێنە نهێنییەکان دەکرد.

ئەو زمانەی ڕژیمی ئێران لە کوردستان بەکاری دەهێنێ، زمانی دەوڵەت لە گەڵ میللەتی خۆی نییە. ئەوەی ڕژیمی ئێران ئێستا لە گەڵ شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیکات هەمان شەر و داگیرکارییە کە لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق دەیکرد، لە جنسی هەمان داگیرکردنی شاری هەڵەبجە و شارەزوورە.

بۆچی کورد پاش هەزاران ساڵ دەبێ هەمان دەوری پێشووی خۆی بگێڕێ؟ بۆچی دەبێ کورد خۆی بۆ یەزد و کاشان و تاران و قوم بە کوشت بدات؟ ئەوانەی لە بلێندگۆکانەوە بە ڕاست و درۆ هاوار دەکەن کە لاوی کورد بۆ ئێران خۆی بە کوشت دەدا، بە درێژایی دووهەزار و پێنجسەد ساڵ چ مافێکیان لە لای پارس شاهی و پارسی سەفەوی هەبووە و چ مافێکیان پێدراوە؟ پێشڕەوانی ئەوان ئامادە نین میللەتێکی پەنجا ملیۆنی وەک میللەت چاو لێبکەن، ئامادە نین زمانەکەی وەک زمان ببینن، ئامادە نین نیشتمانەکەی بە نیشتمان بناسن، ئامادە نین ویست و خواست و داوای یەک میللەت ببیستن، کورد لە میللەتێکی ئاوا و پێشڕەوان و حکومەتەکانی چی دەوێ؟

نەچیروان بارزانی ڕووبەڕوو بە وەفدەکەی ئیمەی گوت" ئێرانی بە لۆکە سەر دەبڕن" هەر ئەو و حکومەتەکەی، ڕژیمی ئێران نزیکتر لە خۆی دەبینێ. ڕژیمی ئێران و تورکیا و عێراق کوردی لەو چەشنەیان دەوێ، ئەوان ئەو کەسانەیان دەوێ خزمەتی کیان و فەرهەنگ و هونەر و زمان و ئایینی ئەوان بکەن. ئێستاش هەر ئەو کوردانە لە ڕۆژهەڵات ستوونی سەرەکی هێز و توانای ڕژیمی ئیسلامی ئێرانن.

چ داهاتوویەک بۆ کورد لە ئێراندا هەیە؟ کام هێزی پێشڕەوی ئەم نەتەوەیە بە درێژایی مێژوو، پشتی کورد لە خەباتەکەیدا بووە؟ کام هێزی پێشڕەوی ئەم نەتەوەیە دانی بە میللەت بوونی کورد و زمان و کەسایەتی ئەودا هێناوە؟

کورد کەی ئێرانی و عێراقی و تورکیلەی بووە؟ کام زانست، کام تێگەیشتن ئەوە دەسلمێنێ نەتەوەیەکی کە سێزدە هەزار ساڵ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەو ناوچەیە نیشتەجێ بووە، پاشگەڵی تورک و عەرەب و فارسی کۆچەر بن؟

ئایا خۆمان نین کە خۆمان خستۆتە ناو گێژاوێک کە بە تەنیا خۆمان بۆ خۆمان شین دەگێڕین و هەر خۆشمان پەسنی خۆمان دەدین و لە هەموو شەڕەکانی سیاسی دۆڕاوین و تەنیا خەیاڵات لە مێشکماندا ماوتەوە.

ئێمەی کورد پێویستمان بە قارەمان نییە. کورد پێویستی بە بیرکردنەوە، یەکگرتن، بەرنامە و پرۆژە و ستراتیژی و ڕێکخراو هەیە، پێویستی بە باوەر بە خۆی هەیە. کورد پێویستی بە یەکتر کوشتن نییە، پێویستی بە دڕۆنگ بوون لە یەکتر نییە.

کورد و هێزەکانی ئەگەر بیر و هزر و تێگەیشتن بەکار بهێنن، سەرجەم ئەو هێزانەی لە ناو سیستەمی ئێران نیزامی و نانیزامی لە خزمەتی ڕژێم بە دژی کورد دەجولێنەوە، بکاتە هێزی هەڵگەڕانەوە لە حکومەت، ڕژێم لە کوردستان بە جۆک دادێ.

کورد و هێزەکانی لە هەر کاتێکی تر زۆرتر پێویستان بە بیرکردنەوە و بەکارهێنانی تاکتیکی پووچەڵکردنەوەی ڕژێم لە ناوەوە هەیە. کورد پێویستی بە گرژی و ئاڵۆزی سیاسی و ناسیاسی لە ناوخۆیدا نییە. کورد مافی خۆیەتی بۆ هەرەس پێهێنانی ڕژێم لە کوردستان تاکتیکی خۆی بەکار بهێنێ. یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکان جیاکردنەوەی کورد لەو سیستەمەیە.

کورد دەبێ هەموو ڕێگایەکی مەنتقی و ئینسانی و سەردەمیانە بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی چەکدار و بێ چەک، سیستەمی ئیداری و نیزامی و ئەمنیەتی ڕژێم بەجێ بهێڵن. ئەرکێکی هەرە گرنگی تر ئەوەیە کە هەرەوز بۆ هاوکاری یەکتر لە ناو کۆمەڵگا بکرێ بۆ ئەوەی بنەماڵەکان ئەم ڕۆژانە تێپەڕێنن و کەس و کەسان و بنەماڵەکان بە هۆی بێکاری و وەزعی ئاوارتە تووشی گرفتی ژیان نەبن.

ڕاپەڕینی ژینا ئێستا لە هەر کاتێکی تر نیازی بە ڕێکخراوی سەراسەری کوردستان و ڕێکخراوی گشتگیری ناو شار و گوندەکان هەیە بۆ ئەوەی کۆتایی بە پڕۆوبلاوی بهێندرێ.

ئەوەی لەم ڕۆژانەدا گرنگ نییە خۆدەرخستنی گرووپی و حزبی و ناوچەگەراییە. کورد لە هەر کاتێکی تر زۆرتر پێویستی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە یەک دەنگی یەکگرتوویی و یەک مەڕامی و یەک خەباتی هەیە. هەر گرووپ و حزب و دەستە بەرژەوەندی تەسکی خۆی لە شار و گوندەکان بخاتە پێش بەرژەواندی نەتەوەیی و سەرجەم خەڵک، تووشی هەڵەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئینسانی بووە.

٢٢ - ١١ - ٢٠٢٢

---

**(٢٢ - ١٥)**




**ئینترنێت، کورد، ژینا و ڕاپەڕین**

بۆ جاری یەکەم پەنجا و سێ ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ لە شاری لوس ئانجلس دوو کامپیوتێر لە گەڵ یەک گرێدران و زانیاری لە نێوانیاندا هاتوچۆی پێکرا، بیست و هەشت ساڵ دواتر" تیم بێرنێرس" لە سویس توانی لە ڕێگای "World Wide Web"سەرجەم کامپیوتێرەکانی جیهان لە گەڵ یەک گرێبدات و جیهانێکی نوێ پێک بێنێت .ئەمڕۆ( ٤،٩) چوار میلیارد و نۆسەد ملیۆن خەڵکی جیهان لەم ڕێگایەوە لە گەڵ یەک گرێدراون.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژانە ٣٠ ملیۆن تیک تۆک، ٥٠٠ ملیۆن ئینستاگرام، ١،٩٨ ملیارد و نۆسەد و هەشتا ملیۆن فەیسبووک، ٢٣٨ ملیۆن تویتر، ٧٠٠ ملیۆن واتس ئاپ ٣٤٩ ملیۆن تێلگرام و پرۆگرام و ئەپی تر بەکاردەهێندرێ!

ڕێژەی ئەو زانیاریی و دژە زانیاریی و زبڵەی کە لە شەو ڕۆژدا هاتوچۆی پێدەکرێ زیاترە لە هەموو ئەو زانیارییانەیە مرۆڤ بە درێژایی مێژووی بوویەتی. تازەترین ڕێژەی بەشداران و بەکارهێنەرانی ئینترنێت لە ٥ ملیارد تێپەڕیوە، واتە زیاتر لە ٦٢ لە سەدی خەڵکی سەر گۆی زەوی لە شەو و ڕۆژدا یەک هەتا ٨ کاتژمێر لە ژیانیان بە ئینترنێت تێدەپەڕێ، لە منداڵی یەکساڵانەوە هەتا مرۆڤی باڵای هەشتا. مرۆڤی باڵای نەود ساڵ لە تیکتۆک و ئینستاگرام دەبیندرێن.

ئینترنێت سنوورەکانی بەزاندووە و لە هەمان کات سنووری نوێی پێک هێناوە و مرۆڤ بە پڕتاو بەرەو ماشێنیبوون مل دەنێ و ئایین، فەرهەنگ، دابونەریت، هونەر، تێگەیشتن، ڕواڵەت، ژیان و مرۆڤ تووشی گۆڕان کراوە و گۆڕانی هەمەلایەنەتر لە پێشە. ئەوەش دەبێ بگوترێ کە ئینترنێت هەر دوو لایەنی خاس و خراوی هەیە، کە دەبێ باس بکرێ بۆ ئەوەی گۆی زەوی و مرۆڤ تووشی ئەو کارەساتانە نەبێ کە پاش شۆڕشی سەنعەتی تووشی هات.

ڕەنگە بە دەگمەن هەرکام لە ئێمە بزانیین، کە یەکەم کەرەسەی کۆمۆنیکاسیۆن چی بووە و لە کوێوە هاتووە. وڵامی ئەم پرسیارە لە موزەخانەی کامپیوتێر لە شاری پادابۆرن دراوەتەوە. ٢٠ ساڵ لەوە پێش لە بەرانبەر یەکەم تابلۆی ئەو موزەخانەیە واقم ورما، یەکەم کەرەسەی کۆمۆنیکاسیۆن ئەو خشتە کاڵانە بوون کە سەدان نیشانەی لە سەر کێشرابووە و لە مێزۆپۆتامیا(ناوچۆمان)، لەو شوێنەی کە ئێستا ڕۆژئاوای وڵاتی ئێمەیە، دۆزراونەتەوە.

سەرەتای دۆزینەوەی ئینترنێت باس لەوە دەکرا کە ئینترنێت دەبێتە هۆی گەشەساندنی ئازادی و چەسپاندنی دێموکراسی و بەخشینی زانیاریی. بیست و پێنج ساڵی یەکەم، خەڵک دەستی بە ئینترنێت ڕانەگەیشت، بیست وپێنج ساڵی دووهەم، جیهانی ئێمە پڕ لە پرسیار ماوەتەوە. لە سێ ساڵ لەوە پێشەوە بە سازکردنی کوانتن کۆمپیوتێر لە لایەن شیرکەتی گوگل، سەردەمێکی نوێ دەستی پێکردوە، سەردەمی سوپڕ کامپیوتێر و سوپر ماشێن و سوپر ئینسان.

سێ ساڵ لەوە پێش لە نووسینێکدا ئەم پرسیارەم لە خۆمان کرد"گەلۆ ئێمەی کورد چ شوێنێکمان لە جیهانی ئەمڕۆ و جیهانی کوانتن کۆمپیوتێر دەبیت؟ "وڵامی ئەم پرسیارە ئەمڕۆ ئەوەیە کە لەم ڕێگایەوە هەواڵ و خەبەر و ڕاپەڕینی کورد بە جیهان گەیشتووە، ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئەم جیهانە دەتوانێ ژیان و چارەنووسی ئێمە تووشی گۆڕانی بنەڕەتی بکات گەر خۆمان تووشی گۆڕان بین و خۆمان وەک خۆمان لەم جیهانەدا ببینینەوە، نەک وەکوو نەتەوەی ژێر نەتەوە و وڵاتی ژێر وڵاتی تر.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاتێک ڕادیۆی دەنگی ئامریکا پاش شەڕی کەنداو کرایەوە "عەزیز عەقراوی" یەکێک لە ناودارانی سیاسەتی کورد لە باشوور بۆی گێڕامەوە کە خەریک بووە لە خۆشیان لە سەربانی ماڵەکەیانەوە خۆی فڕێداتە خوارەوە. کاتێک مەد تی وی کرایەوە گوترا" کورد لە ئاسمان کوردستانی یەکگرتووی پێک هێنا". ئێستا لە ئاسمان دەیان کوردستانی یەکنەگرتووی دژ بە یەک ساز کراون. خەیاڵ و حەز و خوزیای شەرفخان، خانی، پیرەمێرد، حاجی قادر و ئەوانی تر وەک خۆی ماوەتەوە.

یەک سەدە لە کۆماری سوور، ٧٦ساڵ لە کۆماری کوردستان، سی ساڵ لە هەرێمی کوردستان دەرباز بووە. سەدە زیاتر لە ڕۆژنامەی کوردستان، ٦٥ ساڵ لە ڕادیۆی کوردی قاهیرە و تاران، ٦٧ ساڵ ڕادیۆ ئەیرەوان، دەیان ساڵ لە بوونی ڕادیۆی حزبەکان تێپەڕبووە. کورد وەک سەردەمی شەرەفخان و خانی نە یەک دەنگە، نە یەک هەڵوێست، نە یەکگرتوو.

ئینترنێت کەرەسەی نوێ هەرچەند بۆتە هۆی دەنگدانەوەی ڕاپەڕینی ژینا، لە هەمان کات بۆتە کەرەسەی هەر تاکێک بۆ ئاڵۆزی و بشێوی و چەند سەد بەرەکی زۆرتر. تاک و گرووپی کوردی بەدەگمەن ئەم کەرەسەیە بۆ لەیەک نزیکبوونەوە بەکار دەهێنن.

جیلی ژینا کە بوونەتە هۆی ڕاپەڕینێکی مەزن لە سەریانە تێگەیشتنی نوێ لە ئینترنێت و بەکارهێنانی بدەنە دەست بۆ ئەوەی گفتوگۆ و لە یەک تێگەیشتن و نزیکی لە ناو نەتەوەی کورد بێتە پیش.

حزب و گرووپ و دەستە و ڕێکخراوی سیاسی و دامودەزگای کۆمەڵایەتی، هونەری، فەرهەنگی، پیشەیی دەتوانن باشترین کەڵک لە ئینترنێت بۆ لەیەک تێگەیشتن و کاری هاوبەش وەربگرن. کەسی تاک باشترین کەرەسەیان لە بەر دەستە بۆ ئەوەی باشتر لە یەکتر تێبگەن، تاک و گرووپ مەجبوورن نین هەموو وەک یەک بیر بکەنەوە و هەست و تێگەیشتن و بۆچوونیان وەک یەک یان کۆپی یەک بێت.

کۆمەڵگایەک کە هەموو کۆپی یەکتر بن، کۆمەڵگایەکی ئاسایی و ساخلەم نییە، حزب و گرووپ و دەستە ئەگەر هەموو وەک یەک بن، جیاوازیان لە گەڵ ماشێن و ڕۆبۆتا نامێنێ .تەنانەت هەموو خوداپەرەستەکان کە یەک خودا دەپەرەستن ئایینی جیاوازیان هەیە و پەیڕەوانی یەک ئایین یەک ڕێچکە نین. هەموو ئەو نەتەوانەش بوونەتە خاوەنی کیانی خۆیان لە ناو خۆیاندا یەک دەستە و گرووپ نین، بەڵام وەک یەک نەتەوە یەک وڵات و خاوەن یەک کیان دەجولێنەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جیلی ژینا بۆ ئەوەی بەرەو ڕ زگاری بڕۆن دەبێ تێگەیشتنی نوێ و جیاواز لە پێشینیانی خۆیان بنوێنن و فەرهەنگی ڕق و قین و دڕدۆنگی لە ناو جیلی خۆیان ڕێگا نەدەن و هەر گۆڕەپانێک بۆ ئازادی هەمە لایەن بەکار بهێنن.

حزب و گرووپی سیاسی کورد لەم بەستێنەدا، هیچیان ڕابووردوویەکی باشیان نییە و ئێستاش ئەوەندە باڵغ نەبوون دوور لە چەند بەرە و دڕدۆنگی بەرەو ڕووی یەکتر بێن، ئەوان و لایەنگرانیان بە دەگمەن ئینترنێت بۆ مەڕامی گشتی و هەمە لایەن و نەتەوەیی بەکار دەهێنن، ئینترنێت دەیتوانی و دەتوانێ باشترین پلاتفۆڕم بۆ هەموو لایەنەکان بێت بۆ ئەوەی لە یەک تێبگەن و لایەنەکانی یەکتر بناسن بۆ ئەوەی هێز و وزەی یەکتر نەسووتێنن و هێزی خەڵک و نەتەوە بە فیڕۆ نەدەن.

کورد پێویستی بە تێگەیشتنی نوێ، پێویستی بە فەرهەنگی لە یەک تێگەیشتن و دوور لە ڕق و کینە و یەکتر تەزاندن و یەکتر سووک کردن هەیە.

ئینترنێت لە ژێر سێبەری ڕاپەڕینی ژینا دەتوانێ کەرەسەی ئازادی بۆ کورد بێ، ئەگەر کورد جیاواز لە ڕابووردوو لە گەڵ یەک بجولێنەوە.

٢٤ - ١١ - ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(٢٢ - ١٦)




کوردستان "ئازمایشگەی" "کوردی ئێرانی" و "ئێرانییەکان" نییە!

زمانی قسەکردنی بکوژان و کەلاکی لە پاش بەجێماویان لە سەر شەقام، دەریدەخەن، ڕژیمی ئیسلامی تاران جگە لە کەسانی خۆی، هێزی بیانی بۆ کوشتاری خەڵکی کورد ئەجیر کردووە! هەر بکوژێک( بە وتەی کەسێکی شارزا لە تاران) مانگانە چەند بەرابەری ئوستادێکی زانستگا حەقدەست وەردەگرێ. واتە نرخی بکوژ زێدەترە لە نرخی پڕۆفیسۆر.

داخستنی زانستگا و شوێنی هونەری، دژایەتیکردنی پسپۆڕ و شارەزا و پڕکردنەوەی شوێنیان بە کەسانی" ئاینباوەڕ" و مرۆڤی چەند ڕووی ناشارەزای دژ بە توێژی لێزان و شارەزا بوو بە سیاسەتی حکومەتی ئیسلامی ئێران. لە جێگای بەناوبانگیترین هونەرمەندی ئێران بۆ شانۆ کەسێکی گێلگیرساز داندرا، لە جێگای موهەندیسی شارەزای نەوت کەسێکی خوار دیپلۆم داندرا. مەلا و وشکە مەزهەبی بوون بە وەکیل، وەزیر و ڕەییس جمهور. ڕابەری میللەتی خۆیان گوتەنی سێهەزار سال شارستانیەت، بوو بە مەلایەک، کە باشترین بەرهەمی "توزیحەلماسایل" بوو، ئەو لە ٧١٦ لاپەڕەدا باس لە چوون بۆ دەستبەئاو و دەستوارتی سێکس و شتی لەم بابەتانە دەکات.

میلیارد میلیارد خەرجی هێزی نیزامی و ئەمنیەتی کرا. بوودجەی ئەم بەشە لە چل وسێ ساڵی ڕابووردوو بەردەوام زیاتر بووە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە بەشی زانستگا و خوێندنگە و لەشساخی. "شەهادەت تەڵەبی" و کوشتنی دژبەران بوو بە ئامانجی ڕژیم و خەڵکەکەی! زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە شەڕدا بە کوشت دەران، دەیان هەزار لە زیندان و سەر شەقام و وڵاتان کوژران و ترور کران. هێزی نیزامی، ئەمنیەتی و سەرکوت قۆڵی سەرەکی داسەپاندنی ڕژیم بوو، ئەمڕۆ ستوونی سەرەکی مانەوەیەتی. ئەو کات و ئێستا کوردستان کرا بە قەتڵگا بۆ چاوترساندنی شوێنەکانی تر.

بەشی کورد و کوردستان کە ئەمڕۆژانە لە پرێکا بۆتە" چشم و چراغ"، ملیتاریزە کردن، تاڵانی کانگاکان، کوشتن، زیندان و ئەشکەنجە، ئاوارەیی، وێرانی ژێرخانی ئابووریی، بێکاریی و گەلێک نەخۆشی کۆمەڵایەتی بوو.

لە ژێر سێبەری ئەم ڕژیمە بەشێک لە کورد بوونە هێزی سەرکوت و ستوونی جێگیربوون و مانەوەی ڕژیم. ئەم بەشە لە کورد پارە و پلەو پایەیان وەردەگرت بۆ ئەوەی خۆیان بژین و خەڵکی کورد بکوژن و لە ژێر سەیتەرەی ئێرانی ئیسلامیدا بهێڵنەوە.

ئەمڕۆژانە جێ پەنجەی ئەوانە پڕڕەنگتر لە هەر کاتێکی تر بەرچاوە. لە ژێر چەکمەکانی ڕژیم و ئەوانە زیاتر لە ١١ ڕۆژە دووکان و بازاڕی هێندێک لە شارەکان داخراون. لە ناو شارەکان لە کەس ناپرسن کێیە، ڕاستەوخۆ دەستڕێژ دەکەن، حکومەتی نیزامی ڕاگەیێندراو و ڕانەگەیێندراو حاکم کراوە و هێرش بۆ ماڵان دەبەن و کچ و کوڕ دەرفێنن و تەرمەکانیان دەدرێتەوە بە بنەماڵەکان یان بێ سەروشوێن دەکرێن. ڕژیمی ئێران بە شێوەی خۆی خەریکی ئەنفال لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە .ئەمە لە کاتێکدایە ژیان لە تاران، ئیسفەهان، مەشەد و شوێنی تر ئاسایی دەنوێنێ و فروشگای شەوانە و پاساژە فرە لوکسەکانی تاران لە کار نەکەوتوون. کوردستان بۆ ئێران دەوری "زەوی سووتاو" دەگێڕێ!

ئەمە هەمان سیاسەتە کە پاش هاتنە سەر کاری ڕەزاشا لە کوردستان پەیڕەو کرا، بۆ ئەوەی تاران و مەشەد و ئیسفەهان و شوێنی تر گەشە بکەن. لە پێشدا مێشکی مرۆڤی کورد داگیر کرا، پاشان خاک و داهاتەکەی. ئەو کرایە ئێرانی، "پارە تن ایران"،"کرد غیور"،"پاسدار مرزهای ایران زمین"، "پان ایرانیست"، "رستاخیزی"،"کرد ایرانی"، "کرد مسلمان ایرانی"، "پیشمرگان مسلمان کرد"، "کرد اصلاح طلب"! کرایە "حزب.....کردستان ایران، سازمان....کردستان ایران، انجمن.....کردهای ایران"! کرایە آذربایجان غربی، ایلام، کرماشان، کردستان. کرایە" کرد مهابادی، کرد سنندجی، کرد ایلامی، کرد کرمانشاهی، کرد قزوینی، کرد خراسانی، کرد شکاک، کرد شیعە، کرد سنی، کرد یارسان، کرد علوی، کرد."....

کورد لە ژیانی ڕۆژانەدا"پارە تن ایران" و "چشم و چراغ" نییە. ئەمڕۆژانە ئەزموونی لە مێژینەی بە تەنیا بوون تازە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکاتەوە.

هێزی سیاسی کورد پاش کۆماری کوردستان کەوتنە بازنەی "ئێرانی بوون" و بەر دەوام تێیدا دەخولێنەوە. نوخبەی سیاسی کورد پاش کۆمار خۆیان لە بازنەی فکر و بەرنامە و ئیدئۆلۆژی حزبی سەراسەریدا دیتەوە و بەرنامە و سیاسەتی ئەوانیان کردە هی خۆیان. بوون بە هێزی فکری و سیاسی و ئیدئۆلۆژی و ڕێکخراوەیی ئەوان. لە پرێکدا حزبێکی میللی یەک میللەت بوو بە حزبێکی ناوچەیی خوازیاری دێموکراسی بۆ "ئێران". بیر ی کۆماری کوردستان بە بێ قسەکردن خەتی بەسەردا کێشرا. بیر و هزرەی قازی سڕ کرا. ئەم خەتە بە دوور لە بڕیاری گشتی خەڵک داسەپێندرا، نوخبەی سیاسی و ناسیاسی ئەم کودتا فکرییەیان بۆ نەبوو بە پرسیار!

کوردی "پارە تن ایران" بەپێچەوانەی ئازەری و فارس لە "شۆڕشی مەشروتە" و سەردەمی موسەدق و بە ناو "شۆڕشی ٥٧" هەتا ئێستا هیچ دەستکەوتی سیاسی، ئابووری، سەنعەتی، زانستی، فەرهەنگی، نەتەوەیی نەبووە.

بۆچی دەرچووانی زانستگا لە ئازەربایجان، ئیسفەهان، تاران، مەشهەد کۆڵبەری ناکەن؟ بۆچی کرێکاری شوێنەکانی تری ئێران بۆ کار لە کارخانە نەبووەکان، ناچنە کوردستان؟ بۆچی ئەوان تەنیا بۆ تاڵانکردن و کوشتن و شوێنگرتنەوەی کوردەکان ڕێگایان دەکەوێتە کوردستان؟ ستانداری کام شوێنی ئێران کوردە؟ کام وەزیر و دەسترۆیشتووی نیزامی، سیاسی، ئابووری، زانستی، سەنعەتی کوردە؟ "ئێرانی بوونی کورد" بۆ چییە؟ بۆ ئەوەی تاکتیکەکانی سەرکوتکردن، دزی و چەتەی و تاڵانکردن لە کوردستان تاقی کرێتەوە؟ بۆ ئەوەی هەموو شێوەکانی داسەپاندنی چەوسانەوە لە کوردستان تاقی کرێتەوە؟

"فەلسەفەی ئێرانی" بوونی کورد لە لای نوخبە و هێزی سیاسی کورد چییە؟ کورد بۆ و بە چ پێوانە و لە سەر چ ئەساسێکی زانستی، مێژوویی، ژنێکتیکی، ئیتنیکی کراوەتە "ئێرانی"؟ بۆچی کوردستان "پارە جدایی نشدن"ی ئێرانە؟ ئێران خۆی چ مێژوویەکی ئێرانی بوونی هەیە کە چەند میللەتی لە تیرە جیاواز خراونەتە ناو تەلیسی ئێرانی بوون؟ فارس، عەرەب، تورک و تورکمان و کورد و بەلوچ بەیەکەوە چۆن کراونەتە میللەتێکی ساختە کە هیچ شتێکی هاوبەشی ژنێتیکی، ئیتنیکی، مێژوویی و بنەچەکیان بە یەکەوە نییە؟

سیاسەت و تێگەیشتنی "ئێرانی بوون" شەڵتاغێکی سیاسی- مێژوویی بوو کە نوخبەی کوردیش لە پێکهێنانی بەشدار بوو. پێشینیانی ئێمە بە ناوی زانست، بە ناوی فەلسەفە، بە ناوی دین، بەناوی ناسیۆن، بەناوی مێژوو، بە ناوی فەرهەنگ،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە ناوی وڵات خۆیان و ئێمەیان بە لاڕێدا بردووە و خۆشمان عادەتمان بە لاڕێی سیاسی و تێگەیشتن گرتووە، دەنا مرۆڤی کورد بۆ تاران و ئیسفەهان و مەشەد و ئێرانی ساختە خۆی بە کوشت نەدەدا!

کورد ئەگەر لە سەد و بیست ساڵی ڕابووردوو ئێرانی بایە شارەکانی وەک شیراز و ئیسفەهان و مەشەد و تاران دەبوو، گەورەترین شاری کوردستان کرماشان خەڵکەکەی داهاتی ساڵانەی ناگاتە نیو هێندەی دەرامەتی ساڵانەی کەرج و ئەراک. سەرجەم زانستگاکانی کوردستان ئیمکاناتیان ناگاتە زانستگایەکی ئەوان، مەدرەسەکانی کوردستان بە خەیاڵیش ناگەنە مەدرەسەکانی شوێنی تر.

دەبێ لە خۆمان بپرسین لە سەد و بیست ساڵی ڕابووردوو چمان لە ئێران وەرگرتووە هەتا چاوەڕێی ١٢٠ ساڵی داهاتوو بکەین؟ کورد کام لایەنی سیاسی فارس و ئێرانی تاقی نەکردۆتەوە، کام حکومەت و دەوڵەتی تاقی نەکردۆتەوە، کە ئێستا چاوەڕوانی تاقیکردنەوەی نوێی لە گەڵ کەسانی نادیار و بێ ڕووخسار بێ! چل ساڵ وەشوێن بە ناو ئۆپۆزسیۆن کەوتن، بەرهەمەکەی کامەیە؟ چەپەکانی هاوپەیمانی کورد هانە کوێ؟ شۆڕای گوزار و بێژمار دامودەزگای تر هانە کوێ؟ ئیسلاح تەڵەب و خێلی کوردی ئیسلاح تەڵەب و دامودەزگاکانیان هانە کوێ؟

چل ساڵ کات بۆ یەکگرتن، یەک دەنگی و بەرنامە و ستراتیژی دارشتن هەبوو، چل ساڵ کات و وزە و سەرمایەی یەک میللەت بە فیرۆ چوو. ئێستا نۆرەی خەڵک و دەنگ و بیر و باوەڕیانە. نۆرەی دوازدە ملیۆن کەسە کە خۆیان بریار بدەن. گوێ لە دروشم و ویستیان بگرن. ئەو کەسانەی لە سەر شەقام لە سەر گۆڕەکان بە حزووری هەزاران هەزار کەس شێوە ڕفراندۆم نیشانی هەموومان دەدەن، خاوەن و ڕابەرانی ڕاپەڕینی ژینا بوون و هەن، نە من و تۆی هەندەرانی!

کاتێک مرۆڤی حەفتا ساڵە لە ناوخۆی وڵاتەوە دەبێژێ "ئێمە پێویستمان بە تێگەیشتنی تازە هەیە"، کاتێک لاوێک لە سەر گۆڕی باوکی هاوار دەکات " کوردستان داگیر کراوە"، کاتێک لە سەر گۆڕی ئازیزانی هاوار دەکات"ئێمە بەرئەندازین"، کاتێک کەنیشکی لاو هاوار دەکات"ئەمن کوردستانیم نە ئێرانی"، مانای ئەوەیە خاوەن ڕاپەڕین و کوژراو بڕیاردەرن. ئەم دەنگانە ببیستن، ئەوانە لە مەیدانی شەڕدان، ئەوان ڕژێمیان هەراسان کردووە.

کوردستانی ئەمڕۆ و سبەی هی ئەو منداڵانەیە کە بە بەرد لە بەرانبەر لەشکری ئیسلام ڕاوەستاون. سیاسی و سیاسەتمەدار و خاوەنی کوردستان ئەوانن. ئەگەر وەشوێنیان ناکەوین ڕێگریان نەبین. ئێمە من و تۆ وەدوا کەوتووین، لەوان و لە کات و زەمان وەدوا کەوتووین. ئەوان لە سەدەی بیست و یەکدا دەژین، من و تۆ لە تێگەیشتنی سەدەی بیستدا قەتیس ماوینەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی نوێیە. خەڵک خۆیان بیر دەکەنەوە و ڕۆژانە بیر و هزر و تێگەیشتنیان دەهێننە سەر زمان .ئەوان خاوەن بۆچوونی سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیین.

ڕژیمی ئێران بە پێی لێکۆڵینەوەی دەیان ناوەند و پسپۆڕەکانی لە گەڵ خەڵکی کورد دەجولێتەوە. لێکۆڵینەوەکانی ئێمە لە سەر کۆمەڵگای نوێی کوردستان، لە سەر خەڵکێکی نوێ کە لە سەر شەقامن، لە سەر گۆڕانی بنەڕەتی ئابووری و ژێربینای ئابووری، لە سەر تێگەیشتنی لاو و منداڵ و ژنان کە دەوری سەرەکی دەگێڕن، لە کوێیە؟

کوردستان و "ئێران" لە بارودۆخێکی نوێدا بەرەو داهاتوویەکی ناڕوون دەڕۆن، هیچ کەس و لایەنێک نازانێ چ سناریۆیەک دەبێتە داهاتووی ئەم وڵاتە ساختەیە. دەکرێ تووشی شەڕی ناوخۆ ببێ، دەکرێ تووشی پارچە پارچە بوون بێ، دەکرێ وەک سوریا و شوینی تری لێ بێ. دەکرێ لە خەیاڵدا ببێ بە وڵاتێکی دێموکراتیکی ٢٤ فدراڵی! دەکرێ هیچکام لەوانە نەبێ.

فانتێزی خۆمان نەکەین بە ئەمڕی واقع و سیاسەت، کورد نەکەینە بارمتەی تاران و مەشهەد و ئیسفەهان! ڕێگای خەڵک لە تاران و کوردستان و بەلوچستان و ئازەربایجان و خوزستان و شوێنەکانی تر هەر ئەوەیە کە واقعی ژیانی ڕۆژانەیان نیشانی دەدات، کە گرێدراوی مێژووی هەر کام لەوان و واقعی ژیانی دوێنێ و ئەمڕۆیانە.

کوردستان دەبێ ڕێگای خۆی بگرێتە بەر!

٢٣ و ٢٥ - ١١ - ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(٢٢ - ١٧)




**پرۆپاگەندە و ڕاپەڕینی ژینا**

لە سەردەمی ئەلکترۆنیک و ئینفۆرماسیۆن بە پێی وتەکانی مارشاڵ مەک لوهان "کەمینەکان" داخراو دەهێشترانەوە. لە سەردەمی دیژیتاڵی و بڵاوکردنەوەی بە ملیارد زانیاری لە چرکەدا، داخراوهێشتنەوەی کەمینەکان بۆ هیچ هێزێکی سەر گۆی زەوی نارەخسێ!

مێدیای سەردەم بە شێوە و تەکنیک و شێوازی جیاواز ،کارتێکردنی لە سەر مێشک، لەش، هەست، باوەڕ، تێگەیشتن، بۆچوون و دەروون هەیە و لە خەونیشدا مرۆڤ بەرنادا. جیهانی سەردەم لە ئێمەدا ڕەنگ دەداتەوە و ئێمەش خۆمان لە جیهاندا دەبینیننەوە. ئینسان- ئینفۆرماسیۆن، ئینفۆرماسیۆن - جیهان، جیهان - ماشێن، ئینسان - ماشێن لایەنی پسیکۆلۆژیی و دروونی مرۆڤ دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و هەست و نەست و تێگەیشتنی دادەگرێ.

من لە ڕێگای میدیا، تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، ئینترنێت و بێژمار کەرەسەی تر خۆ لە چوار سووچی جیهان دەبینمەوە و جیهان لە ژوورەکەمدا هەر شەو و ڕۆژ حزووری هەیە. ئاگاداربوونی من لە جیهان و حاڵ و وەزعی سەرگۆی زەوی، چەندە منی تاک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەجولێنێتەوە، کە هاوخەم و هاوکێشەی خەڵک لێرە و لەوێ بم؟ مەک لوهان پێوایە من هەر لە ژوورەکەی خۆمەوە بەشداری خۆپیشاندان، شەڕ و هەموو ڕووداوەکانی جیهان دەکرێم، چ پێمخۆش بێ و چ نەبێ، چ بمەوێ و چ نەمەوێ. دەکرێ منی تاک بە خەستی بکەومە ژێر کاریگەریی پرۆپاگەندە.

پرۆپاگەندە بۆ داگیرکردنی مێشکی مرۆڤ بۆ مەبەستی سیاسی، ئیدئۆلۆژیک و تیجاریی بەکارهێندراوە و ئەمرۆ لە لایەن کۆنسێرنەکان، حکومەت، حزب و دامودەزگای دینی و ئیدئۆلۆژیک بە پاڵپشتی تئۆرسین، لێزان و شارەزا بە خەستی بەکار دەهێندرێ.

لە میانەی شەڕی یەکەم و دووهەم و شۆرشی ئۆکتۆبەر، پرۆپاگەندە لە ڕێگای مێدیاوە پەرەی پێدرا.

ئیسلامیەکانی لایەنگری خومەینی و گرووپی حوجەتیە لە سالانی پاش ١٣٤١ و ٤٢ (١٩٦٣ و ٦٤) لە ڕێگای "سیرە" (کۆبوونەوەی ژنان لە مالان ڕۆژانی پێنجشەممە بە حزووری مەلا بۆ نەوحەخانی)، کۆبوونەوەی قورعان خوێندن لە ماڵان بە حزووری مەلا، کۆبوونەوەی نەوحەخوانی و گوێدان بە کاسێتی خومەینی و هەروەها ڕۆژانی تاسوعا و عاشوورا، پرۆپاگەندەی سیاسی و مەزهەبیان بۆ داگیرکردنی مێشکی کەسان بەڕێوە دەبرد. مەلای شیعە لە خوێندنگە دەرسی قورعان و شەرعیاتیان بۆ پرۆپاگەندە بەکار دەهێنا. حکومەتی پەهلەوی یەکجاریش پێشی بەو کۆبوونەوانە نەگرت.

ڕژیمی ئیسلامی بۆ شەڕ لە کوردستان، شەڕی ئێران و عێراق و بۆ خاپاندنی خەڵکی خۆی و ناوچە و جیهان پرۆپاگەندەی مەزهەبی، ئیدئۆلۆژیک و سیاسی خۆی تێکەڵ بە ئەفسانە، درۆی زل، نمایشی ئایینی دەکرد بۆ ئەوەی هێزی بیرکردنەوەی تاکەکان کوێر کاتەوە.

ڕاپەڕینی ژینا لە ناوخۆ و دەرەوە سیما و ڕوخساری مێدیا و سەرجەم دامودەزگای پرۆپاگەندەی ڕژیمی خستە ڕوو! ڕاپەڕینی ژینا هەروەها دەرفەتێکی کەم وێنەی بۆ کورد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تاک و کۆ و لایەنی سیاسی و دامودەزگای مەدەنی پێکهێنا.

لە پاڵ مێدیای بەرپرسیار، لە گەڵ مێدیای زەرد و مێدیا و سۆسیال مێدیای نابەجێی کورد ڕووبەڕووین، کە بەناوی ڕاپەڕینی ژینا، سوود بە ڕاپەڕین و کورد ناگەینن و لە جیاتی زانیاریی بەخشین، پرۆپاگەندە بلاو دەکەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوان بۆ مەبەستی گرووپی و لایەنی خۆیان دەستکاری ویدیۆ، فیلم و ڕاپۆرتەکان دەکەن و هێندێک مۆر و مارکی خۆیانی لە سەر دەکوتن لە کاتێکدا ئۆرگینالی فیلم و ویدیۆکان لە ئینترنێت و سۆسیال میدیا بوونیان هەیە.

لە ڕێگای مۆنتاژ کارگەلێک دەکرێ کە بینەر و بیسەری ئاسایی لە فێلی مۆنتاژکار ناگات، ئەمە بۆتە شێوەی کاری ڕادیۆ وتەلەڤیزیۆنەکانی فارس لە دەرەوەی وڵات و بەشێک لە سۆسیال میدیای کورد. لەم چەشنە ویدیۆیانەدا ڕوون نییە فلان وێنە و دەنگ هی کام فیلم و کام شوێنە. جار هەیە چەند برگە، فریم لە فیلمی چەند شوێن، چەند شار بەیەکەوە دەلکێندرێن و ناوی شاری تری لە سەر دەدرێ و بینەری ئاسایی هەست بە فێڵی ناو فیلمەکان ناکات.

یەکێک لە شێوەکانی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی سمارتفۆن یان کامێرای بەدەستەوەیە، لە کاتی خۆپیشاندانی مەزن هەموو کامێراکان سەربەست وێنە هەڵدەگرنەوە، بەڵام کاتێ ژمارەی خۆپیشاندەران لە مەیدانێکی مەزن کەم بێ، دەکەوێتە سەر کامێرا بەدەست کە چۆن مامەڵە لە تەک ڕاستی ڕووداوەکە بکات.

لە شەڕی کەنداو وێنە و ڕووداوی نمایشی و ساختە لە میدیای ڕۆژئاوا بڵاودەکرانەوە، کە دواتر لە لایەن هێندێک ژۆرنالیست لە قاو درا.

مامەڵەی تایبەت بۆ مەبەستی تایبەت لە تەک ڕاپەڕینی نەتەوەیەک جیا لەوەی ڕاستبێژانە نییە، سوودی سیاسی بە هیچ لایەنێک ناگەیەنێ. ڕاستبێژی، ڕاست گۆاستنەوەی هەواڵ و ڕووداو یارمەتی ڕاستکردنەوەی هەڵە و کەمتەرخەمی دەدا و بە سوودی ڕاپەڕین و خەڵکە. پرۆپاگەندە، گەورەکردنەوە لەو سەردەمە کە هەر کەس کامێرایەکی بە دەستەوەیە، سوودی بۆ ڕاپەڕینی ژینا نییە، بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات کە جار وبار میدیای بیانی ئامادەیە.

کاتێک لە شوێنێک، گۆڕەپانێک کە بۆ خۆپیشاندانی دەیان هەزارکەس گونجاوە و دەوری سەد، دوو سەد کەس کۆدەبنەوە، مانای ئەوەیە سەرەڕای زەحمەتی ڕێکخەران، گرفت لە کار و ڕێکخستن و ئاگادارکردنەوە و هەڵسەنگاندندا هەبووە. پۆلیس بە پێی زانیاریی ڕێکخەران دەزانێ کوێ بۆ کام ژمارە لە خۆپیشاندەران و ئاکسیۆن گونجاوە.

ڕاپەڕینی ژینا پێویستی بە پرۆپاگەندە نییە، پێویستی بە چەواشەکاری میدیایی نییە، پێویستی بە هەواڵ و بڵاوکردنەوەی ڕاست هەیە بۆ ئەوەی بکرێ لە میدیای جیهان بەکار بهێندرێن، با ئەو کەس و لایەنانەی ئەم کارانە دەکەن بزانن، میدیای جیهان هەر ویدیۆ و هەواڵ و بڵاوکراوەیەک کە دەگاتە دەستیان لیی دەکۆڵنەوە و بێژمار پسپۆڕیان هەیە و ئەم کارە نە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تەنیا هیچ خزمەتێک بە ڕاپەڕینی ژینا و لایەنی سیاسی و مێدیای کورد ناکەن، بە پێچەوانە زیانی گەورە بە خۆیان دەگەیەنن، بە تایبەت کاتێک ئۆرگینالی هەواڵ و ویدیۆ و فیلم لە بەر دەستی خەڵکدا بن!

ڕژێمی ئیسلامی لە ماوەی چل و سێ ساڵ بەڵایەکی بە سەر مێدیای خۆی هێنا، کە ئێستا کەسانی خۆشیان و مێدیای جیهان باوەڕیان پێیان نەماوە. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە مێدیای جیهانی لە ئێران نەماون و سەرجەم ویدیۆ کە هەبێ بەرهەمی خەڵکی ئاسایی و کەسانی شارەزای دوور لە مێدیای جیهانە. با بەرهەمی ئەو کەسانە وەک خۆیان بڵاوکرێتەوە!

بۆ ڕاپەڕینی ژینا ڕەوا نییە کەسان و گرووپ و مێدیا و لایەنی سیاسی کورد، خۆیان ببنە مایە بێ باوەڕی. لە سەر کەسان و مێدیای ئاڵترناتیڤە هەر کارێکی لەو چەشنە لە قاو بدەن بۆ ئەوەی بۆ مەستی هەژارانەی ئەم و ئەو ڕاپەڕینی یەک نەتەوەی بێ مێدیا خەسار نەکرێ.

ڕژێمی ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک خەریکی چەواشەکاریی ڕاپەڕینی ژینایە، ڕەوا نییە خۆشمان بە شێوەی تر هەمان کار بکەین.

کورد لە ناوخۆی وڵات پێویستی بە کەسانی شارەزا لە بواری مێدیا و تەکنیکی مێدیا و فیلم و پێویستی بە گرووپ و دامودەزگای مێدیا هەیە.

ڕۆژهەڵات خەڵکی شارەزای هەیە و ڕاپەڕینی ژینا ئەو دەرفەتەی ساز کردووە، کە دامودەزگای مێدیایی و هەواڵنێری لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساز بکرێ و پەرە بەوانە بدرێ کە هەن.

٢٦ - ١١ - ٢٠٢٢

٢٧ - ١١ - ٢٠٢٢

* وێنەکان خۆپیشاندانی شاری کۆڵن



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

(٢٢ - ١٨)




**دوورەپەرێزی لە مێدیا، سانسۆر و ڕاپەڕینی ژینا**

ئیدەی فاشیسم بە ڕێگای سانسۆری بیر و هزری جیاواز، بەکارهێنانی ڕادیۆ و تەلەڤیزۆنی داخراوی حزبی، خرایە ناو مێشکی خەڵکی ئاڵمانەوە. ڕژیمی پەهلەوی بە ڕێگای سانسۆر، کۆنترۆلی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، سینەما، شانۆ، کتێب و ڕۆژنامە و سازکردنی تاکە حزب، کۆمەڵگا و ڕژیمەکەی خۆی بەرەو هەڵدێر برد .ڕژیمی ئیسلامی زیاتر لە ڕژیمی پەهلەوی سانسۆر و کۆنترۆڵی هەتا ناو بنەماڵە و مێشکی خەڵک کێشا و ئێستا سەرجەم ڕژیمەکەی بەرەو هەڵدێر دەبات. سیستەمی بلۆکی ڕۆژهەلات لە سەدریاندا شۆڕەوی لە ڕێگای تاک حزبی و کۆنترۆل و سانسۆر لە بەر یەک بلاو بووە.

ئەگەر لە سەدەی بیست ئاڵترناتیڤ بۆ کەسی ئاسایی نەبوو، ئێستا هەر تاکێک لە ڕێگای مێدیای خۆیەوە دەتوانێ هەر شت و هەموو شت بلاو کاتەوە. ئەگەر حزب و دەستە و گرووپ و مێدیا و حکومەت و دامودەزگا و بنەماڵە و تاکە کەس هەستیان بە گۆڕانی سەردەم نەکردبێ، لە باشترین حاڵەت، گەمەیان بە کەسایەتی خۆیان و دۆڕاندنی متمانەی خەڵک بەرانبەر بە خۆیان کردووە.

ئەگەر مێدیای ئاڵترناتیڤ بوونی نەبووایە، ڕاپەڕینی ژینا لە بازنەیەکی تەسک دەرباز نەدەبوو. مێدیای چرکە بەچرکەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خێرای تاکە کەسی کە پێنج ملیارد مرۆڤ لە خۆی دەگرێ، قەیرانی بۆ هەموو مێدیای زەبەلاح، حکومەت و حزب و دامودەزگاکان بە پانتای جیهان پێک هێناوە و هەروەها گۆڕانی لە ناو بنەماڵە و هەڵسوکەوتیان بەرانبەر بە یەک پێکهێناوە.

مێدیای فارس، تورک و عەرەب بە درێژایی بوونیان، ئەرکیان شێواندن و وێرانکردنی کەسایەتی مرۆڤی کورد و تواندنەوەی بووە. مێدیای کورد لە بەرانبەر مێدیای هەر سێ وڵات دۆڕاو و ناکارا بووە و خۆی بۆتە بەشێک لە گرفت بۆ کورد. تاکی کورد لە ڕێگای مێدیای کورد لە "مەد تی وی" هەتا ئەمڕۆ، چەندە ئاگا لە خۆ و ئاگا بە خۆ کراوە؟ چەندە کورد و کوردستانی بیر دەکاتەوە؟ چەندە زمان و فەرهەنگ و کەسایەتی خۆی پێش خستووە؟ چەندە خۆی لە مێدیای کورد زماندا دەبینێتەوە و شەو و ڕۆژ چەندە بە دیار مێدیای کوردەوە دادەنیشێ و چەندە زانیارییەکانی لە مێدیای کوردەوە وەردەگرێ؟ چەندە پشتی لە مێدیای ترک و عارەب و فارس کردووە!؟

کورد مێدیای کوردستانی نییە، مێدیای حزب و گرووپ و دەستە، دین و ئیدئۆلۆژی هەیە. ئەم چەشنە لە مێدیا کۆمەڵگا بەرەو دابڕان لە یەک، ئاڵۆزی، چەند بەرەکی و شەڕی لایەنەکان دەبات. بەشێک لە کێشەکانی ناو کۆمەڵگای کورد گرێدراوی مێدیای حزبییە. ئەم چەشنە لە مێدیا لە پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ڕۆژئاوا و بە تایبەت لە ئورووپا ڕێگا پێدراو نییە. مێدیای حزب، ئیدئۆلۆژی، ئایین لە وڵاتانی ئورووپا بوونیان نییە.

مێدیا بە تایبەت ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن دەبێ گشتی و هەمە لایەن بێ، نەک مێدیای فکر و سیاسەت و ئایین و ئیدئۆلۆژی یەک لایەن .مێدیای لەو چەشنە دەبێ ڕەنگدانەوەی هەموو چین و توێژ و لایەنەکانی ناو کۆمەڵگا بێ، بۆ ئەوەی لایەنەکانی ناو کۆمەڵگا بەگژ یەکتردا نەکات و لە هەمان کات بیر و هزر و باوەڕ و فەرهەنگ و کەسایەتی و مافیان پێشێل نەکرێ و هەر لایەنێک دەنگ و ڕەنگ و خۆی لە مێدیادا ببینێتەوە. ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و مێدیای ئینترنێتی و چاپی کورد لەو هەمە ڕەنگییە دوورن.

حزبەکانی کورد لە ناوخۆشیاندا ئەمڕۆیی نیین و تێگەیشتنی سەردەمی ئیدئۆلۆژیک بە سەر حزب و مێدیایاندا زاڵە. لەم چەشنە تێگەیشتنەدا، بیر و بۆچوونی خەڵکی دەرەوەی حزب دەور ناگێڕێ و گەر لە گەڵ تێگەیشتنی ئەوان و بۆچوونی بەرپرسی ئێرە و ئەوێ، نەگونجێ لادەبردرێ. وەک هەموو ئەو کوردانەی لە مێدیای ترک و فارس و عەرەب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کار دەکەن، ئەوان خۆیان لە گەڵ "سیاسەت و ئیدئۆلۆژی" و زۆرجار فەرهەنگی خاوەن مێدیا (نەتەوەی باڵادەست) گونجاندووە. مێدیای کورد هەمان تێگەیشتنی حزبی و مێدیایی فارس و ترک و عەرەب ڕەچاو دەکات. کەسی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەرەوەی خۆیان گەر خۆی گونجاند، جێگای بۆتەوە و گەر نا لە دەرەوە دەمێنێتەوە یان دەکەوێتە بەر تیغی سانسۆر.

ئەم تێگەیشتنە بە پێچەوانەی هەموو وڵاتان و دامودەزگاکانی پێشکەوتووە. حکومەت و مێدیا و حزب خۆیان بە شوێن خەڵکی شارەزا و ڕەخنەگری دەرەوەی خۆیاندا دەگەڕێن بۆ ئەوەی لایەنەکانی کز و لاوازیان بدۆزنەوە. کارخانە و شەریکەکان بە شوێن ئەو کەسانەدا دەگەڕێن کە بەرهەمەکانیان هەڵسەنگێنن بۆ ئەوەی بازاڕی زۆرتر پەیدا بکەن. حزبەکان لە دەرەوەی خۆیان لەو کەسانە دەگەڕێن ئانالیزی سیاسەت و بەرنامەیان لە پێوەندی هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگادا بکەن، بۆ ئەوەی بەرنامە و سیاسەتیان لە ناو خەڵک بەرینتر بێتەوە. حزبی کوردی و مێدیاکانیان ڕێک بە پێچەوانەیە، ئەوان ڕەخنەگرانی ناوخۆشیان دەتارێنن.

ساڵی ١٩٩٦ ناوەندی شانۆی کۆچەر خەریکی وەڕێخستنی ڕادیۆیەکی کوردی بوو کە ڕۆژانە شەش هەتا هەشت کاتژمێر بەرنامە بڵاو کاتەوە، بۆ پەیداکردنی هاوکار کەوتینە گەڕان، بۆمان دەرکەوت کە بە تەنیا لە ئورووپا شەست مێدیاکاری کوردی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنە کوردییەکان بەشی ڕۆژهەڵات لە ئورووپا دەژین. هەتا ئەم ساتە کە ئەم دێڕانە دەنووسرێ، ژمارەی ئەو کەسانە گەلێک زۆرتر بووە، بێ ئەوەی تاکە کەسیان لە مێدیای حزبی ببیندرێن.!

لە کاتی کردنەوەی مەد تی وی لە ئەستانبول و ئامێدەوە هەتا وڵاتانی سکاندیناوی، کانەدا، ئوسترالیا ژورنالیست، نووسەر، هونەرمەند ، شانۆکار، فیلمساز، پسپۆڕی مۆسیقا و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن گەیشتنە شاری کۆڵن بۆ ئەوەی لە تەک مەدی تی وی هاوکاریی بکەن، ئەو چەند تاکە کەسەی لە سەرەتا وەرگیران خۆیان دەرچوون، هێندێکیان بۆ هەمیشە لە هەرچی مێدیای کوردە دوور کەوتنەوە. ئەم چیرۆکە لە کاتی دامەزراندنی تیشک و ڕۆژهەڵات تی وی و ئەوانیتر، دووبارە بووە. لە باشوور هەمان چیرۆک و بەسەرهات هەتا ئێستا بەردەوامە. نەتەوەیەک کە بکەوێتە ژێر مێدیای لەو چەشنە، ئەوەی لێ بەسەر دێ کە لە ڕاپەڕینی ژینا-دا دەبیندرێ. مێدیای کورد زۆرتر لەوەی ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕینەکە بن، بڵیندگۆی خۆیانن بە کەڵکوەرگرتن لە ڕاپەڕین!

هەموو ئەو شەست کەسەی باس کرا، بە پێی ویستی خۆیان لە مێدیای فارس نزیک نەبوونەوە، هەر وەک سەدان هونەرمەند و نووسەر و فیلمساز و کەسی تر، کە مێدیای فارس بە هی خۆیان و بەرژەوەندی نەتەوەکەیان نازانن. مێدیای فارس و ترک و عارەب داپلۆسێنەری کەسایەتی مرۆڤی کوردبوون و هەن و بۆ ئەو مەبەستە لە مرۆڤی کوردیش کەڵک وەردەگرن و کەم نین ئەو کوردانەی خۆیان لەو مێدیاگەلەدا دیتۆتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مێدیای کورد دەبوو ئاڵترناتیڤ و جێگەرەوەی ئەو مێدیا داپڵۆسێنەرانە بن، بەڵام ئەوان ئەو کەسانەش دەتارێنن کە جار وبار دەنگ و ڕەنگیان لە تەلەڤیزیۆنەکانیانەوە دەردەکەوێ. کەس بانگ کراوە، بەرنامەی لەگەڵدا تۆمارکراوە و بڵاو نەکراوەتەوە. کەس بووە خۆی زانیویەتی بابەتە هونەرییەکەی بڵاو ناکرێتەوە، بەڵام بە قسە ڕازی کراوە بەرنامە تۆمار بکات و دوای تۆمارکردن بڵاو نەکراوەتەوە. کات بۆ بەرنامەی زیندوو دیاری کراوە و چەند خولەک پێشتر هەڵوەشێندراوەتەوە و گوتراوە وەدوا دەخرێ و پشت گوێ خراوە. لە ناوەڕاستی بەرنامەی لایڤ بەرپرسی حزب بە ویستی ڕاسپاردەی یەک لە چوار حکومەت، تەلەفوونی کردووە و بەرنامەی ڕاگرتووە. کەس لە ئورووپاوە کێشێراوتە ناو ستۆدیۆ لە باشوور و بەرنامە تۆمارکراوە و بڵاونەکراوەتەوە. بەرنامە تۆمارکراوە، پاش سانسۆڕکردن بڵاوکراوەتەوە و خاوەن و وێژەری بەرنامە پێینەزانیوە. هەمووی ئەوانە بە سەر مرۆڤی کورد نە ترک و عەرەب و فارس لە لایەن دەنگ و ڕەنگی حزبی کوردەوە هێندراوە!

ئەم مێتۆدانە، مێتۆدی مێدیا و فەرهەنگی مێدیایی نییە، فەرهەنگ و مێتۆدی حزب و تێگەیشتنی بەر لە شەڕی دووهەمی جیهانی و شێوەی حکومەتی تۆتالیتێری نادموکراتیکە. کورد کە سەد و بیست ساڵە لە لایەن مێدیای تورک و فارس و عەرەبی عێراقی و سورییەوە سانسۆر دەکرێ، نەدەبوو ئەو فەرهەنگ و مێتۆدانە بەکار بهێنێ. مخابن ڕاپەڕینی ژیناش لە مێدیای کورد وەبەر تیغی سانسۆڕ کەوتووە.

کام هونەرمەند، نووسەر، فەرهەنگساز، پسپۆڕ و شارەزا مەیلی ئەوەی لە سەر دایە لەم چەشنە مێدیا و خاوەن مێدیاگەلە نزیک بێتەوە؟ مخابن ئەو کەسانەش کە شارەزا و تێگەیشتوو و دەستڕەنگین و خاوەن بیر و ئەندام و لایەنگرانی ئەم حزبانەن، لەم چەشنە مێدیایەدا خەسار دەکرێن.

مێدیای تاکەکان لە ڕاپەڕینی ژینا سەرجەم مێدیای حزبیان وەپاش دا و دەوری باڵای خۆیان گێڕا، هەرچەند مێدیای تاکەکانیش ڕێگا چارە و جێگرەوەی مێدیای نەبووی کوردستان نین و پڕ لە کێشە و کێشە خوڵقێن هەن. مێدیای حزبی و تاکەکان نەیانتوانی مرۆڤی کورد لە مێدیای ترک و فارس و عەرەب بکەنەوە، تاکی بێ مێدیای کورد لە هەموو لایەکەوە بۆمباران دەکرێ و سۆسیال مێدیاش بە دەست تاکی کوردەوە ڕێگایەکی جیاوازی نەبڕیوە.

مێدیای حزبی خۆی گرفتە و گرفت خوڵقێن و بەشێکی گرنگ لە گرفتی کورد میدیا دەیخوڵقێنێ. تا ئەو کاتەش کورد لە ڕێگای مێدیای حزبی و گرووپەکانەوە پارچە پارچە بکرێ، سیاسەتی کورد و ماڵی کورد یەک ناگرنەوە! کورد پێویستی بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مێدیای نەحزبی، نە ئیدئۆلۆژیک و نە دینی و نە یەک لایەن هەیە. هەر مێدیایەک بە پیی هەمەڕەنگی ناو کۆمەڵگا هەمە لایەن نەبێ، بە دژی خۆی دەگەڕێتەوە و وێرانکەر دەبێ هەتا دامەزرێنەر.

١٣ - ١١ - ٢٠٢٢

* نووسەری ئەم دێڕانە پێشتر کۆمەڵێک وتار و کتێبێکی لە ژێر سەردێڕی" تلەڤیزیۆن لە نێوان دامەزراندن و داڕزاندن" بڵاو کردۆتەوە، کە لێرە لە زانیاری ئەم کتێبە وتارانە کەڵکوەرگیراوە.

---

**(٢٢ - ١٩)**




**کچانی وڵاتی ژینا**

من بیرەوەری شیرینم لە کچانی وڵاتی ژینا هەیە، چ وەک منداڵی ناو کۆڵان کە بەیەکەوە شەشخان، بازەڵێن، دایە مەدە بە گورگێ و قەرێ قەرێمان دەکرد، چ ئەو کاتەی هاوپۆل بووین، چ سەردەمی سەر سەکۆی شانۆ، ڕۆژانی شاخ و سەکۆکانی دەرەوەی وڵات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کورد ئەگەر نەکەوتبایە ناو ئایین و ئایینی ئیسلام، ژیناکان لە سەدە و هەزارەکانی چوویی خۆیان وەک خۆیان دەردەخست. کوردەکان بە هاتن بۆ میزۆپۆتامیا سروشت و ژیان و خۆیان لە یەک گرێ دابوو، ژن، ژیان، ئازادی ڕەوشی ژیان بوو کە لە هەزارەکانی دواتر بە لاڕێدا بردرا.

شارەکەی ئێمە گچکە بوو، پڕ لە ئاو و دار و باخ و باخات، ماڵێکی گشتی بە شاخ و چیا دەورە دراو بوو. دوو مزگەوت، حەوت فێرگە، چەند شەقام، حەوزێکی گەورە، خوڕێنک، جۆگە. جۆگەلەئاو شەقام و کۆڵان و ماڵانی تێرئاو دەکرد و لە چۆمی یەکتریان دەگرتەوە.

لە هەر شوێنێک ئاو هەبوو، کەنیشک و کێژۆڵان لە بەر تیشکی خۆرەتاو فستیوالی نمایشی ڕەنگیان بەرپا دەکرد، ئەو ڕەنگانەی لە گوڵوگوڵزاری نیشتمان وەرگیرابوون و ئاوێتەی جلوبەرگ و سیمایان ببوون. شار بە کەنیشکەکانیەوە جوان و ڕازاوە بوو، لە هەر شوێنێ ئاو هەبایە ئەوانیش هەبوون، ئەوان ئاو بوون، ڕووناکی بوون. شار پڕ لە ئاو و ڕووناکی بوو . پاییزێکی درانگی تێکەڵ بە کزەی زستان دارشەقە لە بن باخەڵ گەڕامەوە شاری ئاو و ڕووناکی، هەرچەند ڕووناکی لە ماڵی ئێمە باری کردبوو، خۆم لە سەر سەکۆی شانۆ دیتەوە، کە پڕ لە ڕووناکی بوو، لەو شارە بە شانۆکار دەگوترا "لۆتی و جەهەننەمی!"

دایکان خۆیان کچەکانیان بۆ دەورگێران لە شانۆ دەهێنا و ڕووناکی سەر سەکۆ ئەوان بوون و ئێمەی "لۆتی و جەهەننەمی " کەوتبووینە ناو بەهەشتی دوور لە بەهەشتی خودا.

لە شانۆنامەی "سەگێ لە جێ خەرمان" دوو کیژۆڵە و دوو کەنیشک خەڵکی شاریان هەژاند، "شایستە" ئەو کەنیشکەی بە چنگ و ددان پارێزگاری لە خەرمانی ڕەنجی خۆی و بنەماڵەکەی لە حاند مەلا و حاجی سەلەم خۆر و ژاندارم دەکرد، خۆی کچی دایکێکی زەحمەتکێشی تەنیاباڵ بوو، نە مەکتەب و مەدرەسەی دیبوو، نە لە ژیانیدا شانۆ، ئەو دەپاڕاوە کە کچەکەی لە گەڵ ئێمە دوور بگێڕێ.

پەنجا ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە کام شوێنی ئیسلامی، کچ و دایکی وا هەبوو؟ کەنیشک و دایکانی شار شایستە و دایکی شایستە بوون! ئەوان هێزی گۆڕان بوون و تێگەیشتنی خەڵکی شاریان گۆڕی، بیر وبۆچوون و فەرهەنگی داسەپاو و هاوەردەیان گۆڕی. ئەوان ڕێک وەک ئەم ڕۆژانە کە ژیناکان پشتیان بە دایک و بنەماڵەیان دەبەستن کەنیشک و ژنی جیاواز بوون.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوان ژینا و شایستەی سەردەمی خۆیان بوون. ژینا و شایستەکان هەسارە بوون، هەسارەکان لە خوێندنگە دەستیان دایە مانگرتن و شەو تا بەیانی نەچوونەوە ماڵ، نەک لە شانۆ و مانگرتن لە خۆپیشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوەکان هەسارە بوون. ئەوان هەبوون و دەبیندران، چاوی خودا و بەندەکانی نابینا بوون!

ئەو ڕۆژانە کە کوردستان داگیر نەکرابوو هەسارەکان ڕۆشنایان دەهاویشتە ناو ماڵەکان، کتێبیان دابەش دەکرد، لە جەشنوارە بۆ یەکەمجار بە کۆڕی سروود لە شارەکان سروودی کوردیان چری، کە زمانی کوردی بوو بە زمانی شانۆ لە ڕۆژهەڵات بە زمانی کوردی سەکۆ و هۆڵی شانۆیان ڕووناک کرد، کە سەقز و سەردەشت و سابڵاخ و سنە غەرقی خوێن کران ئەوان، ئەوان دەست و چاو و ئامێز بوون و مەڵحەمیان لە سەر برین دادەنا.

فێرگە، شاخ، مەقەڕ و مەفرەزە بەوانەوە ڕووناک بوو. زەماوندیش نوێ و تازە کرابووە، شەق لەو دابونەریتە چەوتەی هاوردەی ئێرە و ئەوێ هەڵدرا بوو، هەتا بە ناوی "ئینقلاب" کوردیان خستەوە دۆخی جارانی خۆیان.

ژیناکانی ئەمڕۆ کە سەدان ناوی شیرینی کوردیان هەیە کەنیشکی نەتەوەیەکی جیاواز بوون و هەن و پشتیان بە مێژووی هەزارەکانی خۆیانەوە قایمە، کە لە بیر کراوبوون و گەڕاونەتەوە و سەرهەڵدەدەنەوە !

٣٠ - ١١ - ٢٠٢٢

وێنە: بەرهەمی سولەیمان فەڕشی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

(٢٢ - ٢٠)




ژن تەنیا جەستە نییە

چاو و برۆ، ئەگریجە ، کوڵم و جوانی ڕوخسار، خانم بۆ ناو ماڵ، هاوسەر بۆ مێرد، دایک بۆ منداڵ، هێز بۆ کار، هاوڕێ بۆ میوانی و جەژن و بەرنامە و بۆنەکان، پەیکەر بۆ هونەر، کەس بۆ ڕێکلام ، ئاکتۆر بۆ درەوشانەوە لە سەر سەکۆ و پەردەی سینەما و شوێنی تر، نابن بە پێناسەی ژن.

ئێمە ڕاهاتووی ئەو کۆمەڵگایانەین کە لە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهان ژن و پیاو لە زۆر بوار یەکسان نابیندرێن و هەتا سەت ساڵ پێش ئێستا مافی دەنگدانیشیان نەبوو. لە سەر گۆی زەوی ژمارەی ژنان لە پیاوان زۆرترە، بەڵام یەک لە دەی پیاوان بەشدار لە بڕیاردان و بەڕێوەبردن نین.

تێگەیشتنی هەزارەکان لە ژن ، کە بە ناوی ئایین زیندەبەچاڵ و بەردەبارانکراون و بە زیندوویی سووتێندراون بنەبڕ نەکراوە. تێگەیشتنی ئەمڕۆ لە مرۆڤ( ژن، منداڵ، لاو)، زیندەوەران، سروشت و ژیان سروشتی نییە.

ژن لە کەلەکەی پیاوەوە نەهاتۆتە دەر، لە بەهەشتی خەیاڵی سێوی لە دار نەکردۆتەوە، هیچ خودایەک بۆ مەڕامی پیاو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ژنی نەخوڵقاندووە. مووسا، عیسا و محەممەد کە بوونە هۆی ئازاری چەند هەزار ساڵەی ژنان و بەردەبارانکردن و زیندەبەچاڵکردن و سووتاندن و بێبەشکردن لە ماف، ئەگەر ڕاسپاردەی خودایەکیش بووبێتن، خوداکەیان لە چەشنی داعش، ئەلقاعدە، حزبوڵا، تاڵیبان و ڕژیمی ئێرانی ئیسلامی بووە.

ژن فریشتە و مەلائیکە و فانتێزی هاو چەشنیش نەبووە و زۆر لەو وێنانەش کە شاعیر و نووسەر و فەیلەسووف لێیان کێشاون نەبوون. ژن و پیاو نەوعێک لە زیندەوەران بوون و هەن.

مرۆڤ کاتێ بە ئازادی و ڕزگاری دەگات کە خۆی لە تێگەیشتنی هەڵە و سەقەت خەلاس کردبێ. ژن و پیاو، منداڵ وەک مرۆڤ ئەگەر لە ڕواڵەتی جەستەدا جیاواز بنوێنن، لە مرۆڤبوون، لێهاتوویی، ماف و بایخ جیاواز نین.

ئەوەی بە ناوی دین، قانوون، فەرهەنگ، کۆمەڵگا، داب ونەریت و بۆچوون ساز کراوە، ڕنگدانەوەی سروشت و سرشتی مرۆڤ نییە. کۆمەڵگای بەجێماو لە ڕابووردوو کە گەیشتۆتە ئەمڕۆ، کۆمەڵگایەکی فەشەلە کە بەرهەمی تێگەیشتنی پیاوە چ وەک خودا، چ وەک مرۆڤی زاڵی سەر عەرد.

ژن، کچ و کوڕ و منداڵ لەو کۆمەڵگایەدا کە پیاو بەناوی خودا، فەلسەفە و بیرکردنەوە، ئایین و قانوون سازی کردووە و خۆشی تێیدا ئازاد نییە، ئازاد نەبوون و مافیان زەوت کراوە و لێهاتوویان بەکارنەهێندراوە و لە ڕێگای دام و دەزگا و سیستەم "ڕاهێندراون"، "عادەت دراون" و "بەکارهێندراون".

ئەم سەدەیە سەدەی قەیرانی ڕابووردووە، سەدەی ڕاستکردنەوەی تێگەیشتنەکان و سەدەی گەڕانەوەی ماف و سەدەی توانەوەی هەموو ئەو فێڵانەیە کە بە ناوی خودا و ئایین و "فەلسەفە"، "زانستی تەرسە" لە مرۆڤ کراوە.

ژن و پیاو و منداڵ پلەی بەرزتر و نزمتر و یەک و دوو و سێیان نییە. بۆچوون و تێگەیشتنی پیاو وەک باوک، هاوسەر، برا، مام و خاڵ و ... چەندە گرنگ یان ناگرنگ بێ، هی منداڵ و ژن و لاو هێندە گرنگ و ناگرنگە.

بێڕێزی، بێ مافی لەو تێگەیشتنەوە دەست پێدەکات کە "ئادەمی" خەیاڵی لە پلەی یەک و "حەوای" خەیاڵی لە پلەی دووهەم دابندرێ. تێگەیشتنی چەوت لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە ژن بە هۆی ژن بوون زیندەبەچاڵ بکرێت، بەردەباران بکرێت و بە زیندوویی بسووتێندرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژن بوون، پیاوبوون، منداڵ و لاو و کچ و کوڕ بوون، دەرفەت و مافە. مرۆڤ بە تەنیا وەک ژن، پیاو، منداڵ، لاو، کچ، کوڕ ئۆبیەکت نییە، کە بە یەک لەوانە بەخشرابێ. مرۆڤ هەم جەستەیە و هەم کەسێکی خاوەن تێگەیشتن. ژن، پیاو، منداڵ و لاو هەر دوو لایەنیان هەیە و خاوەنی هەر دوو لایەنی خۆیانن.

هەرکام لە ئێمە دەکرا ئەویتر بین یان ببین بەوی تر. ئەمە بەو مانایە دێت کە ئەوەی تا ئێستا بە ناوی تێگەیشتن، فەرهەنگ، دین، نۆرمی کۆمەڵگا و تێڕوانیین لە خۆمان بە ناوی ژن، پیاو هەمانبووە، دەتوانێ تەرسە و نادرووست و ناتەبا لە گەڵ بوونی هەر کام لە ئێمە و دەور و ڕۆڵمان بێ و بووبێ. دەکرا تێگەیشتنی ژن و پیاو جیاواز لەوە بایە کە هەبووە، دەکرا دەورەکان و شێوەی ژیان و هەڵسوکەوت جیاواز بایە و ئەوە نەبوایە کە تا ئێستا بووە. ئەوەی بۆتە قەراردادی ژیان دەکرا جیاواز بێ، واتە ئەوە ئینسان خۆی بووە کە خۆی وا بینوە، دەکرێ ئەم تێگەیشتن و بینیینە جیاواز بایە و ژیان بە هەمان شێوە جیاواز.

ڕەنج و ئازاری مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی مرۆڤ خۆیەتی، کە دەکرا وانەبێ! کاتێک دەرکەوتووە تێگەیشتنی چەند هەزار ساڵە و چەند سەد ساڵە کۆمەڵگای نائازادی نابەرابەری ناتەبای لە بەریەک هەڵبڕاوی لێکەوتۆتەوە، مانای ئەوەیە مرۆڤ دەبێ بە سەر تێگەیشتنی چەوتی خۆیدا بێتەوە بۆ ئەوەی گۆی زەوی هی هەموو کەس و هەر کەس بێ.

ڕاپەڕینی ژیناکان لە هەموو جیهان لە ئارادایە و لە ساڵ و دەیەکانی داهاتوو خۆی نیشان دەدا، ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕینی ژینا لە سێ مانگی ڕابووردوو نیشانەی سەرەتایەکی نوێیە و هێدی هێدی لایەنەکانی هزری، فەلسەفی، هونەری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەردەکەوێ.

ئەوەی لە کوردستان لە شێوەی خۆپیشاندان دەرکەوت و گەیشتە ئێران لە ڕۆژئاوا لە بەستێنی فەلسەفە و بیر و هزر لە ئارادا بووە، پێشڕەوانی ژنان و لاوانن و لە هەموو بوارێکدا جێ پەنجەیان دیارە.

منداڵانی ئەم سەردەمە بە درووستی بێزاربوونی خۆیان لە سیستەمی وێرانکەری فێرگە و زانستگا و تێڕوانینی بنەماڵەی سەدەکانی پێشوو دەردەبڕن.

گۆی زەوی و مرۆڤی سەر زەوی کەوتۆتە ڕەوتێکی گۆڕان و بەری پێناگیرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١ - ١٢ - ٢٠٢٢

وێنە" ئە. سەدری

**(٢٢ - ٢١)**




**لاوان و ڕاپەڕینی ژینا**

لە زۆر شوێنی جیهان تێگەیشتن لە منداڵ و لاو سەقەت، هەڵە و لە جێی خۆیدا نییە. منداڵ و مێشکی منداڵ لاپەڕەی سپی نییە، هەر وەک چۆن لە ناو خەڵکی ئاڵماندا وادەگوترێ Ein Kind ist wie ein leeres weißes Blatt .

ئەم تێگەیشتنە ئەم ئیزنە دەدات بە بنەماڵە، کۆمەڵگا و سیستەمی "ڕاهێنانی" وڵاتان, بە پێی تێگەیشتن و بەرنامەی خۆیان ئەم لاپەڕە ڕەش کەنەوە. کاتێک مرۆڤ وەک لاپەڕەی سپی ببیندرێ، مانای ئەوەیە هەتا ئاستی شت "ئۆبیەکت"



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دادەبەزندرێ بۆ ئەوەی بە هەر شکڵ و فۆرمێک دەربێهێندرێ. هیتلێر ئەو کارەی لە گەڵ کۆمەڵێک منداڵ کرد کە بە "منالانی هیتلێر" ناسران.

بە گشتی بە هێندێک جیاوازی لێرە و لەوێ بنەمای تێگەیشتن لە سەر منداڵ ئەوەیە، کە دەبێ، باری بهێنی، تەربیەتی بکەی، ڕایبهێنی بۆ ئەوەی ئەو کەسەی لێدەربێ کە بنەماڵە، کۆمەڵگا و سیستەم دەیەوێ.

کەسێک وەک ماشێن کار بکات، وەک مرۆڤ خۆی لە ناو سیستەمەکاندا ئادابتە بکات و دوبارە و دووبارە بکرێتەوە. سیستەمی جیهانی ئەگەر لە هەموو شوێنێک بە پێی ئەو وتەیەی هێلموت کۆهل سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئاڵمان بجولێتەوە کە گوتی" ئێمەی ئاڵمانی کاردەکەین بۆ ئەوەی بچین بۆ سەفەری ساڵان و دیسان کار دەکەینەوە". ئەمە هەمان تێگەیشتنە کە لە فابریکەکەی باوکی فریدریش ئینگلس لە سەدەی ١٩ کە ئێستا بۆتە موزەخانە دەردەکەوێ کە چۆن بە گرێدانی مرۆڤ بە "کات" و "ماشین" مرۆڤ بەرەو ئەو شوێنەی ئێستای ڕاکێشرا.

لە وڵاتی خۆمان هەتا دەیەکان سی و چلی زایینی سەدەی بیست، کاتێک باوکەکان منداڵەکانیان دەبرد بۆ مەدرەسە، حوجرە و مەکتەب بە "مامۆستا" ، موعەلیمیان دەگوت "فێری کە، گۆشتەکەی بۆ ئێوە و ئێسقانەکانی بۆ خۆم". بەختەوەرانە هەموو خەڵکی وڵاتی ئێمە ئەو تێگەیشتنەیان نەبوو، دەنا ئێستا کوردستان پڕ دەبوو لە کەسانی وەک خامنەی و ڕژیمەکەی کە ڕۆژانە مەیت دەگەڕێنەوە بۆ بنەماڵەکان بە ناوی" ئیرشاد" کردن!

مێشکی منداڵ نە تەنیا لاپەڕەی سپی نییە، بەڵکوو مێشکێکە وەک هەر مێشکێکی تر کە دوو مانگ بەر لە دایکبوون لە ڕێگای دایکەوە لە گەڵ جیهانی دەوروبەر و هەست و نەستی دایکی ئاشنا دەبێ. پاش لە دایکبوون دەبیستێ، دەبینێ و هەست بە دەوروبەری دەکات .منداڵ وەک هەر مرۆڤێک بخوازێ و نەخوازێ مێشکی لە ڕێگای بیستن و بینین و هەست دنیای دەرەوە وەردەگرێ، هاوردەکان بۆ مێشک، دەستەبەندی دەکرێن و بەشی زۆری کە بێ کەڵکە وەک هەر مێشکێکی تر وەلادەندرێ.

هەر منداڵێک لێهاتووە ئەگەر پێش بە هەست و تێگەیشتن و ئازادی نەگیرێ.

منداڵ بیر دەکاتەوە و بە پێی تێگەیشتنی خۆی دەتوانێ وڵامی پرسیاری فەلسەفەشی بە پێی تێگەیشتنی خۆی بداتەوە، گەر مێشکی نەکرابێتە عەنباری خورافات و باوەری ئایینی، فەرهەنگی و دابونەریتی تەرسە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

منداڵ وەک هەر مرۆڤێکی تر کەسێکی کۆمەڵایەتییە و بە پێی لێکدانەوەی خۆی دەجولێتەوە و دەتوانێ هەڵەش بکات، وەک چۆن گەورەکان هەڵە دەکەن. منداڵ زۆر زیاتر لە گەورەکان پرسیار دەکات و بەوەش وەپێش گەورەساڵەکان دەکەوێ، بە تایبەت لە سەردەمی نوێ ئەوان لێزانتر شارەزاتر دەتوانن مێدیای نوێ و ئینترنێت بۆ خۆگرێدان بە ناوەندەکانی زانیاری و زانستی بەکار بهێنن.

ڕاست بە پێچەوانە لاپەڕەی ئەوان سپی نییە و گەر پێشیان پێنەگیردرێ و لە حەز و خوزیا و تێگەیشتنی خۆیان دوور نەخرێنەوە، باشتر لە گەڵ خۆیان و کۆمەڵگا و ژیان و دەوروبەر دەجولێنەوە، گەر دایک و باوک و بنەماڵە ئەوان نەکەن بە کۆپی خۆیان و گەر سیستەم کەسایەتی قەڵبیان لێ ساز نەکات.

ئەو گرفتەی کە لە سەرەوە باس کرا گرفتی گشتی و بگرە جیهانییە و لە هەر شوێن و ناو کۆمەڵگا و فەرهەنگی جیاواز بە شێوەگەلی جۆربەجۆر هەیە. ڕاپەڕینی ژینا کۆمەڵگای منداڵ و لاوی کوردستانی خستە بەر چاوی جیهان، ئەوەی لە خۆپێشاندان و ئاکسیۆن و دەبڕینی بۆچوون و هەست و تێگەیشتن نیشان درا، نیشاندەر و دەربڕینی بوونی منداڵ و لاوانی پێشڕەو کچ و کوڕ لە وڵاتی ئێمەیە.

ئەوان بۆ گەیشتن بە ئازادی تەنیا لە گەڵ هێزی نیزامی، ئەمنیەتی، ئیداریی، ئیدئۆلۆژیک، "پەروەردە"ی ڕژیم ڕووبەڕوو نین، بەڵکوو لە گەڵ بنەماڵە، کۆمەڵگا، فەرهەنگ و دابونەریت و ئایین و ئیدئۆلۆژی و "پەروەدە" و تێگەیشتنی هەموو ئەو لایەنانە ڕووبەڕوون، هەروەها لە تەک هێزی سیاسی کورد کە ئەوانیش ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای کۆن و نوێی کوردستانن.

ڕژیمی ئیسلامی لایەنەکانی هاوبەشی "خۆی و کورد" کە لە فەرهەنگ و دابونەریت و ئایین و هەلسوکەوتی بنەماڵەکان و کۆمەڵگا و تێگەیشتنی مرۆڤی کوردەوە، وردەکەوێ، دەناسێ و بەکاریان دەهێنێ بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد و بنەماڵەکان لە ناوەوە و لە لایەنی کۆمەڵایەتی و کەسایەتییەوە وێران بکات. ئەم هاوبەشییە دوژمنی مرۆڤی کورد لە ناو خۆیدایە و ڕێگرە لە بەر ڕاستکردنەوەی کەسایەتی. ڕاپەڕینی ژینا لەم لایەنەوە زیانی بەرکەوت هەرچەند لێرە و لەوێ بنەماڵەکان لە پشتیوانی لە لاوان بە تایبەت کەنیشکەکان دەوریان گێڕا.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا کوشتنی جەستە و گیانبەختکردن بە شانازیی وەردەگیرێ، بەڵام وێرانکردنی دەروون لە لایەن ڕژیمەکان لە ڕێگای دەستدرێژی بۆ سەر کەس، خۆی و بنەماڵەکەی کە یەک لە چەپەڵترین جنایەتەکانە، وەک جنایەت وەرناگیرێ و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەدواداچوونی بۆ ناکرێ و بگرە بنەماڵە و کەسەکە بەرەو بێدەنگی دەبات. رژێم جل وسێ ساڵە ئەم کارەی کردووە و وەک کەرەسەی سیاسی بەکاری هێناوە بە بێ ئەوەی تووشی گرفتی جیددی بێتەوە.

ئەوە هەمان گرفتە کە لە رۆژئاواش هەبووە و هەیە کە ئەستۆی کڵێسە و پیاوانی ئایینی دەگرێتەوە و قوربانیانی ئەم جنایەتانە کە سەدەکان بێدەنگ بوون، ئیتر بێدەنگ نین و کڵێسە و پێاوە ئایینییەکان دەکێشرێنە بەر دادگاکان و مێدیا لە حاندیان بێدەنگ نابێ.

راپەرینی ژینا لە گەڵ ئەم شێوە لە جنایەت کە قوربانیانی لاوان بوون ، رووبەرووە. ئەم بابەتە لە لایەکی تر پێشێلکردنی مافی مرۆڤە و دەبوو وەک کەیس بکەوێتە بەر دەم دامودەزگاکانی کوردستان و جیهان و هەروەها ریسواکردنی رژێم لە مێدیای جیهان و لە هەمانکات کەیسە بۆ بەردەم جەنایەت دژی مرۆڤایەتی.

لاوەکان لاپەرەی سپی نین، ئەوان لاپەرەی رەنگین و ئەمرۆیین، کە رووبەرووی رژێمێکی درندە بوونەتەوە کە ئازادی و سەربەستیان بەربەست دەکات و لە رێگای سیستەمی بە ناو "پەروەردە" و سیستەمی نیزامی و ئەمنیەتی و چاوەدێریی جەستە و دەروونیان دەکات.

بنەماڵەکان، کۆمەڵگا، هێزەکانی سیاسی، نوخبە هەموو دەبوو هاورێ و پاڵپشتی راپەرینی لاوەکان بن نەک خۆیان لە سەرووی ئەوانەوە ببینن، ئەوان وەک هەر مرۆڤێکی دیکە ئەمرۆیی، لایەنگریی گفتوگۆ و دانووستاندنن و ئەوەش بە سوودی هەموو کۆمەڵگای کوردستانە بۆ ئەوەی لەم لایەنەشەوە خۆی لە ژێر هێژمۆنی و داگیرکاریی دەروونی گرێدراو بە فەرهەنگ و تێگەیشتنی نەتەوەی سەردەست، رزگار بکات.

گەورەکان و کۆمەڵگا دەتوانن زۆر شت لە کەنیشک و لاو و منداڵ فێربن، ئەوان زەینی گەورەکان فراوانتر دەکەنەوە، گەر خۆمان لە جەغزی هەزارەکان رزگار کەین و پێموا نەبێ منداڵ لاپەرەی سپییە و دەبێ بخرێتە بەر دەستی مەلا بۆ ئەوەی وێرانی بکات بە ناوی "پەروەردە" یان بیخەینە بەر دەستی رژێم بۆ ئەوە دوازدە ساڵ شازدە ساڵ بیست ساڵ تێکی بدات و مرۆڤێکی تر بداتەوە بە کۆمەڵگای کوردستان!

لاوان بەرپرسیاری گەورەی مێژوویییان کەوتۆتە ئەستۆ و ئەزموونی نوێی خۆیان تێکەڵ ئەزموونی لاوانی جیهان دەکەن و گرنگترین ئەرک ئەوەیە خۆیان رێک بخەن. رێکخستنی لاوان خۆیان، نەک گرێدراو بە ئایین و ئیدئۆلۆژی و دەوڵەت و حزب



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

و گرووپی سیاسی. ئەوان دەبێ نوێنەری خۆیان و کۆمەڵگای خۆیان بن لە پێوەندی لە تەک ڕێکخراوەکانی جیهانی منداڵان، لاوان، ژنان.

ئەم گرێدراویە منداڵ و لاو و ژنی کورد لە بازنەی تەسکی حکومەتەکانی چوار دەوڵەت دەربازدەکات و کۆمەڵگای ئێمە هەم بەرەو پێش دەبات و هەم پرسەکان جیهانی دەکرێن. منداڵ و لاو و ژنی کورد لە ڕێگای ڕاپەڕینی ژینا بۆتە دیاردەیەکی جیهانی، ئەم دیاردەیە دەبێ جێبکەوێ و هەمیشەیی بێ.

٧ - ١٢ - ٢٠٢٢

---

## (٢٢- ٢٢) بەشی کۆتایی




**لە کوێوە بۆ کوێ**

لە ماوەی چل و سێ ساڵی ڕابووردوو گۆڕان بە سەر وەزعی سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، زانستی و ئاڵوگۆڕی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زانیاریی-دا هاتووە و مرۆڤ لە جیهانی ئەلکترۆنیکەوە بەرەو جیهانی دژیتاڵی گۆستراوەتەوە و جوغرافیای سیاسی گۆڕانی بە خۆیەوە دیوە. سیستەمی ئابووریی سیاسی ئیدئۆلۆژیکی سۆسیالیستی ڕمیاوە و سیستەمی سەرمایەداری لە قەیرانێکەوە بەرەو قەیرانێکی تر قەڵەمباز دەدا. پرسەکانی جیهان و ئینسان نەتەنیا چارەسەر نەکراون بەڵکوو گرفتی نوێ زیاد کراون .

ساڵی ۱۹۸۰ چوار ملیارد و چوارسەد ملیۆن مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی دەژیان ئەمڕۆ هەشت ملیارد مرۆڤ حەولی ژیان دەدەن. کورد لە بیست ملیۆنەوە سەر لە پەنجا ملیۆن دەدا و دوو بەشی گەورەی وڵاتەکەی کە زۆرینەی کورد لە خۆی دەگرێ لە ژێر دەستی داگیرکەراندا ماوەتەوە و دوو بەشەکەی تری بە سەدان داوی دیار و نادیارەوە گرێدراوی داگیرکەران ماوەتەوە.

لەم کورتە بابەتەدا دەرفەت نییە خۆمان لە سەر تەرازووی هەڵسەنگاندن ببینینەوە کە لە کوێوە بۆ کوێ چووین یان نەچووین و لە جێدا ماوینەتەوە. بەڵام ئەگەر دووڕ بگەڕێینەوە لە سەدەی شازدەوە بەردەوام لەت لەت کراوین و خۆشمان خۆمان لەت لەت کردووە و بەردەوامین لە لەت لەت کردن! ستراتێژی کورد پاش کۆماری کوردستان(مەهاباد) و کۆماری سوور(لاچین)، بە بێ بیر لێکردنەوە وەلانندرا.

پرۆسەی تووانەوە لە هەر چوار بەشی کوردستان لە فۆرم و شێوەی جیاواز چ بە بەرنامەی حکومەتی و چ بە مەیلی بنەماڵەکانی کورد و تاک خۆی بەری پێنەگیراوە و ئێرانی- تورکییلی- عێراقی- سووری بوون وەک " ناسنامەی کورد" بۆتە ئەمری واقع و هەموو لایەنەکانی ژیان لە خۆ دەگرێ.

لە ئاستی جیهانیش پاش پێکهاتنی هەرێمی کوردستان و خۆبەڕێوەبردنی ڕۆژئاوا، کورد لەو دوو بەشە "عێراقی – سووری" ماونەتەوە.

بە ڕەسمی ناسینی سیاسی و دەوڵەتی ڕووی نەداوە و هەر دوو شوێن حاڵەتێکی دوفاکتۆیان پەیداکردووە کە قورسایی سیاسی و دیپلۆماسی و نیزامی و ئابووریی لە دەستی حکومەتی ناوەندیدا ماوەتەوە. ئەوەی هەیە دەستەڵاتی ئیداری حزبی و بنەماڵەکانە کە ئەمەیان بابەتێکی تایبەتە بۆ لێدوان، کە لێرە جێگای نابێتەوە. هەر مرۆڤێکی ئەم دوو بەشەی وڵات لە دەرەوەی سنووری خۆیان عێراقی و سووری ماونەتەوە.

ڕۆژهەڵات و باکوور لە لایەنی سیاسی تووشی چەشنێک لە بونبەست بوون. هێزی سیاسی کورد لە خەیاڵی سیاسی خۆیاندا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوو وڵاتی دیموکراتیک دەخوازن کە ئەوان بەشێک لە دەستەڵات بن و نەتەوەکەیان بە دیمۆکراسی بگات. بێخیاڵ لەوەی کە ئەم دوو وڵاتە ئەگەر بە زۆری هێزی دەرەکی وەک باشوور و ڕۆژئاوا گۆڕانی بەسەردا بێت، تووشی چارەنووسی هاوشێوەی عێراق و سووریا دەبن.

کام دانووستاندنی کورد و حکومەتی ناوەندی لە سەدوبیست ساڵی ڕابووردوو جگە لە تیرۆری ڕابەران و بەربەستکردنیان و بەردەوامی ترۆر ئاکامی بۆ کورد بووە؟ بەناوبانگترین دانووستاندن لە نێوان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕژیمی ئێران، ترۆری عەبدولڕەحمان قاسملو و هەواڵانی لێکەوتەوە. دانووستاندنی حزبی کرێکارانی کوردستان و عەبدوڵا ئوجەلان لە تەک ڕژیمی تورکیا، بەربەستی زۆرتری لێکەوتەوە!

لە سەر بنەمای تێگەیشتنی ئیسلامی، تێگەیشتنی پانفارسیسم، پان عەرەبی و پان تورکیسم کە لە هەر چوار وڵات لە تەک ئیسلام گرێدراون، تۆوی دیموکراسی، مافی مرۆڤ و مافی یەکسانی شین نابێ.

گرێدراوی عەرەبیسم و ئیسلام، فارسیسم و ئیسلام، تورکیزم و ئیسلام بە مانای گرێدراوی دوو ئیدئۆلۆژییە کە "نەتەوەی تر" لە ناو خۆیدا قەبووڵ ناکات. ئیسلام بە بوونی قورعانەکەی دیموکراسی و مافی مرۆڤی لێ بەدیی نایات، هەر کام لەو سێ نەتەوەیەش قورعانی نەتەوەی خۆیان هەیە کە جگە لە فارس و عەرەب و تورک باسی تری تێدا جێگا نەبۆتەوە.

ترک ٦٠٠ ساڵ کاتی هەبوو مافی کورد وەک خۆی ببینێ، فارس و عەرەب هەزاران ساڵ کاتیان هەبوو مافی کورد وەک مافی خۆیان ببینن، بە پێچەوانە ئەوان ستراتێژی تووانەوەی کوردیان بردە پێش، کە زۆریش تێدا سەرکەوتوو بوون. ئەوان تێگەیشتنی شۆۆنیستیان لە ناو میللەتانی خۆیان کردۆتەوە جەماوەری.

تورگوت ئۆزال سەرۆککۆماری تورکیا لە دواساڵەکانی ژیانی درکاندنی کوردە، سەرۆکی حزبی کۆمۆنیستی عێراق و سوریا کورد بوون، سەرۆکی بەرەی میللی ئێران کورد بوو، بەشێک ل بەرپرسانی باڵای حزبی بەعسی سوریا و عێراق و بەشێک لە وەزیرەکانیان کورد بوون، لە دەرباری شاهەنشای ئێران کورد هەبوون. هیچکام لەوانە مانای سیاسی بۆ کورد نەبوو. ئەو کەسەی لە ناو سیستەمەکەدا خۆی دەتوێتەوە، ڕەنگدانەوەی کیانی نەتەوەی سەردەستە، نەک ڕەنگدانەوەی کەسەکە خۆی. هەر نووسەر، شاعیر، هونەرمەند، سیاسەتمەدار، وەزیر، وەکیلێک لە دایک و باوکی کورد بووبێتن، مانای ئەوە نییە، بوونی بۆ کورد بووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ڕۆژهەڵات و باکوور بە ملیۆنان کورد مووچەبگیری سیستەمی تاران و ئانکاران کە بەرنامە و سیاسەتی هەر دوو ڕژیم جێبەجێ دەکەن. ئەگەر ڕژیمی ئیسلامی ئێران لە و سێ مانگەدا ئەو هێزەی لە کوردستان نەبایە، ڕاپەڕینی ژینا ئێستا وێنەیەکی تری دەبوو. هێزەکەی ڕژیم تەنیا شوکلات فرۆش و چەکدار و مەلاکان نەبوو.

ڕاپەڕینی ژینا درێژەی "ڕاپەڕینە نیوەچڵ بەجێهێشتراوەکانی" پێشوو بوو، لە هەمان کات نوێ بوو، بەڵام لەم ڕاپەڕینەشدا نوێ و کۆنە بە باشی یەکیان نەگرتەوە و لە کێبەرکێدا بوون. واتە ئێمەی کورد پرۆسەی قووڵبوونەوە لە خۆمان و ساخکردنەوەی خۆمان وەک یەک پەیکەری یەک نەتەوە نەبڕیوە.

ئەرمەنی و جوو کە نزیکترین نەتەوە لە لایەنی ژنێتیکی بە کوردن، ئەم پرۆسەیان بڕیوە و ئێستا کیانی خۆیان هەیە.

ئێمەی کورد هەتا ئەو کاتەی لە ڕاپەڕینێکەوە بۆ ڕاپەڕینێکی تر لە شۆڕشێکەوە بۆ شۆڕشێکی تر بە بێ وڵامدانەوە بە بنەڕەتیترین پرسیارەکان، مل بنێین، مێژوومان دووبارە کردۆتەوە.

کارەساتی قەتڵۆعامی جولەکە لە میانەی شەڕی دوو هەم لە ئاڵمان و ئورووپا ئەوانی لە خەوی هەزارەکان ڕاپەڕاند و تێگەیشتن داهاتوویان نابێ، ئەگەر واز لە تێگەیشتنی پێشوویان نەهێنن. حەوت کەسی بەرپرسیار تێگەیشتن و پرۆژەی نوێ وستراتیژی نوێیان دارشت و هەموو هێزی مادی و مانەوەی، زانست و لێهاتووی نەتەوەکەیان وێک خستەوە و کارێکیان کرد، کە مێژوو کەمتر بەخۆیەوە بینیبووی. ئەوان دەبوو بۆ گەیشتن بەو ڕۆیان دوێنی بیریان کردبایەتەوە.

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە ڕاپەڕینی ژینا و ژیناکان کە بەردەوام پێویستی بە خۆتازەکردنەوە هەیە، بە ئاکامی خۆی ئەگات و ڕژیمی ئیسلامی کە تەنیا هێزی نیزامی لە حاڵەتێکی شپرێودا بەدەستەوە ماوە، ڕۆژ و ڕژگاری دوایی دێ، پرسیار سەرەکی بۆ دە ملیۆن کوردی ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە بەرەو کام ئامانج و کام ستراتیژی و کام داهاتوو دەچێ؟

قسەم مابوو، بەڵام لێرە نووکی خامە....

بە هیوای دیدار

٩ - ١٢ - ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر

کۆ کردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧٢٢ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com